


■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
tel: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
ماجید نووری

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
هێمن غەنی
شێبان فەرهاد
قانیع کاکەیی

■ گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
ڕۆشنە عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر
کەمال ئاکرەیی

■ پەیوەندییەکان
ئەیوب کوردی

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mobil: 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com
Mobil: 07504349426
Ayoob_kurde@yahoo.com

ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulan-media.com




«دەوڵەت
دواجار ڕزگارکردنی
شوناسی گشتییە
لە پەرتبوون و گرێی
دەروونی کەلە کەسێتی
گەلێکی بێدەوڵەت دا
لە منداڵێکی بێ باوک
دەچێ»



نەوزاد جەمال

جلێک لەسەوزە!






# شەقڵاوە لەلایەنی گەشتیارییەوە بۆ کوردستان گرنگە بۆیە پێویستی بە ئاوڕلێدانەوەی زیاتر هەیە



## هێدێستی وایەرلەیسی سۆنی



## ئایا زیاد کوڵاندنی ئاو زیانبەخشە؟



نەرمین کاوانی:

## بەهۆی نەبوونی کاری باش خەریک بوو کاری دۆبلاژ بکەم



فرمێسک مستەفا:

## باشترە داهاتی فیستیڤاڵەکان لە نۆژەنکردنەوەی هۆڵەکاندا خەرج بکرێت



کانیاو یاسین:

## گەورەترین کێشە نەبوونی یاریگای تایبەت و پێداویستیەکانە لەیاریی گۆڕەپان و مەیدان






# ڕووبەڕووبوونەوەی دیکتاتۆر و ڕێگرتن لە سەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆریەت

## دیکتاتۆر تەڵەکانی خۆی لەناو پرۆسەی دانوستاندندا دەشارێتەوە

((ئایا گەلان چۆن دەتوانن ڕێگری لە سەرهەڵدانی دیکتاتۆری بکەن و بەسەر دیکتاتۆرەکاندا زاڵ بن؟ ساڵانێکی زۆرە ئەم پرسە بۆتە جێگەی بایەخی سەرەکی من، ئەم بایەخدانەشم لەوە سەرچاوەی گرتووە کە نابێت مرۆڤایەتی بەهۆی ڕژێمە دیکتاتۆرەکانەوە ملکەچ و سەرکوت بکرێت، بۆیە ئەم بایەخدانەم بەرەنجامی خوێندنەوەمە بۆ بایەخی ئازادی مرۆڤایەتی و سروشتی سیستمە دیکتاتۆرەکان.. لێرەوە و لەسەرچاوەی بایەخدانەکانم و پسپۆریمەوە، هیوایەک لەناخمدا ڕسکاوە بەوەی ڕێگەیەک هەیە بۆ ڕێگرتن لە زۆرداری، هەروەها ڕێگەیەک هەیە، دەتوانرێت بەبێ ئەوەی پەنا بۆ ڕەفتاری هاوشێوەی دیکتاتۆرەکان ببرێت، بەسەرکەوتوویی خەبات دژی دیکتاتۆرەکان بکرێت و بەسەر دیکتاتۆریەکاندا زاڵ بین، هەروەها ڕێگەش نەدەین سەرلەنوێ دیکتاتۆری تازە دروست بێتەوە. لێرەدا گرنگە ئەوە لەبەرچاومان بێت ئەگەر دوای ڕووخانی ڕژێمێکی دیکتاتۆری دەستەیەک پێگەی خۆی بچەسپێنێت، ئەوا ئاڕاستەی سیستمە سیاسیەکە دەگۆڕێت بۆ سیستمێکی زۆر هەمەجی، زۆر خراپتر لەڕژێمی پێشوو، سەرەنجامیش ئەم دەستەیە کە وەک حکومێکی تازە دەرکەوتوون و خەڵک هیوای پێیانە، هەموو ڕەفتارێک دەکەن بەبێ ئەوەی ڕەچاوی دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ بکەن.. زۆرجار بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سیستمە دیکتاتۆرییەکان، هەندێک کەس لەخەباتی دیموکراتی ماندوو دەبن و دەگەنە ئەو دەرەنجامەی، دەبێت لەگەڵ دیکتاتۆرەکان ڕێکبکەون، ئەمەش وەک ئەوەیە ئەو کەسانە گەیشتبنە ئەو قەناعەتەی ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرییە تا هەتا هەتایە هەر دەمێنێتەوە، هەربۆیە کاتێک هیچ هەلێک بوونی نابێت بۆ چەسپاندنی دیموکراتی، ئەو خەڵکانەی کە بڕوایان بەوتووێژ هەیە لەگەڵ دیکتاتۆرەکان، هیوادەخوازن بەڕێگەی وتووێژ و سازشکردن ئەوەی پێیان دەکرێت ڕزگاری بکەن و سنوورێک بۆ ڕەفتارەکانی دیکتاتۆر دابنێن، ئەم ڕێگە چارەیە تەنیا لەیەک حاڵەتدا دەکرێت پێی ڕازی بین، ئەو حاڵەتەش ئەو کاتەیە کە هیچ ڕێگە چارەیەکی دیکەی واقیعی بوونی نەبێت.. ڕاستە وتووێژ ئەگەر لەکاتی گونجاودا بێت و پرسە سەرەکیەکان لەمەترسیدا نەبن، ئامڕازێکی گرنگە و ناکرێت بۆ چارەسەری هەندێک کێشەی هەمەجۆر فەرامۆشبکرێت یان ڕەتبکرێتەوە، بۆ نموونە چارەسەرکردنی کێشەی مانگرتنی کرێکاران و زیادکردنی مووچەکانیان بەڕێگەی یاسایی و لەرێگەی سەندیکاکانی کرێکارانەوە، بەڵام ئەم کێشەیە لەگەڵ بەردەوامبوونی دیکتاتۆریەت جیاوازە کە بونیادی ئازادی و سیاسیی لەمەحەک دەدات، هەربۆیە بەشێوەیەکی گشتی کاتێک ئەو مەسەلانەی کاریگەریان لەسەر مەحەکی ئازادی مرۆڤایەتی و پێشکەوتنەکانی ئاییندەی کۆمەڵگە هەبێت، ئەوا وتووێژ یان دانوستاندن نابێتە ئامرازێک بۆ گەیشتن بەچارەسەرێک کە هەموو لایەکی پێ ڕازی بێت، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە لەم دانوستاندنانەدا ناکرێت سازش لەسەر هەندێک مەسەلە بکرێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا تەنیا ڕێگە ئەوەیە کە دەبێت وەرچەرخان لەهاوسەنگی هێز بۆ بەرژەوەندی بزاڤە دیموکراتیەکان بێتە ئاراوە، بۆئەوەی بتوانرێت پرسە سەرەکیەکان بپارێزرێت، ئەم وەرچەرخانەش لەهاوسەنگی هێز بۆ بەرژەوەندی دیموکراتخوازان بەدوورخستنەوەی دانوستاندن وەک ئامڕازێک لەگەڵ دیکتاتۆر ڕوودەدات)).


جین شارب

## ڕووخانی دیکتاتۆرەکان و مەترسی سەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆری نوێ

ئایا بەڕووخانی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان، قۆناخی بونیادی دیموکراتی دەست پێدەکات و سەرکەتوو دەبێت؟ یان دوای ڕووخانی دیکتاتۆرەکان مەترسی سەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆرێکی تازە دەست پێدەکاتەوە؟ ئەم پرسانە مەسەلەی گرنگی هەموو قۆناخێکی ڕاگواستنن کە لەدوای ڕووخانی ڕژێمە دیکتاتۆرەکانەوە دێنە ئاراوە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی کە هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێت و بەڕێگەی هەڵبژاردن دیکتاتۆرێکی دیکە سەرهەڵدەداتەوە، سەبارەت بەم لایەنە و سەختی قۆناخی بونیادنانەوەی سیستەم و وڵات دوای ڕووخانی دیکتاتۆرەکان، پرسیارمان لەپرۆفیسۆر سەمت گانگۆلی ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی ئینديا کرد کە پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر پرسی کەلتوور و شارستانیەکان، سەبارەت بەم پرسە بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و گووتی: (بونیادنانی دیموکراسی دوای ڕووخانی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان زۆر زەحمەتە و کارێکی ئاسان نییە، هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوەیە کەلتووری سیاسیی دیموکراسی بوونی نییە و، بونیادی کەلتوورێکی سیاسی دیموکراتی و چەسپاندنیشی پێویستی بەکات هەیە، هەربۆیە دیکتاتۆرییەت میراتێکی قورس لەپاش خۆی جێدەهێڵێت و بەزاندنی ئەو میراتەش بەو ئاسانییە نییە. هەروەها ئەو ڕۆشنبیرییە سیاسیەی لەسایەی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان دروست بووە، دیموکراسی تەنیا لەچوارچێوەی سندوقی دەنگداندا بچووک دەکاتەوە، بەڵام سندوقی دەنگدان تەنیا یەک پێکهاتەیە لەپێکهاتەکانی دیموکراسییەت و چەندین پێکهاتەی دیکە لەخۆدەگرێت وەکو میدیای ئازاد و نواندنی ڕێز لەبەرامبەر مافی کەمینەکان و پاراستنی مافی ڕادەربڕین لەگەڵ دانپێنان بەمافی مەدەنی و هەروەها پێویستە هەندێک کۆت و بەند هەبێت لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکاری، ئەم هەموو لایەنانەیش تەنیا لەڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادەوە گرەنتی ناکرێت، لەبەرئەوەی هەڵبژاردنەکان تەنیا پێکهاتەیەکە لەپێکهاتەکانی سیستەمی دیموکراسی. هەربۆیە بەداخەوە هەمیشە ئەو مەترسییە هەیە کە ئەو کەسانەی کە لەڕێگەی سندووقەکانی دەنگدان بگەنە دەسەڵات ئەگەری ئەوەی هەیە ئەو کەسانە

**زۆرجار بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سیستەمە دیکتاتۆرییەکان، هەندێک کەس لەخەباتی دیموکراتی ماندوو دەبن و دەگەنە ئەو دەرەنجامەی، دەبێت لەگەڵ دیکتاتۆرەکان ڕێکبکەون**

واتێبگەن کە ئەو دەنگدانە تەنیا بۆ یەک جارە، بۆیە پێویستە دەنگدەرەکان وریابن و بزانن دەنگ بەکێ دەدەن و کێ دەگەیەنن بەدەسەڵات لەبەرئەوەی ئەگەر بێت و دەنگ بەکەسانێک بدەن کە تەنیا مەبەستیان هەبێت بۆ گەیشتن بۆ دەسەڵات لەڕێگەی سندووقەکانی دەنگدان و پاشان مافی خەڵکانی دیکە فەرامۆش بکەن، ئەوە ئەوکات ئەو شتە دەبێت بەتراژیدیایەکی گەورە، هەربۆیە من هیوادارم ئەم دیاردەیە لەعێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوونەدات. بەتایبەتی ئەگەر لەعێراق ڕووبدات، ئەوا بێگومان ئاکامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە لەسەر ناوچەکە، لەبەرئەوەی ئەگەر هات و دیموکراسییەت لەعێراق شکستی هێنا ئەوکات دەبێتە بەربەستێك لەبەردەم بزاو و هەوڵی دیکە بۆ چەسپاندنی دیموکراسییەت لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا)).

کەواتە ئەوەی پرۆفیسۆر سەمت گانگۆلی جەختی لەسەر دەکاتەوە، هەوڵێکی جددی دەوێت بۆ سڕینەوەی میراتی دیکتاتۆری، ئەو میراتەی قوربانی دەکاتەوە جەلاد و هەروەها لایەنێکی سیاسیی ئۆپۆزسیۆن کە پێشتر خۆی دژی دیکتاتۆری خەباتی کردووە، ئێستا کە گەیشتۆتە دەسەڵات هەمان هەوڵی تاکڕەو مەیلی دیکتاتۆری تێدا دروست بۆتەوە یان هەوڵدەدات خۆی

**دانوستاندن لەسەر پرسە سەرەکییەکان و مەحەکی ئازادی مرۆڤایەتی و ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان و پرانسیپەکانی دیموکراتی ناکرێت**

وەك دیکتاتۆر بسەپێنێتەوە، بۆیە لەم حاڵەتەدا گرنگە هەوڵی بزاف و لایەنە دیموکراتخوازەکان بۆ ئەوە بێت، وەك جین شارب دەڵێت، بەشێوازی ناتوندوتیژی بەبێ ئەوەی ڕەفتاری هاوشێوەی دیکتاتۆرەکان دووبارە بکرێتەوە هەوڵبدەن ئەو پرسە سەرەکیانەی پەیوەستن بە بنەماکانی دیموکراتی و ئەو ڕۆڵەی لەدەستووردا بۆ بزاف و لایەنە دیموکراتیەکان دەستنیشانکراوە بپارێزن و لەخەباتی دیموکراتیانە بۆ ڕێگرتن لەلادانی پرۆسەی دیموکراتی ماندوو نەبن، ڕاشکاوانەتر نابێت هێز و لایەنە دیموکراتخوازەکان لەسەر ئەو پرانسیپانەی دەبنە مەحەکی ئازادی و مافە سیاسی و مەدەنیەکان سازش بکەن، یان ئەو پرانسیپە سەرەکیانە لەمەترسیدا بن و بەهیوای ئەوەبن بەوتووێژ و کێشەکان چارەسەر بکرێت، ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا ڕەوشی ئێستای عێراق لەبەر چاوبگرین و هەڵوەستەیەك لەسەر ئەو تەنگژەیە بکەین کە ئێستا لەنێوان سەرۆك وەزیرانی عێراق و بەشی زۆری پێکهاتەکانی عێراق دا هەیە، هەست دەکەین لەنێو هەموو لایەنەکاندا هەڵوێستی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ڕاستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی لەعێراق و ڕێگرتن لەبەلاڕێدا بردنی پرۆسەی دیموکراتی عێراق، هەڵوێستی ئەو سەرکردە دیموکراتیەیە کە لەخەباتکردن لەپێناوی پاراستنی ماندوو نابێت و ئەو ئیرادەیەی هەیە کە دەتوانێت بەشێوازی دیموکراتی و ناتوندوتیژی ڕووبەڕووی ئەو هەوڵانە ببێتەوە کە مەبەستیانە لەڕێڕەوی پرۆسە دیموکراتیەکە لابدەن، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا کاتێك باسی دانوستاندن و وتووێژ دەکرێت لەنێوان سەرۆك وەزیران و پێکهاتەکانی دیکەی عێراق بەلیستی هاوپەیمانی کوردستانیشەوە، ئەوا لێرەدا و سەبارەت بەشێوازی ئەم وتووێژە دوو پرسی گرنگ دێتە ئاراوە کە بریتین لە:

١- ئایا پێکهاتەکانی دیکەی عێراق لەناویشیاندا هاوپەیمانی کوردستانی دەتوانن سازش لەسەر کام پرس بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ سەرۆك وەزیران ڕێکبکەون؟

٢- ئایا ئامانجی سەرۆك وەزیران چییە هەتا لایەنەکان بتوانن قبوڵی بکەن؟

ئەگەر لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستە بکەین و بە وردی لێی وردبینەوە و سەیری هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستانیش بکەین

لەسەر زاری بەڕێز فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی کە لەدیمانەیەکی کوردستان تیڤی ئاماژەی پێکردووە و دەڵێت: (ئێمە نە مەبەستمان بانگێشتکردن بووە نە لێسەندنەوەی متمانە، مەبەستمان جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنانەبووە کە کردوومانە.. ڕێککەوتنی هەولێرمان هەیە کە بەو ڕێککەوتنە (مالیکی) بوو بەسەرۆك وەزیران، (مام جەلال) بوو بەسەرۆك کۆمار، (ئوسامە نوجێفی) بووە سەرۆکی پەرلەمان، بەپێی ئەم ڕێککەوتنە کە بە دەستپێشخەری جەنابی سەرۆك بارزانی بوو، ئێمە دووەم دەوڵەتی عێراقمان دامەزراند.. هەروەها ڕێککەوتنی هەولێر تەنیا دانانی ئەو سێ سەرۆکایەتیە نەبوو کە وا خرایە ڕوو، هەریەك گەیشتە کورسی خۆی و سەرۆکایەتی خۆیان جێگیر کرد، بۆیە کەس بەدوای ئەو لایەنانەی ڕێککەوتنەکە نەچوو کە پێوەندی بەعێراقیەکان و کوردستانیەکانەوە هەبوو، بەڵام پارتی و سەرۆك بارزانی بەشوێن ئەمە کەوتن، ئەمە یەکێك بوو، دووەمیان ئێمە گوتمان ڕێککەوتنێکی دووقۆڵی لەنێوان ئێمە و حزبی دەعوەدا هەیە کە مالیکی خۆی وەك سەرۆکی حزبی دەعوە لەگەڵ جەنابی سەرۆك بارزانی ئیمزای کردووە، ئێمە داوامانکردبوو بگەڕێینەوە بۆ هاوپەیمانی نیشتمانی، هەروەها بۆ ڕێککەوتنەکەی هەولێر و گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنە دوو قۆڵیەکە، بەڵام گوێنەدانی هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقی بەڕێککەوتنەکان و نەزانینی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم داخوازیانە، هەروەها نەبوونی یەکسانی، هۆکارێك بوو کە مالیکی تێبکەوت و هەم هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقیش کە نوێنەریان سەرۆك وەزیران، بەدەنگ داخوازییەکانی هاوپەیمانی کوردستان و هاوپەیمانیەکانی خۆیان نەهاتن، لەبری ئەمە هاتن لەچیایەکی بەرزەوە سەیری شوێنێکی نزمیان کرد، ئەمەش هەڵەیەکی ستراتیژی بوو).

ئەوەی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو دیمانەیە ئاماژەی پێکردووە، وروژاندنی چەندین پرسیارە کە لەناوەرۆکی وەڵامەکەیدا دەیدۆزینەوە، ئەویش ئەو پرسیارەیە ئایا هاوپەیمانی کوردستانی یان لایەنەکانی دیکە بەهاوپەیمانی نیشتمانی عێراقیشەوە کە ئێستا بەرنامەیەکیان بۆ ڕیفۆرم ئامادەکردووەو بەنیازن شاندێکیان سەردانی هەرێمی کوردستان بکات،



ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە وەك سكرتێری دیوانی سەرۆكایەتی هەرێم بەدەزگاكانی ڕاگەیاندنی ڕاگەیاندووە، ڕەفتارەكانی سەرۆك وەزیران گەیشتۆتە ئەو ئاستەی كە هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقیش(ئیئتیلافی شیعەش) پێی قبوڵ ناكرێت، بۆیە لێرەوە دەكرێت، ئەو پرسە سەرەكیانەی كە سكرتێری مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان جەختی لەسەر دەكاتەوە، وەك (پابەندبوون بەدەستووری عێراق، پابەندبوون بەتەواوی خاڵەكانی ڕێككەوتنامەی هەولێر، پابەندبوون بەو ڕێككەوتنە دووقۆڵیانەی لەنێوان هاوپەیمانی نیشتمانی و هاوپەیمانی كوردستانیدا ئیمزا كراون)، ئەمانە ئەو پرسیارانەن كە دەبێت هەموو پێكهاتەكانی عێراق بەلیستی هاوپەیمانی

## گوێنەدانی هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقی بەڕێككەوتنەكان و نەزانینی مامەڵەكردن لەگەڵ داخوازیەكان و نەبوونی یەكسانی، هۆكارێك بوو كە مالیكی تێیكەوت

نیشتمانی عێراقیشەوە بەمەحەكی پاراستنی دیموكراتی و ئازادی لەعێراقدا سەیر بكەن و، نوری مالیكی سەرۆك وەزیرانی عێراقیش پابەندبوونی خۆی بەم پرانسیپانەوە ڕابگەیەنێت بۆئەوەی بتوانرێت بەهەموو لایەك پرۆسەی سیاسی عێراق بخرێتەوە سەر سكەی خۆی، هەربۆیە ئەگەر بەرنامەكەی هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقیش ئەم پرسە سەرەكیانە لەخۆی نەگرێت و نەیكاتە مەرجی پێشوەختە بۆ گەڕانەوەی سەرۆك وەزیران بۆ پابەندبوون بەڕێككەوتنەكان و دەستووری عێراقەوە، لەم حاڵەتەشدا كە ئامانجی تەواوی پێكهاتەكان لەسەرووهەمووشیانەوە هاوپەیمانی كوردستانی، جێبەجێكردنی ئەو دەستووریە كە عێراقی نوێ دەكاتە دەوڵەتێكی فیدرالی و دیموكراتی، بەگەڕانەوەی نوری مالیكی بۆ دەستوور كلیلی چارەسەركردنی كێشەكان جارێكی دیكە دەدۆزرێتەوە، بەڵام ئەگەر دانوستاندن یان وتووێژ بەو مەبەستە بێت كە سازش یان نەرمی نواندن لەسەر پرسە سەرەكیەكان بێت بەتایبەتیش جێبەجێكردنی ڕێككەوتنەكان كە جێبەجێكردنی دەستووری عێراقە، ئەوا دیسان دووبارەی دەكەینەوە، وەك بیرمەندی جیهانی جین شارب ئاماژەی پێكردووە، دانوستاندن لەسەر پرسە سەرەكیەكان و مەحەكی ئازادی مرۆڤایەتی و ئازادییە سیاسی و مەدەنیەكان و پرانسیپەكانی دیموكراتی ناكرێت، تەنیا ڕێگەیەك كە بتوانرێت هێز و لایەنە عێراقیەكان، عێراقی نوێی پێ بپارێزن دەبێت دووركەوتنەوەبێت لەو وتووێژ و دانوستاندنانەی كە پرسە سەرەكیەكان بۆ بەرژەوەندی تاكە كەسێك و تاكە لایەنێك دەخاتە ژێر پرسیارەوە، لەم حاڵەتەدا هێزە عێراقیەكان كە ناتوانن لەسەر ئەم پرسانە هیچ نەرمی و سازشێك بكەن، جارێكی دیكە ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبنەوە، ئایا ئامانجی سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق چییە هەتا پێكهاتەكانی دیكەی عێراق بتوانن قبوڵی بكەن؟ پرسیاری لەمە گرنگتر ئەوەیە ئەگەر ئامانجی بەردەوامبوون بێت لەسەر تاكڕەوی و پاوانكردنی دەسەڵات، ئایا هیچ پێكهاتەیەكی عێراقی بەهاوپەیمانی نیشتمانیشەوە كە لیستی سەرۆك وەزیران بەشێكە لەو هاوپەیمانیە دەتوانن قبوڵی بكەن؟ ئایا ئەگەر قبوڵی بكەن، عێراق ناگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دیكتاتۆری و خۆسەپێنی؟ بۆیە ئەم پرسیارانە بەرەو ئەوەمان دەبات كە ڕازی بوون بەدانوستاندن بەبێ گەڕانەوە و پابەندبوونی كردەیی سەرۆك وەزیران و هاوپەیمانی نیشتمانی بەدەستوورو ڕێككەوتنەكانەوە، عێراق بەرەو ئاییندەیەكی تاریك و بەلاڕێدابردنی دیموكراتی دەبات.

سەبارەت بەم لایەنە كە باس لە بەرنامەی چاكسازی هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقی دەكرێت، د.شاكر كتاب سەرۆكی حزبی كاری نیشتمانی عێراقی و ڕاوێژكاری وەزیری بەرگری عێراق لەلێدوانێكی تایبەتیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە لەسەر ئەم وەرەقەی چاكسازییەی هاوپەیمانی نیشتمانی بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (دیمەنە سیاسییەكەی ئەمڕۆ زیاتر جۆرێك لەسڕبوونی بەخۆیەوە بینیووە، ئەمەش واتە ئێمە لەنێوان دوو قۆناغی قەیرانێكی دیاریكراوداین، قۆناخی یەكەم كە داواكاری هەبوو بۆ سەندنەوەی متمانە لەمالیكی، قۆناخی دووەم ئەو وەرەقەی چاكسازییە كە هاوپەیمانی نیشتمانی خستویەتەڕوو بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای ئەو وەرەقەیە چاكسازی بكرێت و، بانگەشە هەیە بۆ دیالۆگ و جۆرە وەڵامدانەوەیەك هەیە بۆ ئەو دیالۆگە بۆمەبەستی دانوستان لەسەر وەرەقەی چاكسازی ئەنجامبدرێت، بەڵام ئەو وەڵامدانەوەیش پەیوەستە بەچەند مەرجێكی دیاریكراو لەلایەن زۆربەی لایەنەكانەوە، ئێمە ئەمڕۆ لەناوەندین لەنێوان قۆناغی پێشوو و قۆناغێكی نوێ، بەڵام باوەڕناكەم لەقۆناغی نوێدا بتوانین بەئاسانی كێشەكان چارەسەر بكەین لەبەرئەوەی ڕیشەی قەیرانەكانی قۆناغی ڕابردوو هەر دەمێنێ و پێموایە كە پێوەندییەكان و كەشوهەواكە دووبارە گرژی بەخۆیانەوە دەبینن بەتایبەتی لەبەرئەوەی نامتمانەیی هەیە لەبەرامبەر ئەو دیالۆگە و وەرەقەی چاكسازییەكان...و تاد.

ئەوەی ڕاستی بێت من داوامكرد وەرەقەی چاكسازییەكە لەلایەن لێژنەیەكی نیشتمانی

## ڕازی بوون بەدانوستاندن بەبێ گەڕانەوە و پابەندبوونی كردەیی سەرۆك وەزیران و هاوپەیمانی نیشتمانی بەدەستوورو ڕێككەوتنەكانەوە، عێراق بەرەو ئاییندەیەكی تاریك و بەلاڕێدابردنی دیموكراتی دەبات

گشتگیر ئامادەبكرێت و نەك قەتیسكراوی خودی هاوپەیمانی نیشتمانی بێت بەتەنیا، هاوپەیمانی نیشتمانی هەڵستاوە بەدەركردنی وەرەقەی چاكسازی كە پەیوەستدارە بەچارەسەركردنی بارودۆخی سیاسی كە خودی خۆی بەرپرسیارە لەگەیشتنی باری سیاسیی وڵات بۆ ئەو بارە، لەگەڵ تێبینی و بەرهەڵستكارییەكان لەبەرامبەر سیاسەتی هاوپەیمانی نیشتمانی و شێوازی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی كاروبارەكانی دەوڵەت، هەربۆیە بەڕای من ئەوە شتێكی نادروستە كە هاوپەیمانی نیشتمانی هەڵستێت بەدەركردنی كاغەزی چاكسازییەكان، بەڵكو خۆی لەخۆیدا پێویستە ئامادەكردنی كاغەزەكە لەڕێگەی كۆنگرەیەكی نیشتمانی ئەنجام بدرێت هاوشێوە لەگەڵ ئەو كۆنگرەیەی كە فەخامەتی سەرۆك كۆمار بانگەشەی بۆ كرد بۆ سازدانی و بەرنامەكەی كە بریتی بوو لە٨ خاڵ، ئەم كۆنگرە نیشتمانییە ئەگەری هەیە كاغەزێكی چاكسازیی تەواوی لێ دەرچێت و بكەوێتە ئەستۆی



سەمەت گانگۆلی بۆ گوڵان:

## دیکتاتۆرییەت میراتێکی قورس لەپاش خۆی جێدەهێڵێت و بەزاندنی ئەو میراتەش بەو ئاسانییە نییە

بەرپرسیارەتیی هەموو لایەنە سیاسییەکان کە لەکۆنگرەکەدا ئامادە دەبن. لەلایەکی دیکە کە پەیوەستە بەچۆنیەتی پیادەکردنی دیموکراسی لەعێراقدا، من پێموایە هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی کەلتووری دیموکراسی و عورفێکی ڕاستەقینەی دیموکراسی لەعێراق، ئێمە لە وڵاتێکین تازە لەدیکتاتۆرییەت دەرچووین و هێشتا هەر ڕووحییەتی بەرهەڵستکاری و زاڵبوون لەسەرمان ماوە، تاکو ئەمڕۆیش هێشتا هەر خولیای ئیمتیازات و دەسەڵاتین، ئەمڕۆ هەموو ململانێکە لەسەر دەسەڵاتە نەك لەسەر بەرنامەیەکی نیشتمانی، ململانێکان لەنێوان بەرنامەی نیشتمانی و بەرنامەی دیکەی نانیشتمانی نییە، بەڵکو ئەمڕۆ هەموو مەسەلەکە پەیوەستە بەدەسەڵات و ئیمتیازات و ئەمەیش لەئاکامدا پاڵ بەدیموکراسییەت دەنێت بەرەو دواوە، لەلایەنێکی دیکەوە زۆربەی خەڵك و زۆربەی سەرکردەکانی پرۆسە سیاسییەکە بانگەشە بۆ دیموکراسییەت دەکەن و واخۆیان پیشاندەدەن کە باوەڕیان بەدیموکراسیەت هەیە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەو کەسانە نە دیموکراسین و نە باوەڕیان بەدیموکراسیەت هەیە، بەڵکو وشەی دیموکراسییەت بۆتە درووشمێك بانگەشەی پێدەکەن، دڵنیام ئێوەیش دەبینین کە هەندێك لەپارتە سیاسییەکان — لەسەردەمی سەددام-ەوە — بانگەشەی ئەوە بۆخۆیان دەکەن کە گوایە ئەوان دیموکراسین و ئەمڕۆیش ئەوانن کە لەدەسەڵاتن و ئەوان ئێستا بەشێکی کاران لەدیمەنە سیاسییەکە لەعێراق و تاکو ئەمڕۆیش هەر بەخۆیان دەڵێن کە گوایە ئەوان دیموکراسین، بەڵام ئەوان لەڕاستیدا نە دیموکراسین و نە پێوەندییان هەیە بەدیموکراسییەت و تەنانەت هەر هیچ باوەڕێکیشیان بەدیموکراسییەت نییە)).

### میکانیزمە دیموکراتیەکان بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتە

پێناچێت ئەو پێکهاتە و لایەنە سیاسیانەی کە دەیانەوێت پرۆسەی سیاسی و سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەعێراقدا بگێڕنەوە سەر سکەی خۆی، هێندە نائومێد بووبن کە بەهەموو داواو ڕەفتارەکانی سەرۆك وەزیران ڕازی بن، یان پێشوەختە و بەبێ هیچ مەرجێك بەدانوستاند و وتووێژ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ڕازی بن، هۆکاری سادەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە کێشەکانی عێراق بەکێشەی هەرێم و تەواوی عێراقیشەوە بەگەڕانەوە بۆ ئەو دەستوورە چارەسەر دەکرێت، کە میکانیزمی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی لەعێراقدا ڕێکخستووە، هەر ئەم میکانیزمەش دەسەڵاتی سەرۆك وەزیران دیاری دەکات و ماف بەهەرێم و پارێزگاکان دەدات بۆئەوەی ئەو دەسەڵاتانە پیادەبکەن کە دەستوور بۆی دیاری کردوون، بۆیە لەم لایەنەوە، لەبەر ئەوەی گەڕانەوە بۆ دەستوور دەبێتە مەرجەعی سەرەکی بۆ هەموو پێکهاتەکان، ئەوا هەر ئەو دەستوورەش ئەو میکانیزمەی داناوە کە پەرلەمان دەتوانێت سەرۆك وەزیران بانگهێشتی بەردەم پەرلەمان بکات و لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات و هەتا داواش بکات متمانەی لێ بسەنرێتەوە یان متمانەی پێ بدرێتەوە، هەربۆیە ئاستەنگ دروستکردن بۆ ئەم میکانیزمە دیموکراتیانە و بانگێشە کردن بۆ وتووێژ بۆئەوەی کێشەکان چارەسەر بکرێن، ئەوا مانای ئەوەیە سەرۆك وەزیران دەیەوێت لەناو پرۆسەی وتووێژ و دانوستاندنەکاندا ئەو تەڵانە بشارێتەوە کە هێز و لایەنەکانی دیکەی عێراق بەشەرعیەتی دەسەڵاتە تاکڕەوییەکەی خۆی ڕازی بکات، سەبارەت بەم ڕەفتارە تاکڕەویانەی هەندێك سەرکردە لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو و قۆناخی ڕاگواستن بۆ بەرکارهێنانی شەرعیەتی زۆرینە بۆ خۆسەپێنی و تاکڕەوی پرسیارمان لە د.ئامی فۆرستەر ڕۆتبارت مامۆستای زانستی سیاسەت لەزانکۆی نیویۆرك کرد و بەمجۆرە سەبارەت بەم پرسە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و گووتی: (دیکتاتۆرییەت هەموو هەوڵێکی دەخاتەگەڕ



د.شاکر کتاب بۆ گوڵان:

## ئێمە لە وڵاتێکین تازە لەدیکتاتۆرییەت دەرچووین و هێشتا هەر ڕووحییەتی بەرهەڵستکاری و زاڵبوون لەسەرمان ماوە

لەپێناو کۆکردنەوەی زیاترین دەسەڵات لەنێو گرووپێکی بچووك یان ئەو دەستەبژێرەی خۆی مەبەستێتی. ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی ڕۆڵی گروپەکانی دیکە لەکۆمەڵگە لاواز بکات، دامەزراوەو حکومەتە لۆکاڵەکانیش بۆ بەرژەوەندی حکومەتی ناوەندی دەسەڵاتیان سنووردار دەکرێت و بوار نادرێت دەسەڵاتەکانی خۆیان پیادەبکەن، بەڵام دیموکراتی پەیوەستە بەتوانای تاکەکان بۆ خۆڕێکخستن بۆمەبەستی هێنانەدی خواستەکانیان و ئاراستەکردنی داواکارییەکانیان بۆ حکومەت و بە بەرپرسیارکردنی حکومەت. هەروەها هەڵبژاردنەکان لایەنێکی گرنگی دیموکراسییەتن، جوانی ئەم سیستمە لەوەدایە کە پرۆسەکە بەکاربهێنرێت بۆئەوەی سەرۆکی حکومەت لەبەردەم هاووڵاتیاندا بەرپرسیار بکرێت، ئەمەش واتە تۆ دەتوانی سەرۆك دەربکەی لەپۆستەکەی کاتێك کە ئەگەر هات و مومارەسەی ئەرکەکانی نەکرد، بەڵام دیموکراسییەت تەنیا پێویستی بەهەڵبژاردنەکان نییە، بەڵکو پێویستیی بەشتی زیاتر لەوە هەیە بەوشێوەیەی کە پێویستی هەیە بەدابینکردنی مافی سیاسی و ئازادی مەدەنی و ڕێگەدان بەهاووڵاتیان بۆ ڕادەربڕین و خۆڕێکخستن بۆمەبەستی پێکهێنانی ڕای گشتی و ئاڵوگۆڕی ڕا و بۆچوونەکانیان. ئەگەر لێرەوە سەیری پرۆسەی سیاسی عێراق بکەین، ئەوا هەست دەکەین ئەو کەسانەی کە پێشبینیان دەکرد عێراق دیموکراسییەتێکی خێرا بەخۆیەوە




## د.ئامی فۆرستەر ڕۆتبارت بۆ گوڵان:

# ئەو کەسانەی کە پێشبینیان دەکرد عێراق دیموکراسییەتێکی خێرا بەخۆیەوە ببینێت تەنیا لەسەر بنەمای هیوا و ئومێد بیریان دەکردەوە

ببینێت تەنیا لەسەر بنەمای هیوا و ئومێد بیریان دەکردەوە، دیموکراسییەت پێویستیی بەکات هەیە تاکو بچەسپێت و پەیوەستە بەهەوڵ و کۆششی ناوخۆیی لەناو وڵاتەکەدا هەتا دیموکراسییەت بەشێوەیەکی ڕاستەقینە بچەسپێت، ڕاستە دەستێوەردانی نێودەوڵەتی دەتوانێت دیکتاتۆر برووخێنێت، بەڵام لەتوانایدا نییە دیموکراسییەتێکی بەواتا بونیادبنێت، پێموایە ئەمڕۆ خەڵکی لەناوچەکە دانیانپێناوە بەو دیموکراسییەتە دەستکردەی کە لەلایەن کارئەکتەری دەرەکییەوە سەپێندراوە، هەربۆیە دڵنیانیم لەوەی گەر ئاییندەی دیموکراسییەت لەناوچەکە لەژێر هەڕەشەیە یان نا. بەهەرحاڵ، نموونەکانی عێراق و میسر و وڵاتانی دیکە کە بزاوی گۆڕانخوازیان تێدا سەریهەڵدا بینیمان دیموکراسییەت بەخێرایی ناچەسپێت و هەڵبەتە پرۆسەکە چەندین پاشەکشە بەخۆیەوە دەبینێت تا ئەو کاتەی گۆڕانکارییەکی دیموکراسیی بەواتا بچەسپێت)).

ئەوەی خاتوو ئامی ئاماژەی پێدەکات ئەوەیە کە ئەو دیموکراتیەی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ مانەوەی لەدەسەلات دەیەوێت بەشەرعیەتی زۆرینە پێناسەی بکات، ڕوویەکی دیکەی هەیە کە دەبێت بتوانرێت سەرۆك وەزیران بەرپرسیار بکرێت و تەنانەت متمانەشی لێوەربگیرێتەوە، بەڵام کاتێك لایەنێکی پرۆسەکە کە لەبەرژەوەندی کەسی دەسەڵاتدارداییە وەردەگرێت و ئەوەی کەسی دەسەڵاتدار بەرپرسیار دەکات و لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکات فەرامۆش دەکرێت، ئەمە مانای وایە ئەو کەسە یان سەرۆکی وەزیران ئامادە نییە پرانسیپەکانی دیموکراتی جێبەجێ بکات، بۆیە لەم حاڵەتەدا ئەرکی لایەن و پێکهاتە سیاسیەکانی دیکەی عێراق دەبێت کە بتوانن ئەو میکانیزمە بەکاربهێنن بۆ ئەوەی بیسەلمێنن دەتوانن لێپرسینەوە لەگەڵ سەرۆك وەزیران بکەن، سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراق و هەوڵەکان بۆ چۆنیەتی ڕێکخستنەوەی پرۆسە سیاسیەکە پرسیارمان لە موفید جەزائیری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراقی کرد و ئەویش سەبارەت بەم بارودۆخە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و گووتی: (یەکێك لەهۆکارە سەرەکییەکانی کە بارودۆخی سیاسی ئەمڕۆی گەیاندۆتە ئەم قەیرانە، ئەوەیە کە ئێمە پابەند نین بەدەستوور لەڕووی پرەنسیپی بەهاوولاتیبوون، مامەڵەکردنمان لەگەڵ عێراقییەکان لەسەر بنەمای توانا و لێهاتوویی و شیاوی و دڵسۆزییان نییە بۆ دەوڵەت، بەڵکو لەسەر بنەمای دڵسۆزییانە بۆ تایفە و حزب، لەڕووی مامەڵەکردنیان لەگەڵ عێراقییەکان بەرژەوەندییە گشتی و باڵاکانی وڵات لەبەرچاو ناگیرێت، ئەمەیشە سەرچاوەی بەڵاکەیە، هەتا پرەنسیپی بەهاوولاتیبوون پیادە نەکرێت و یەکسانی وەدی نەیەت لەنێوان عێراقییەکان لەڕووی مافەکان و پابەندەکان — کە لەدەستووردا هاتووە — ئەوە هەرگیز ناتوانین دیموکراسییەت بونیاد بنێین، هەروەك پێشتریش باسمکرد پێویستە شێوازی مامەڵە لەگەڵ عێراقییەکان لەسەر بنەمای توانا و کەفائەت و شارەزایی و دڵسۆزی و نەزاهەت و دەستپاکی بێت، تەنیا لەدیموکراسییەت ئەم جۆرە شتانە دێتەدی. لەلایەکی دیکە نامتمانەییەکی کۆن لەنێوان چەند لایەن و هێزێکی سیاسی هەیە، بەڵام دەتوانرا لەو بەربەستە دەربازمان بێت گەر وەدەستهێنانی بەرژەوەندیی گشتی ئامانجی هەمووان بوایە، ئەگەر ئێمە بەرژەوەندییە گشتیەکانمان بخستایە سەرووی بەرژەوەندییە تایبەتەکان ئەوە ئەو نامتمانەییە قووڵتر نەدەبوو و گومان و بەربڵاونەدەبوو، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە من وا هەست دەکەم — ئەمە بۆچوونی شەخسی خۆمە — بۆنموونە من وا هەست دەکەم کە لایەنی بەرامبەر مەبەستی هەیە دەست بەسەر هەموو شتەکان




## موفید جەزائیری بۆ گوڵان:

# تا پرەنسیپی بەهاوولاتیبوون پیادە نەکرێت و یەکسانی لەنێوان عێراقییەکان لەڕووی مافەکان و پابەندەکان وەدی نەیەت ئەوە هەرگیز ناتوانین دیموکراسییەت بونیاد بنێین

دابگرێت و من فەرامۆش بکات، هەربۆیەیش لەئاکامدا لەیەکتری دەترسن، ئێوەیش دەبینن کە چۆن ناتوانن پێکەوە دانیشن و تەنانەت گەر پێکەوەیش دانیشتن ئەوە ناتوانن لەسەر شتێك ڕێککەون، هۆکاری ڕێکنەکەوتنیان چیە؟ هۆکارەکەی ئەوەیە کە هەر یەکێکیان تەنیا بیردەکاتەوە لەخۆی و حزبەکەی و کەس بەرژەوەندییەکانی وڵات ناخاتە سەرووی بەرژەوەندییەکانی خۆی، ئەگەر من بەرژەوەندییە گشتییەکانم لەسەرووی بەرژەوەندییەکانی خۆم ڕابگرتایە و لایەنی بەرامبەر لەو ڕاستییە تێبگەیشتایە ئەوکات دەمانتوانی بگەینە لێکتێگەیشتن، دەمەوێ ئەوە بڵێم کە دەروازەی ڕزگاربوون بریتییە لەگەڕانەوە بۆ پرەنسیپی بەهاوڵاتیبوون و پیادەکردنی لەگەڵ ڕێکخستن و بونیادنانی هەموو شتێك لەسەر بنەمای بەهاوڵاتیبوون لەبەرئەوەی پرەنسیپی بەهاوڵاتیبوون وەکو هاووڵاتییەك ڕێز بۆ کەسی عێراقی دەرەخسێنێت بە لەبەرچاونەگرتنی ڕەگەزی هاووڵاتی تەنانەت گەر شیعە بێت یان سوننە یان کورد یان عەرەب یان تورکمان، ئیسلامی بێت یان عەلمانی، ئەوە ئەوکات هەموویان یەکسان دەبن لەبەرئەوەی کەفائەت و نەزاهەت و دڵسۆزی دەبن بە بنەمای سەرەکی)).

# ڕێخۆشکەرەکانی دروستکردنی دەوڵەت:

# فاکت و پاڵنەرەکان



نەوزاد جەمال*

بۆ گولان نووسیوویەتی

بیرۆکەی دەوڵەت دەبێتە (پارادایمێک) نموونەیەکی تر لەخەباتی نەتەوەیی بۆ کوردانی پارچەکانیتر کە ئەوانیش هەنگاوی زیاتر بنێن لەبەدەستهێنانی مافەکانیان

بزاڤی سیاسی کورد بەزۆربەی ڕەنگەکانیەوە «هەمیشە» لەبەردەم پرسی دەوڵەتدا لەنێوان بانگەشەو پاشەکشەدابووە. بەردەوام لە دۆخی بەرخۆدان و بەرهەڵستکاری و بەرەودان بەگیانی خۆپارێزیدا، پەنای بۆ دروشمی سەربەخۆیی و دەوڵەت بردووە. لەکاتی دانوستان و چوونەسەرمێزی گفتوگۆو ڕووبەڕوو لەگەڵ نەیارو دوژمنانی داگیرکەرو هێزەجیهانیەکاندا، هەستی بەهەڵەو هەڵەشەیی کردووە، پێی وابووە هەڵگرتنی دروشمی وەها «گەورە» ناواقیعیە!

هەڵبەت ئەمە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ سایکۆلۆجیای سەرکردایەتی کورد خۆی بەگشتی. بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆکورتبینی و کەم توێژینەوە لەرۆڵی دەوڵەت وەک زەرورەتێکی نیشتمانی و ڕێگەچارەیەکی پێویست. ئەمە جگەلەوەی بزافەکە بەگشتی لە ئاستی داواکانی خۆیدا نەبووەو ئەو دروشمانەی کە بەرزی کردۆتەوە دواتر خراپ بەسەریدا شکاونەتەوە، بۆیە پێشی وابووە پرسی دەوڵەت، پرسێکی »زوو» و پێشوەختە! لەلایەکی دیکەوە فشاری دەوڵەتان بەتۆبز یا پشتگیرینەکردن لەداواکانی کورد، یا بەهۆی نالەباری هەلومەرجی ناوچەکەش، هۆکارگەلێکیتربوون.

ئیدی ئەمە مێژوویەک کەشرۆڤەی زۆر جیاوازو دژبەیەک هەڵدەگرێ، وەلێ لەئێستا بەدواوە، کاتییەتی بیر لە جۆرە تێڕوانینێکی تر بکەینەوەو باسی ڕێخۆشکەریەکانی دەوڵەت بکەین و خۆمان لە پاساویی نالۆجیکی دووربخینەوە کەهەمیشە پشتسارکردنەوەو کوشتنی ویستی کوردایەتی بەرهەمدەهێنێ. هاوکات باسەکانمان لەمقۆمقۆی ئەبێ و نابێ دەوڵەت رزگاربکەین. چونکی لەئاستی فەلسەفیی و هزریدا، مامەڵە لەگەڵ چەمک و بۆچوونەکان وەک فاکتێک دەکرێ. بەتایبەت چەمک و پرسی دەوڵەتیش بەدەرنییە لەمە.

کەواتە لێرەوە بۆ تێگەیشتن لەزەرورەتی دەوڵەت، دەتوانین لەچەند ڕەهەندی جیاوازەوە بایەخی بنیاتنانی بزانین. ئەمەش کاتێ دەبێ کە ئەو ڕێخۆشکەرییە زاتی و بابەتیانەی زەمینەسازی دروستبوونی دەوڵەت دەکەن، لەسەر ئاستی هزری بکەینە پاساوێکی سیاسی گونجاو ڕەوا بۆ دروستبوونێکی واقیعی دەوڵەت. بۆیە بەچەند خاڵێک باسیان لێدەکەم.

**یەکەم:** ڕێخۆشکەرییە بابەتیەکان کەئەو هۆکارو پاڵنەرە بابەتیانەن کە زەمینەیەکی واقیعییان هەیەو لۆجیکی سیاسی پەسەندیان دەکات:

١- لەسەر ئاستی هەرێمی، دەوڵەت چارەسەرێکی گونجاوی ململانێی نەژادی و نەتەوەیی لەناوچەکەدا. کوردو گەلانی کوردستان لەپێناو گەیشتن بەمافەکانیان ملنادەن بۆ هیچ نەتەوەیەکی سەردەست، کەچی لە بەرامبەردا مافەکانی بەیەکسانی نەسەلمێنراوە، ئەمەش بووەتە هۆکاری سەرەکی شەڕوشۆڕ. بەمانایەکیتر، دەوڵەت ڕێگەچارەیە نەک گرفت. هاوکات لەسەر ئاستی جیهان و دەرەکی، هاوپەیمانێتی سیاسی و ئابوری بەپێی نەریتی دیپلۆماسی دەڕوات بەڕێوە کە ئەوەش تەنها لەڕێی دەوڵەتەوە دەبێ.

٢- لەسەر ئاستی ناوخۆ، دەوڵەت واتە چڕبوونەوەی هێزو دەسەلات لە دامەزراوەیەکدا کە خاوەنی هەرێمێکی دیاریکراوە. کۆمەڵناس «ماکس ڤێبەر» پێی وایە دەوڵەت واتە «مۆنۆپۆلی» لە پراکتیزەکردنی گوشاری فیزیکی لەدەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشدا بۆنموونە. دیارە ئەمە ڕێگەیەکە کە حکومەت بتوانێ بەسەر ململانێ و شەڕی ناوخۆییشدا زاڵبێ.

٣- بیرۆکەی دەوڵەت دەبێتە (پارادایمێک) نموونەیەکی تر لەخەباتی نەتەوەیی بۆ کوردانی پارچەکانیتر کە ئەوانیش هەنگاوی زیاتر بنێن لەبەدەستهێنانی مافەکانیان.

٤- شکستی حکومەتە یەکبەدوایەکەکانی

ئێراق لەدەستەبەرکردنی مافی گەلی کوردستان لەچێوەی دەوڵەتێکی دەستوریی دیموکراسییدا. ئیدی دیموکراسی خەیاڵێکی بەتاڵ و کوردیش هەمیشە قوربانییە.

٥- زاڵبوونی شۆڤێنی عەرەبگەری و مەزهەبی و کەرناخستنی کەمینە و نەتەوەکانی تر لەڕووی سیاسی و دەسەڵاتەوە.

٦- دەوڵەت وەک گەشەکردنێکی باڵای ئەقڵ. دەوڵەت وەك ئەمبار یا گەنجینەیەکە لەئەنجامی کەڵەکەبوونی ئەزموون و داناییەوە سەرڕێژدەبێ. بەمانایەکیتر، چەندە دەوڵەت بەرئەنجامی پرۆسەیەکی مێژوویە، هێندەشی خۆی پرۆسەیەکی ئەقڵانییە کەخۆی لەرێکخستنی ئابوری و سیاسی و سیستمێکی کارگێڕی و ماڵدارییدا دەردەخات. ئیدی هەبوونی دامەزراوەیەکی وەک دەوڵەت، نیشانەی پێگەیشتوویی هزرییە.

٧- دواجار پرسی دەوڵەت، دەرخستنی توانای فەرمانڕەوایەتییە. چونکی بەدیوێکی تردا لە پرسیارێکی گرنگەوە سەردەردەهێنێ کە ئاخۆ: کێ فەرمانڕەواو مافی حوکمڕانی دەبێ و بەکام سیستم؟ وەڵامی ئەمەش تواناو کارامەیی دەسەپێنێ و رزگارماندەکات لەوەی حزب ببێتەدەوڵەت و حکومەتیش ئامرازی دەسەڵاتی لایەنێ بێ. کەواتە دەبێتە سنوورێک بۆ دابەشبوونی ناوەکی دابنرێت و یەک کایە ببێتە سەرچاوەی هەژموونەکان کەئەوەش دەوڵەتە.

**دووەم:** رێخۆشکەرییە زاتییەکان(خۆییەکان) ئەو پاڵنەرانەن کە لەروانگەی گەلی کوردستان خۆیەوە سەرچاوەدەگرێ:

١- دەوڵەت خەونێکی دێرینی هەموو کوردێکە هەمیشە لەپشت جووڵەو هەوڵەکانیەوە زیندووبووە. بۆیە کاتی خۆیەتی ببێتە راستی و بێتەدی.

٢- هاوکات مافێکی رەواو مرۆیی نەتەوەیەکی بێدەوڵەتە کە پێچەوانەی هیچ یاسایەکی نێودەوڵەتی نییە.

٣- وەك پێداویستیەك لە پێکهێنانی ناسنامەو شوناس و ئینتمای هاوبەش. دواجار رزگارکردنی شوناسی گشتی لە پەرتبوون و گرێی دەروونی کەلە کەسێتی گەلێکی بێدەوڵەت دا لە منداڵێکی بێ باوك دەچێ.

٤- وەك پەرژین و قەڵایەک لەبەر هەڕەشەی دەرەکییدا، چونکی هەموو قەوارەیەکی فەرمیی، مافی یاسایی داکۆکیکردنی لەسەرووەری خۆی هەیە. بەئەزموون، دەوڵەتی ئێراق داکۆکی لەسنوورەکان نەکردووە، لەبەرامبەر لەشکرکێشی و هێرشی هەرێمی، چونکی کردوویەتە پاساوێ کە هەژموونی خۆی بسەپێنێ.

٥- وەک بەرژەوەندیەکی ئابووری، چونکی بەرژەوەندی ئابوری وابەستەیە بەسەربەخۆیی لەمیانەی دەوڵەتدا، واتە پشتبەستن بەئابوری خۆیی، رزگاربوونی ئابوریش دەگەیەنێ. وەکچۆن بەرژەوەندی لەبوونی دەوڵەتدایە، بەهەمان شێوەش دەوڵەت بەرژەوەندییەکی ئابوری گەورەیە. بەتایبەت کاتێ بەرژەوەندییە ئابوریەکان هێندە گەورەدەبن، بێ دەوڵەت ئەستەمە سیستمی دارایی، بودجەو بانک هەڵسوڕێ. بۆیە دەوڵەت کەسێتیەکی دەستورییە بۆ بەرژەوەندیەکانی.

٦- رێگەیەکە کەداهات و سامانی نیشتمانی قۆرخنەکرێ و سەرچاوە ئابوریەکان بەیەکسانی بەپێی بەرژەوەندی نیشتمانی لەسەروو حزبایەتی و ناوچەگەریەوە دابەشکرێ. هەڵبەت دەوڵەت لەهەندێ پێناسەدا واتە: دەسەڵاتێکی رەوا کەبتوانێ باج بسەپێنێ و وەرگرێ. ئیدی دەوڵەت واتە باجگر.

٧- دواجار .

**ئەنجام**

کەواتە پاساوو رێخۆشکەریەکانی دروستکردنی دەوڵەت هێندە بابەتی و پشتڕاستکردنەوەی لۆجیکی لەپشتە، زۆرتر لەمانەش هەڵدەگرێ. کەچی جێی سەرنجە، هێندەی کورد خۆی پاساوی بۆ سەرنەکەوتنی بیرۆکەی دەوڵەت هێناوەتەوە، ئەوەندە دوژمنانی دژایەتیان نەکردووە. لەبەرئەوەی کورد خۆی هەڵگری پرۆژەکە نەبووە، جگەلە سۆزو هەستی کاتی. بەدەربڕینێکی تر، هێندە کوردە داواو خواستی دەوڵەتی بەناواقیعی داناوە یا کردویەتە دروشمێکی بریسکەدار، هیچ هێزێکی نێودەوڵەتی دژایەتی پرۆژەیەکی وەهای نەکردووە بەگەرمی، بەتایبەت ئەگەر ویستێکی گشتی گەلی کوردستانی لەپشتەوەبووبێ. چونکی دەوڵەت واتە دامەزراوەیەک کەهەم رۆڵی رێکخەر و یەکخەر و رەنگدانەوەی بەرژەوەندی هاوبەشە.

ئەوەشی زێتر مایەی پرسیارە هەندێ حزب کەبانگەشەی کوردستانی مەزنی دەکرد، پاش چەندیین شەڕی خوێناوی پاشگەزبووە لەو خواستە. لەکاتێکدا دەیەها فاکتەر و پاڵنەر هەن کەدەبنە رێخۆشکەرێکی راستەقینە بە پێکهێنانی ئەو دەوڵەتە. لێرەوە قسەکردن لەسەر پرسی دەوڵەت لە راگەیاندن و ناوەندە جیهانیەکاندا، شکاندی تەوقی ترس و شەرمە. هاوکات دەرهێنانیەتی لە پرسێکی نامۆ و نەگونجاوە بۆ خواستێکی رەوا و ویستی گەلێکی بوێر!

* مامۆستای فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی-زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

دەوڵەت وەك پێداویستیەکە لە پێکهێنانی ناسنامەو شوناس و ئینتمای هاوبەش. دواجار رزگارکردنی شوناسی گشتییە لە پەرتبوون و گرێی دەروونی کەلە کەسێتی گەلێکی بێدەوڵەت دا لە منداڵێکی بێ باوك دەچێ

مایەی پرسیارە هەندێ حزب کەبانگەشەی کوردستانی مەزنی دەکرد، پاش چەندیین شەڕی خوێناوی پاشگەزبووەوە لەو خواستە. لەکاتێکدا دەیەها فاکتەر و پاڵنەر هەن کەدەبنە رێخۆشکەرێکی راستەقینە بە پێکهێنانی ئەو دەوڵەتە

# یادەوەریی نەتەوەو مۆراڵی سیاسی

**(بەشی یەکەم)**



د. ئاراس عەبدولکەریم

بۆ گوڵان نووسیویەتی

وەک چۆن هەر قسەکردنێک لەسەر (یادەوەری)، بەبێ خوێندنەوەی دەلالەتە (زەمەنی)یەکانی ئەم چەمکە کارێکی مەحاڵە، بەهەمان شێوەش هەرچۆنێک قسە لەسەر ئەو دەلالەتانە لەنێو زەمەنی کۆ(نەتەوە)دا بکەین، بەبێ ڕاگرتنی ئەم چەمکە لەنێو چوارچێوەیەکی ئەنتۆلۆجیی پەیوەست بە دنیاو کەینوونەی نەتەوەدا، وێڕای ئەوەی بۆخۆی ئیشکالێکی میتۆدییە، هاوکات (یادەوەری) دەکاتە چەمکێکی ئەبستراکت کراوی بێ جووڵە و بەتەواوی دەیکاتە دەرەوەی (مێژوو)ەوە.

لەمێژە (ئەرەستۆ) لەمەڕ سروشتی بزێوو جووڵاوی (یادەوەری)یەوە لەو وانەیەیدا کەبەناوی (لەبارەی یادەوەری و یادهێنانەوە)یە ئەو ڕاستییەی بۆ یەکلاکردوینەتەوەو چەمکی یادەوەری لە (ئیشکردنی ڕابردوو لەنێو زەمەنی ئێستادا) دەستنیشانکردووە. بەمەش ڕەهەندێکی تەواو (مێژوویی) بەخشیوەتە ئەم چەمکە.

لەلایەکی ترەوە (مۆریس هالبفاکس)ی کۆمەڵناس کەبەشوێنکەوتووی (ئیمیل دۆرکهایم) دەناسرێ، لەکتێبیە بەناوبانگەکەیدا (یادەوەریی جڤاتی) چەمکێکی نوێی بەناوی (چوارچێوەی کۆمەڵایەتیی یادەوەری) داهێنا کە بەهەنگاوێکی فکریی گرنگ دادەنرێ بەتایبەت لەڕووی بەستنەوەی (یادەوەری)یەوە بە (قەوارەی کۆمەڵایەتی)یەوە کە ئیدی (یادەوەری) دەبێتە یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی هەر بونیادێکی کۆمەڵایەتی کە لە فۆرمی قەوارەیەکی تایبەتمەندو سەربەخۆدا ناسنامەی تایبەت بەخۆی دەستەبەردەکات.

لێرەوەو لەمیانەی ئەو تێگەیشتنە مێژوویە-کۆمەڵایەتییەوە دەکرێ بگەینە ئەو بڕوایەی کە قسەکردن لەمەڕ دەلالەتی زەمەنیی یادەوەریی بۆخۆی قسەکردنە لە ڕەهەندی ئەنتۆلۆجیی زەمەن.

قسەکردن لەمەڕ دەلالەتی زەمەنیی یادەوەریی بۆخۆی قسەکردنە لە ڕەهەندی ئەنتۆلۆجیی زەمەن

زەمەن و کەینوونە

بۆئەوەی باسەکەم زیاتر لەچوارچێوەی خوێندنەوەیەکی ئەنتۆلۆجیانەدا بێت، لەبری پرسیارکردن لەمەڕ کارو کاریگەریی (یادەوەریی) لەدنیاو بوونی نەتەوەدا، دەبێ ئەو پرسیارە بورووژێنم کە (داخۆ چی دەبێتە یادەوەریی نەتەوەو چی نابێت؟). داخۆ کردەی (بەیادەوەریبوون) پەیوەستە بەخودی ئەو بابەتەوە کە لەنێو یادەوەریدا شوێنێکی دەبێت یان پەیوەستە بە جیهانبینی و کۆهەستی دەستەجەمعی و پرەنسیپە مۆراڵی و ئایدیایی و ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانەوە، یاخود فاکتەری بڕیاردەر بۆخۆی فاکتەرێکی زەمەنی-مێژووییە و ئەوە لێکەوتە مێژوویەکەیە بڕیاردەدات چ بابەتێک لەنێو یادەوەریی نەتەوەدا شوێنێکی هەبێت یان نا؟

بەو حوکمەی کە پرسی چی دەبێت و چی نابێتە یادەوەریی نەتەوەیی؟ دیوێکیتری ئەو پرسیارەیە کەدەڵێ: یادەوەریی نەتەوەیی چییە؟ وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکە ئێمە لەبەردەم هەرسێ ئەگەرەکەی سەرەوەدا دادەنێ، ئەمەش لەبەرئەوەی دەست بۆ هەرکام لەو ئەگەرانە ببەین، دەبێ بەنیازی خوێندنەوەی (بەها)ی یادەوەریی بەکاریان بێنین. سەبارەت بە پرسی (یادەوەریی چییە؟) دەکرێ پشت بەو تێزەی (پۆل ریکۆر) ببەستین کەلە (یادەوەریی، لەیادچوونەوە، مێژوو)دا خستویەتە ڕوو کە ئاشکرا دەبینین تا ڕاددەیەکی زۆر درێژکراوەی هەمان میتۆدە (ئەرەستۆ)ییەکەیە لەڕووی ڕەهەندە مێژووییەکەیەوەو لای (ڕیکۆر) (ئیشکردن لەنێو یادەوەریدا، ئیشکردنە لەنێو وێنەو وێناکردنی زەمەن بەدیوی ئاییندەدا)، ئاشکرایە کە لەمێژە بیرمەندان ئەو ڕاستیەیان یەکلاکردۆتەوە کە چەمکی (ناسنامە) بەرلەوەی هەرچییەک بێت (وێنە یاخود کۆمەڵێک وێنەو وێناکردنە) جا چ ئەو وێنانەی کە خودی نەتەوە بۆی خۆی بەرهەمیهێناوە یان ئەو وێنانەی لەلایەن ئەوانیترەوە بۆی بەرهەمهاتوون، بەم پێیە ناسنامەی نەتەوە دەبێ بەرلەهەر شتێک ئیشکردنێکی بەردەوام نەبڕاوە بێت لەنێو یادەوەریدا، لێرەوەیە کە (یادەوەریی) لەبوون (کەینوونە)ی نەتەوەدا هەمیشە شوێنێکی سێنتراڵیی هەیەو هەردەست بۆبردن یان شێواندنێکی ئەو یادەوەرییە ڕاستەوخۆ دەرکەوتەی خۆی لەسەر ناسنامەی ئەو نەتەوەیە جێدێڵێت.

ئێستا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرسی (چی دەبێت و چی نابێتە یادەوەریی؟) دەبێ قسە لەسەر توانای ئامادەبوون یان ناتوانایی لەئامادەبوونی نێو زەمەنی نەتەوەدا بکەین، لەگەڵ ئامادەبوون یان نەبوونی نەتەوە یان ڕاستتر بڵێم کۆهەستی جڤاتی بۆ قبووڵکردن یان نەکردنی هەر شت و ناوێک لەنێو یادەوەریی خۆیدا، واتە قسەکردن لەمەڕ (مەحاڵیی ئامادەبوونی نائامادە) وەک (ئەرەستۆ) دەستنیشانیکردووە.

## پیشەسازیی یادەوەریی

ئەگەر یادەوەریی وەک کردەیەک گەڕانەوەبێت بۆ وێنەکانی ڕابردوو، لەکاتێکدا بۆگەڕانەوەمان بۆ وێنە یان وێناکردنەکانی نێو مێژوو، شتێکمان نەبێ

جگە لە یادەوەریی هەتا پشتی پێببەستین، گرنگترین پرسیار کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە ئەوەیە داخۆ یادەوەری هەمیشە دەلیلێکی ئەمین و ڕاستگۆیەو بەئەمانەتەوە مامەڵــە لەگــەڵ وێنــەی زەمەنەکانــدا دەکات؟ خۆئەگەر ئەم پرســیارە لەمەڕ یادەوەریی پرسیارێکی بەریئانە نەبێ و دەمودەست جۆرێک لەگومان لەمەڕ ساغڵەمیی یادەوەریی بورووژێنێت، داخۆ ئەوە بەتەنیا گومانە لەخــودی یادەوەرییەکــە وەک بابەت، یان لەزەمەنە مێژووییەکەشی؟

کاتێک ئەرەستۆ یادەوەریی لە ئیشکردنی ڕابردوو لەنێو زەمەنی ئێســتادا دەستنیشانکرد، بۆ ڕێگریی لەهەر شــێواندنێکی ئەم چەمکــە و گەمەکردن بە دەلالەتەکانی، هەر زوو لە (تیاتیتۆس)دا بەهێڵێکی تۆخ سنووری لەنێوان (یادەوەری)و(کردەی یادهێنانەوە)دا کێشا. یەکەمیان وەک ئامادەبوونێکی هەستپێککراوو بەرجەســتەی ڕابردوو لەنێو زەمەندا کە ئامادەبوونی ئەو شــتانە دەگەیەنێت کەبۆخۆیــان ئامادەگی ئەو نەفەس درێژییەیان لە مانەوەدا هەیە، بەشــێوەیەکی تر بڵێین ئەو شــت و کەس و بونیــاد و ڕووداوانەی کە تەنها بۆ زەمەنی خۆیــان نەخولقاون و تەمەنیان زیاتــر و دوورتر لەو زەمەنەبڕ دەکات. دووەمیشــیان وەک کردەیــەک بۆ دووبــارە ئامادەکردنەوەی هەر وێنەیەک و بەیادهێنانەوەی هەرشــتێک کە ڕەنگە دوورتر لە تەمەنی زەمەنەکەی خۆی بڕ نەکات کە ئەرەستۆ ئەمجۆرە ئامادەبوونە بەجۆرێک لە پەرجوو (معجزە) دەزانێت. هەر ئەم سنووردیاریکردنەشی بوو کە هێڵێکی ســووری لەبەردەم کردەی (ئامادەبوونی نائامادە)دا داناو وەک مەحاڵێکی گەورە ناساندی.

واتــە ئەم کردەیــە کە جۆرێکە لە پیشەســازیی دروســتکردن و ئەفراندنی یادەوەریی لەبنەڕەتدا جگە لەفێڵکردن و گزیکردن لە یادەوەریی کۆ هیچیتر نییە، لێرەشەوە دەگەینە ئەو ئاکامەی کە هەر بونیادێکی نێو یادەوەریی بۆخۆی بەرلە کردەی یادهێنانەوە دەبێ ئامادە بوویێت و بگرە تەنانەت نابێ بەهیچ شێوەیەک پێویستی بەو کردەیە بێت بۆ یادهێنانەوە.

ئەگەرچــی دەکرێ لەمیانەی ئەم تێگەیشــتنەوە بگەینە ئەو بڕوایەی کە ناکرێ هەمیشــە یادەوەریی کۆ ئەمین و دەست ســپی بێت، بەڵام لەڕاستیدا چ بەحوکمی ڕەهەنــدە مێژوویەکــەی و چ ڕەهەندە ئەنتۆلۆجییەکــەی یادەوەریی، هــاوکات بەحوکمی فاکتەرێکــی گرنــگ کــە ئەویش کۆهەســتی دەستەجەمعییە، مەســەلەی ناسینەوەو جیاکردنەوەی (یادەوەریی ســاغڵەم) لە (یادەوەریی ساختە) نەک هەر مەحاڵ نییە، بەڵکو کارێکی زەحمەتیش نییە.

لەهەمــوو بارێکدا دەبێ ئەو ڕاســتییە بزانین کە مادام یادەوەریی بۆخۆی دنیای وێنەو وێناکردنەکانەو دەســتکاریکردنی هەر وێنەیەک و تەفســیرکردنی جۆراوجــۆری وێناکردنەکان، کارێکی مەحاڵ نییە، بۆیە مەسەلەی پیشەسازیی دروستکردنی یادەوەریی لەنێــو زەمــەن و دنیای هەر نەتەوەیەکدا هەمیشــە کردەیەکــی چاوەڕوانکــراوە. کردەیەک کە بەهەر بارێکــدا بیخوێنینەوە بریتییە لە دەســتکاریکردنی بەئەنقەســت بۆ ئامادەکردنی نائامــادە و دەمانباتە نێــو ئەو ڕەهەندە مۆراڵییەی کــە (پۆل ریکۆر) لە دەستنیشــانکردنی ئاســتی مۆراڵیی یادەوەریدا بە (گەمــەی ئەنقەســت بە یــادەوەری و یادچوونەوە) ناویدەبات، گەمەیەکــی نامۆراڵیی ئەوتۆ کە جگە لەوەی یادەوەرییەکی ســاختە هەیە دروســتدەکرێ، هاوکات بۆجێکردنەوەی دەبێ یادەوەرییەکی دروست بکرێتــە قوربانی و لەیادبچێتــەوە، یان لایەنی کەم بشــێوێنرێت، واتە لە ئاکامدا ئەوەی ئەنجامدەدرێت ئیشــکردنە لەنێــو زەمەنی نەتەوەدا بە ئاڕاســتەی شێواندنی ئەو زەمەنە، ئەمەش ڕەنگە دوو مەبەست یان دوو فاکتەری سەرەکی لەخۆبگرێت، کە یەکەمیان بەمەبەســتی ئازاردان یان بریندارکردن و شــێواندنی سەرجەم کۆی یادەوەریی نەتەوەیە تا لەوێوە ڕاستەوخۆ مێژووی نەتەوە ئازار بدرێت و بشێوێنرێت، مەبەستی دووەمیــش ئازاردان یــان شــێواندنی یادەوەرییەکی دیاریکراو یان ڕاســتتر بڵێم هەر ناوو کەســایەتی و ڕووداو و شــتێکی نێــو یادەوەریــی نەتەوەیی کەلە زەمەنێکی دیاریکراودا ئامادەبوونێکی مێژووییانەی ئەوتۆی هەبوویێت کە بتوانــێ توانای مانەوەی لە تەمەنــی زەمەنەکەی خۆی درێژتر بێت و لەزەمەنی ئێستادا شوێنێکی لەنێو کۆهەستی نەتەوەدا هەبێت، لەهەردوو بارەکەشــدا بەبێ ئەو (گەمە ئەنقەســتە) بە یادەوەری و بەبێ کردەی پیشەســازیی یادەوەری ساختە، ئەم پرۆسەیە ناگاتە ئاکام، چونکە لەهەموو بارێکدا ئەوەی دەبێ بوونــی هەبێت ئەڵتەرناتیڤێکە بۆ هەر کام لەو یادەوەرییە شــێوێنراو یان لابراوانە کە خودی یادەوەرییە ساختەکەیە.

دەرکەوتەی خەتەرناکی ئەم پیشەسازیی یادەوەرییە هەمیشەو لەسەرئاستی کۆهەســتی دەستەجەمعیدا ئەگــەر هیــچ نــەکات لایەنی کــەم جۆرێک لە ئاڵۆزی و بێســەروبەرەیی ئەوتۆ لە خودی یادەوەریی و لە سیستمی تێگەیشــتن و بڕوابوون بەو یادەوەرییە دەخولقێنێ کە سەرجەم ئەو یادەوەرییە دەکاتە بابەتێک بۆ گومانلێکردن، لێــرەوە خەتەرترین دیاردەیەک کە ڕووبەڕوومــان بێتەوە کوشــتنی ئەو هەســتەیە کە (هۆســێرل) لە (چەند وانەیەک لەمەڕ هۆشمەندیی بۆ زەمەن)دا بە (هەســتکردنی بەهێــز بە زەمەن ) ناویدەبات.

تا ئێرە بەپێویستم نەزانیوە هیچ نموونەیەکی زیندوو لەســەر یادەوەریی نەتەوەی خۆمان بهێنمەوە، لەبەشی داهاتوودا کە تایبەتە بە ڕەهەندە سیاسییەکەی ئەم باسە، ڕوونتر قسە لەسەر یادەوەریی نەتەوەیی خۆمان دەکەم.

**لەمێژە بیرمەندان ئەو ڕاستییەیان یەکلاکردۆتەوە کە چەمکی (ناسنامە) بەرلەوەی هەرچییەک بێت (وێنە یاخود کۆمەڵێک وێنەو وێناکردنە) جا چ ئەو وێنانەی کە خودی نەتەوە بۆ خۆی بەرهەمی هێناوە یان ئەو وێنانەی لەلایەن ئەوانیترەوە بۆی بەرهەمهاتوون**

**مادام یادەوەریی بۆخۆی دنیای وێنەو وێناکردنەکانەو دەستکاریکردنی هەر وێنەیەک و تەفسیرکردنی جۆراوجۆری وێناکردنەکان، کارێکی مەحاڵ نییە، بۆیە مەسەلەی پیشەسازیی دروستکردنی یادەوەریی لەنێو زەمەن و دنیای هەر نەتەوەیەکدا هەمیشە کردەیەکی چاوەڕوانکراوە**



ستیفن ڤان ئێڤێرا بۆ گوڵان:

# بارودۆخی ئێستای سوریا هەرە تراژیدیترین و هەرە ترسناکترین شەڕی ئەمڕۆیە لە جیهاندا

بارودۆخی سوریا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خراپتر و ئاڵۆزتر دەبێت و ڕژێمی ئەسەدیش لەپێناوی مانەوەی خۆی لەدەسەڵاتدا ڕۆژانە زیاتر توندوتیژی پیادە دەکات و خەڵکی سیڤیل و مەدەنیش دەبنە قوربانی، تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوەی کوفی ئەنان نێردراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ سوریا ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوەکردووە کە ڕژێمی ئەسەد ڕێز لەبڕیارە نێودەوڵەتیەکان ناگرێت، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای سوریا و هەوڵە نێودەوڵەتیەکان، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر ستیفن ڤان ئێڤیرا ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی ماسیۆشیت تەکنۆلۆژی ئەنجامدا، پرۆفیسۆر ئیڤیرا کە لەسەر ئاستی جیهان یەکێکە لە تایبەتمەندەکانی بوارەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و پێوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ وڵاتانی جیهانی سێهەم و پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان و ڕێگرتن لەشەڕ، بۆیە لەم ڕووەوە بارودۆخی سوریا یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی و بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بارودۆخەش پرۆفیسۆر ستیفن ڤان ئیڤێرا لەم وتووێژە تایبەتەی لەگەڵ گوڵان بەمجۆرە باسی بارودۆخی ئێستای سوریای کرد، ئەمەش دەقی ئاخاوتنەکەیە.

*** ڕۆژانە بە دەیان هاووڵاتی سڤیل لە سوریا کۆمەڵکوژ دەکرێن و بارودۆخەکە کارەساتی مرۆیی لێکەوتۆتەوە، خوێندنەوەت چییە بۆ کەیسەکەی سوریا و پێتوایە چارەنووسی ئەو وڵاتە بەرەو کوێ دەڕوات و داهاتوو چی لە هەگبەدایە؟**

- بە بۆچوونی من بارودۆخەکەی سوریا ملدەنێت بۆ شەڕێکی ناوخۆیی گەورەتر، هەنگاوە سەرەتاییەکانی ئەو شەڕە دەستی پێکردووەو پێموایە کە هیچ کام لە لایەنەکان نە پاشەکشە دەکەن و نە کۆڵیش دەدەن، بارودۆخەکەی سوریا زۆر ئاڵۆزترو زەحمەتترە لەچاو بارودۆخە دژوارەکانی وەك یەمەن یان لیبیا یان میسر و توونس، چونکە لە سوریا گرووپێکی دیاریکراو — یاخود کۆمەڵێك گرووپ —هەن کە ئەمڕۆ دەسەڵاتیان بەسەر حکومەتدا سەپاندووەو دڵەڕاوکێ و ترسیان هەیە، بەتایبەتی عەلەوییەکان و هەروەها هەندێك لە کەمینەکانی دیکە مەبەستم لە— کەمینە غەیرە سوننیەکانە — بە نموونەش کریستیانەکان، ترسیان هەیە لەوەی کە ئەگەر هاتوو ئەم ڕژێمە لە دەسەڵات لابدرێت، ئەوکات تەنیا ڕژێمەکە نییە کە بڕوات، بەڵکو لەوانەیە تەواوی گرووپەکانی کە لەوەوە نزیك بوون یان لایەنگری بوون سەرکوتبکرێن یان لە وڵات وەدەربنرێن یاخود لەوانەیشە ئەوانیش بکەونە بەر هەڵمەتی تۆڵەو کۆمەڵکوژبکرێن، هەربۆیە پێشبینی ئەوە دەکەم عەلەوییەکان تامردن بجەنگن، ئەوەش لەپێناو پاراستنی پێگەکەیان لە سوریادا، لەهەمان کاتیشدا ڕژێمەکەی ئەسەد تاوانی زۆر گەورەی دەرهەقی ئەو خەڵکانەی کەچوونەتە سەر شەقام و داوای گۆڕانکاری دەکەن ئەنجامداوە، بۆیە تا تاوانی زیاتر ئەنجام بدرێت، ئەوە ئەگەرەکان بۆ ئاسایی کردنەوەو دانوستاندن و دۆزینەوەی ڕێککەوتنێك

**حاڵی حازر هەستدەکەم بوار لەئارادا نەبێت بۆ کۆمپرۆمایز یان بۆ هاوبەشیکردنی دەسەڵات لە سوریا. تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێت کە کاراکتەری دەرەکی ئەو شتە لەڕێگەی ئیجرائاتی زۆر توندەوە بسەپێنن..**

لاوازتر دەبێت، هاوکات لەسەر ئاستی دیمەنی نێودەوڵەتی دەبینین دۆستەکانی هەردوولا، سەرچاوەی دارایی و چەك و تەقەمەنی دەنێرنە ناو سوریاوە، ڕوسیا و ئێران بە ئاشکرا پشتگیری لە ڕژێمەکەی ئەسەد دەکەن و لەلایەکی دیکەشەوە عەرەبستانی سعودیە و وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوایی پشتگیری لە یاخیبووەکان دەکەن، هیچ لایەنێك لە هەڵوێستەکەی خۆی پاشەکشەی نییەو هاوکات هیچ لایەنێك دارشتنەوەیەکی بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخەکە پێ نییە، لەبەرئەوە من لەمبارەیەوە زۆر نیگەرانم، بەش بەحاڵی خۆم خۆزگەی ئەوە دەخوازم کە ئەم بارودۆخە هەر ڕووینەدایە — ئەمە بۆچوونی منە —لەبری ئەوە ڕۆژئاوا فشاری بخستایەتە سەر ڕژێمەکەی ئەسەد بۆ بەهاوبەشیکردنی دەسەڵات و لەخۆگرتنی خەڵکی زیاتر لە سیستەمە سیاسییەکەی سوریادا، خۆزگە ئەو پرۆسەیەی بە شێنەیی پیادەبکرایە لەگەڵ هەبوونی فشارێکی درێژخایەن لەسەر ئەسەد بۆ لەخۆگرتنی خەڵکانی زیاترو زیاتر بە شێنەیی و هاوشان لەگەڵ گرووپەکەی خۆی تا ئەو کاتەی کە دەبوو بە خاوەنی حکومەتێکی نوێنەرایەتیی بنکەفراوان نەك حکومەتێکی قەتیسکراو لەچوارچێوەی دەسەڵاتی عەلەوییەکاندا، ئەگەر پادشای جیهان بوایەم یاخود پادشایەك بوایەم هیوای ئەو شتەم دەخواست، بەڵام ئەو شتە لە واقیعدا ڕووینەدا، ئەوەتا ئەمڕۆ لەم بارودۆخە دژوارەداین کە هیچ ئاکامێکی دڵخۆشکەری لێ بەدیناکەم، لەبەرئەوەی ئەگەر بێت و ئەسەد سەرکەوتوو بێت ئەوە ئەوکات ژیانی خەڵکانی زیاتر دەبنە قوربانی و دیکتاتۆرییەت لەو وڵاتە بەردەوام دەبێت، لەهەمان کاتیشدا ترسەکەم لەوەدایە کە ئەگەر هاتوو ئەسەد بڕووخێت ئەوکات ئۆپۆزسیۆن کە بریتییە لە چەند لایەنێکی دابەشبوو و کە چەندین گرووپی توندڕەوی لەخۆگرتووەو هەروەها ئیسلامیستە ڕادیکالیەکانیشی لەخۆگرتووە لەگەڵ سوننە شۆڤینیستەکانیش، پێموایە کە ئەوانیش ئەگەر هاوشێوەش نا، بەڵام بێبەزەییانە مامەڵە لەگەڵ ڕکابەرەکانیان دەکەن، هەربۆیە من زۆر ڕەشبینم لەبارەی ئاراستەو کۆتایی بارودۆخەکەی سوریا، بارودۆخەکەی سوریا هەرە تراژیدی و هەرەترسناکترین شەڕی ئەمڕۆیە لە جیهان، ئێوە ( وەك گۆڤاری گوڵان) ئاگادارن کە من خوێندنەوەم زۆرە لەسەر عێراق و کاتی

**ناکرێت خۆمان لەو ڕاستییە بدزینەوە. ئەگەر هات و ئۆپۆزسیۆن سەربکەوێت، ئەوە مەترسی هەیە وەك تۆڵە سەندنەوە لەدژی کەمینە ناسوننیەکانی ناو سوریا، جینۆسایدی تر ئەنجام بدرێت و ئەمریکا لەم ڕووەوە نیگەرانەو نایەوێت ئەو بەرپرسیارێتیە بکەوێتە ئەستۆی..**

خۆی کە لەگەڵ ئێوە قسەمکرد لەسەر عێراق دڵنیاشم لەبیرتانە کە چیم گووت، وتم پێویستە عێراقییەکان دەسەڵاتەکان هاوبەش بکەن و پێویستە ئەمریکا داوا لە عێراقییەکان بکات بۆئەوەی دەسەڵاتەکان بەهاوبەشی دابەش بکەن، یاخود ئەوەیە عێراقییەکان داوا لە سەرکردەکانیان بکەن بۆ هاوبەشکردنی دەسەڵات، جۆرە هاوبەشیکردنێك لە سیستەمی سیاسی و لە ئیمتیازاتی ئابووری و هەروەها هاوبەشی کردن لەڕووی کۆنترۆڵ لەسەر لایەنی ئەمنی کە ئەمانە هەموویان هەنگاونانە بەرەوپێشەوە، بەرەو ئاراستەی عێراقێکی ئارام و خۆشگوزەران، ئێستایش هەر هەمان ئامۆژگاری پێشکەشی سوریا دەکەم، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە نازانم چۆن پیادەدەکرێت بۆ ئەمڕۆ، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ ئەسەد خوێنێکی ئێکجار زۆری لەسەر شەقام ڕشتووە و هاوکات کۆمەڵێك گرووپی توندڕەو خۆیان لەدژی ئەسەد کۆکردۆتەوە، بۆیە بۆ حاڵی حازر هەستدەکەم بوار لەئارادا نییە بۆ کەمپرۆمایز یاخود بۆ هاوبەشیکردنی دەسەڵات تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێت کە کاراکتەری دەرەکی ئەو شتە لەڕێگەی ئیجرائاتی زۆر توندەوە بسەپێنن، هەربۆیە من زۆر ڕەشبینم لەبارەی سوریاوە.

*** کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دوایەمین ئومێدی هاووڵاتیانی سوریایە، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە دەستێوەردانی سەربازی لە سوریا دوودڵە، بەپێچەوانەی ئەوەی کە ئەنجامیدا لە لیبیا، سوپای سوریا هێشتا بەهێزەو دەستێوەردان مەترسییەکی زۆری تێوەگلاوە و هەربۆیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناتوانێت بڕیارێك لەمبارەیەوە**

**بدات، یا دەستەوەستانە لەوەی بۆ وەستانی ئەو کۆمەڵکوژییەی کە ڕژێمەکەی ئەسەد ئەنجامی دەدات دەستێوەردان بکات، یا هەر هەوڵدانێك بۆ ڕووخانی ئەسەد، بەڕای تۆ ئایا تاکەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستەوەستان و لە دوورەوە تەماشای کۆمەڵکوژی ڕۆژانەی سەر شەقامەکانی سوریا دەکات؟**

- پرسیارێکە لە جێی خۆیەتی و پەیوەستە بە ئەگەری دەستێوەردانی سەربازییەوە لەلایەن کاراکتەری دەرەکی و ئەگەریش ئەوە ڕووبدات ئایا کێ ڕابەرایەتی ئەو دەستێوەردانە دەکات؟!. بەکورتی: ئەگەر خۆتانیش گوێبیستی لێدوانەکانی ئەمریکییەکان بن واتێدەگەن کە ڕۆژێك لە ڕۆژان دەستێوەردانێکی سەربازی ڕوودەدات، بەڵام من بە پێچەوانەوە پێشبینیی ئەو شتە ناکەم، پێشبینی ناکەم ئەمریکا ڕاستەوخۆ دەستێوەردان بکات ئەویش لەبەر چەندین

> **پێش سەرهەڵدانی توندوتیژی بوارێك هەبوو بۆ دانانی فشار بە مەبەستی قەناعەتپێهێنانی ئەسەد بۆ هاوبەشیکردنی دەسەڵات لەسەر بنەمایەکی بنکەفراوان. بەڵام تازە ئەو شتە ناکرێت**


هۆکار، با لەسەرەتاوە دەست پێبکەینەوە، سەبارەت بە ئاستی دەستێوەردانی سەربازیی: ئەوە دووبارەبوونەوەیەك دەبێت بەهەمان ئەو ئاستەی کە ئەمریکا و ئەوروپا بەتایبەتی فەرەنسا و بەریتانیا لە لیبیا ئەنجامیاندا، ئەوەش لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی لەگەڵ دابینکردنی مەشق و چەك و تەقەمەنی بۆ یاخیبووەکان، بەڵام لەبەر سێ هۆکار باوەڕناکەم دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ ڕووبدات، یەکەمیان: هەروەك ئێوەیش ئاماژەتان پێکرد ڕژێمەکەی ئەسەد سوپایەکی بەهێزی هەیەو بەتواناترە لە سوپاکەی لیبیا، بەو ئاستەی کە توانای هەیە بەرگری درێژخایەن بکات لە شەڕی سەرزەمینیدا، بەڵام باوەڕناکەم بەرگریی ئاسمانی سوریا بەو هێزە بێت کە خەڵکی باسی دەکەن و پێموایە لاوازەو لەوبڕوایەدام کە فڕۆکەی ڕۆژئاوا دەتوانێت بەبێ مەترسی بەسەر ئاسمانی سوریاوە بفڕێت، بەڵام وێڕای بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی ئەوە پێویستە هێزی زەمینیش لەهەمان کاتدا بەکاربهێندرێت، لەبەرئەوەی پێویستە هێزی سەرزەمینی هەبێت بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە لەسەر زەوی، بۆیە پێویستە هەردووك لە هێزەکانی ئاسمانی و سەرزەمینی پێکەوە بەکاربهێندرێن، لەبەرئەوەی بەبێ هێزی سەرزەوی باوەڕناکەم هێزی ئاسمانی بەتەنیا بتوانێت ئەم مەسەلەیە یەکلایی بکاتەوە، ئەمەیش بەڕای من پابەندبوونێکی زۆر گەورەیە لەڕووی ناردنی هێزو ڕووخاندنی ڕژێمەکەی ئەسەد و پێموایە کە ئەمریکا پێشوەختە بەستراوەتەوە و پابەندە لە ئەفغانستان، هەربۆیە پێموایە ئەمریکا دوودڵە لە دەستێوەردان، دووەم خاڵ: مەترسی هەیە لەسەر جینۆسایدو کۆمەڵکوژی پاش سەرکەوتنی یاخیبووەکان، ناکرێت خۆمان لەو ڕاستییە بدزینەوە، لەبەرئەوەی ئەگەر هات و ئۆپۆزسیۆن سەرکەوت ئەوە مەترسی هەیە سەرپێچی بکرێت لەدژی کەمینە ناسوننەکانی ناو سوریا و ئەمریکا لەڕووەوە نیگەرانەو نایەوێت ئەو بەرپرسیارێتییە بکەوێتە ئەستۆی، سێیەمین هۆکار: ئایا ئۆپۆزسیۆنەکانی ئەسەد کێن؟ کەس نازانێت ئەوانە کێن و هاوکات لەوە بەئاگاین کە بەشێکیان بەدڵی ڕۆژئاوا نین، هەربۆیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دوودڵەو نایەوێت کەسانێك لە جێگەی ئەسەد بگەیەنێتە دەسەڵات و حەزناکات سەرکردەی نوێ بێن کە بەتەواوەتی نەزانرێت ئاڕاستەی سیاسییان چییەو متمانەیان لەسەر نەبێت، دوودڵی هەیە لەمبارەیەوە، لێرەیشدا هۆکارێکی تر زیاد دەکەم: لەڕووی مێژووییەوە دەستێوەردانی مرۆیی زۆر دەگمەنە لە مێژووی مۆدێرن و مەبەستم لە دەستێوەردانی مرۆیی دەستێوەردانە لە وڵاتێکی دیکە لەڕووی مرۆیی و سەربازییەوە

> **سەددام هەڕەشە بوو لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا. لە کەیسەکەی تاڵیبانیش ئەوان هاوپەیمان بوون لەگەڵ قاعیدە. بەڵام کەیسەکەی سوریا پێوەندی بە ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکاوە نییە. بەڵکو زیاتر دەکەوێتە قاڵبی دەستێوەردانی مرۆییەوە**


بۆمەبەستی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، ئەمریکا بەدرێژایی مێژوو تەنیا دوو جار ئەو جۆرە دەستێوەردانەی ئەنجامداوە: جارێکیان لە سۆماڵ و جاری دووەمی لە لیبیا و هۆکاری سەرەکیی ئەو دوو دەستێوەردانانە لەپێناو وەستانی کۆمەڵکوژی بوو، چەندین دەرفەتی دیکە هەبووە بۆ ئەنجامدانی ئەو جۆرە دەستێوەردانە، بەڵام ئەنجامدانی دەستێوەردانی مرۆیی زۆر دەگمەنە، ئەوروپا چەندین جار ئەنجامیداوە بۆنموونە لە سەدەی نۆزدەیەم ئەنجامیدا لە یۆنان و لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو ئەنجامیداو هەروەها لەمیانی داگیرکردنی فەرەنسا بۆ لوبنان و سوریا لەساڵانی ١٨٦٠ز، بەڵام ئەم دەستێوەردانە زۆر دەگمەنە، هەندێکجار دەستێوەردان ڕوودەدات لەبەر ئەوەی دۆخەکە پەیوەستە بە ئاسایشی نیشتمانی، بۆنموونە خەڵکی دەیانگووت تاڵیبان ستەمدار بوون لە ئەفغانستان و حوکمڕانییەکی توندوتیژ و دڕندانەیان هەبووەو هەروەها خەڵکی دەیانگووت کە سەددام کۆمەڵکوژە و بێگومان وابوو، بەڵام ئەوەی کە باڵانسەکەی پاراستبوو لە تیۆرێزەکانی دەستێوەردان، ئەوە بوو کە سەددام هەڕەشە بوو لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکاو لە کەیسەکەی تاڵیبان-یش ئەوان هاوپەیمان بوون لەگەڵ قاعیدەو هێرشیان هەبوو لەدژی ئەمریکا، بەڵام کەیسەکەی سوریا پێوەندیی بە ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکاوە نییە، بەڵکو زیاتر دەکەوێتە قاڵبی دەستێوەردانی مرۆیی، لێرەدا مەبەستم لەوەیە کە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەو سنوورە بەزێنێت و پێویستە ڕێگەچارەیەك هەبێت بۆ قەناعەتپێهێنانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ ئەنجامدانی دەستێوەردان، تەنیا لەبەر هۆکاری مرۆیی، لەبەرئەوەی دەستێوەردان شتێکی باشەو پێویستە پێی سەربەرز بین، لەبەرئەوەی دەتوانین مەینەتی و ئازارەکانی ئافرەت و پیاوان و منداڵان لە وڵاتانی دیکە نەهێڵین، پاش هۆڵۆکۆست زۆربەی خەڵکی لە جیهان وتیان: «چیتر ڕوونەداتەوە» ئەمریکایش وتی چیتر ڕێگەنادەین دووبارە کۆمەڵکوژی ڕووبداتەوە، بەڵام ئەمریکا ڕێگەیدا کۆمەڵکوژی ڕووبداتەوە بۆنموونە لە ڕواندا و هەروەها ئەمریکا یاریدەدەر بوو لە ڕوودانی کۆمەڵکوژی گواتیمالا، بۆیە لێرەدا مەبەستم لەوەیە کە ئەگەر لێم بپرسن ڕۆژئاوا دەستێوەردان دەکات یان نا ئەوە پێموایە ئەمریکا و ڕۆژئاوا دەستێوەردانێکی ڕاستەوخۆیان

نابێت لە سوریا و هەرگیز هیچ فڕۆکەیەکی ڕۆژئاوایی نابینین لە ئاسمانی سوریا بفڕێت و هەروەها هیچ هێزێکــی ڕۆژئاوا نابینین لەسەر زەویی سوریا، دەستێوەردان ڕوونادات، بەڵام ئەگــەر هەیە ببینین وڵاتانی ڕۆژئاوا مەشــق و ڕاهێنان و چەك بــۆ چەکدارانی ئۆپۆزســیۆن دابین بکات، بەڵام بەگشــتی پێموایە کە ئاســتێکی بەرز لە دوودڵی هەیە بۆ دەســتێوەردان لەم جەنگە لەبەرئەوەی — دەگەڕێمەوە بۆ هۆکاری سێیەم کە باسمکرد — هێشتا نازانین پاش ڕووخانی ئەسەد کێ لە دیمەشق جێگەی ڕژێمەکە دەگرێتەوە، لە ئەمریکا بۆچوونێك هەیە دەڵێت ئێمە باش نین لەڕووی ئەنــدازەی کۆمەڵایەتی، بۆنموونە ســەیری عێراق بکەن، ئیــدارەی بۆش پێی وابوو بە ئاسانی دەتوانێت ڕژێمەکەی سەددام بڕووخێنێت و حکومەتێکی نوێ و باشــتر لە جێگەی دانێت بەبــێ خولْقاندنی نالەباری، بــەڵام ئەوەبوو دەســتێوەردانەکەی ئەمریکا بووە هۆی ســەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی و کوشتنی هەزاران هاووڵاتی، بەڕای من ئێمە دەمانتوانی کارێکی زۆر باشــترمان بکردایە لە عێــراق، بەڵام ئێمە مرۆڤیــن و لەوانەیە هەڵەبکەین و ئەوە ڕاســتییەکەیە کە ئێمەی ئەمریکی شــارەزاییمان نییە لــە ئەندازەی کۆمەڵایەتــی، ئەزموونەکــەی ئەمریــکا لە عێــراق تاقیکردنەوەیەك بوو بۆ ئاســت و تواناکانــی ئەمریکا لــەڕووی ئەندازەی کۆمەڵایەتییــەوە و ئەمریکا نایەوێ وڵاتێك داگیربکات کــە زۆر بەتەواوەتی تێینەگات لەبەرئــەوەی لەئاکامدا ئەمریــکا دەکەوێتە بەردەم بەرپرسیارەتییەکی گەورە و مەترسیی ئەوە هەیە بارەکــە تێکبچێت و لە کۆنترۆڵ دەرچێت، هەربۆیە نایەوێ دەستێوەردان بکات، بەگشــتی بەڕای مــن باوەڕناکەم وڵاتانی ڕۆژئاوا دەســتێوەردانی سەربازی لە سوریا ئەنجامبدەن.


*** لەڕووی هەرێمایەتیەوە ئێران پشــتگیری تەواو لەمانەوەی ئەســەد دەکات و لەلایەکی دیکــەوە دەبینین تورکیاو قەتەڕ و میســر و هەروەها عەرەبســتانی ســعودیە لەگەڵ ڕووخانی ئەســەدن، بەڵام پێشبینی ئەوە لە تورکیا دەکرا، هەڵوێســتێکی جددی هەبێت و هەوڵی هەبێت بۆ وەســتانی توندوتیژی و کاریگەریی لەسەر ڕژێمەکەی ئەسەد هەبێت، بــەڵام تورکیا بێدەنگی نواندووە، ئێســتاش**







**ئێوە (وەک گۆڤاری گوڵان) ئاگادارن کە من خوێندنەوەم زۆرە لەسەر عێراق و کاتی خۆی کە لەگەڵ ئێوە قسەمکرد لەسەر عێراق دڵنیاشم لەبیرتانە کە چیم گووت، وتم پێویستە عێراقییەکان دەسەڵاتەکان هاوبەش بکەن و پێویستە ئەمریکا داوا لە عێراقییەکان بکات بۆئەوەی دەسەڵاتەکان بەهاوبەشی دابەش بکەن، یاخود ئەوەیە عێراقییەکان داوا لە سەرکردەکانیان بکەن بۆ هاوبەشکردنی دەسەڵات**





**ئۆپۆزسیۆن تاکە هیوایەو بەم دواییانەدا بینیمان کۆبوونەوە ڕوویدا، ئۆپۆزسیۆن و قەتەر لەگەڵ سازدانی کۆبوونەوەیەك لە فەرەنسا، هەتا شەڕ بەردەوام بێت و ئۆپۆزسیۆن بەردەوام بێت ئەوە ئەسەد بەردەوام دەبێت لە بەرگری، ڕژێمەکەی ئەسەد چەکی قورسی هەیە، بەڕای تۆ ئایا ئۆپۆزسیۆن بەتەنیا دەتوانێت ئەسەد بەو هەموو چەکە قورسەیەوە بڕووخێنێت؟**

ـ بەگشتی هاوڕام لەگەڵت و پێموایە ئەسەد و گرووپەکەی بەردەوام دەبن لە شەڕ و بەرگری لە خۆکردن تا کۆتایی، تەنانەت ئەگەر بارەکە درێژەش بکێشێت و پێموایە ئەندازەی دەرکردنی زۆر زەحمەتترە بۆ نموونە لە یەمەن لەبەرئەوەی سەرۆکی یەمەن تەنیا نوێنەرایەتیی خۆی دەکرد — لێرەیشدا دووبارەی دەکەمەوە — ئەگەر پادشا بوایەم ئەوە هەوڵمدەدا ڕێککەوتنێك لەگەڵ ئەسەد ئەنجام بدەم، هەوڵم دەدا ئەسەد بڕوات، سواری فڕۆکەیەکم دەکردو دەماننارد بۆ شوێنێك و لە وڵاتە دەرم دەکرد، پاشان هەوڵم دەدا لەگەڵ لایەنگرەکانی بەتایبەتی سەرکردەکانی سووپا بەتایبەتی عەلەوییەکان لە سووپا ڕەزامەندبن لەسەر جۆرە ڕێککەوتنێك لەسەر هاوبەشیکردنێکی سیاسی بنکەفراوان لە سوریا، لەبەرامبەر بەئاسان دەرکردنی ئەسەد لە وڵات، لێرەیشدا پێشبینی دەکەم وەڵامی عەلەوییەکان چی دەبێت، دڵنیام ڕازیدەبن لەسەر هاوبەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی نەك دەسەڵاتی سەربازیی لەبەرئەوەی ئەوان متمانەیان بە سوننە نییە و پێیانوایە کە ئەگەر سوننە دەسەڵات لە سووپادا وەربگرێت، ئەوە لەوانەیە عەلەوییەکان کۆمەڵکوژ بکەن، لەم هاوکێشەیەدا ٣ لایەنی لەخۆگرتووە، یەکەمیان: گریمان سووپا ڕازی بوو ئەسەد بڕوات، ئایا ئەوکات کێ دەبێت

**ئاشکرایە قاعیدە لە سوریادا هەیە، بەڵام نازانرێت قەبارەیان چەندە، یان ئاستی تواناکەیان چۆنە، بەگشتی ترس هەیە لە بەرفراوانبوونی کاریگەرییەکانی قاعیدە لە ناوچەکە لەژێر سێبەری حکومەتێکی ئیسلامیدا**

بە سەرۆکی وڵات؟ دووەم: ئایا کێ دەبێت بە سەرۆک کابینەی حکومی و وەزارەتەکان و ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی دەوڵەت؟ لێرەیشدا چەندین لایەنی دیکە هەن لە غەیرە سوننە و غەیرە کریستیان و هەڵبەتە کوردەکانیش دەخەمە زیمنی هاوکێشەکەوە لەبەرئەوەی کورد تاکو ئەمرۆیش بەشدار نەبووە لە حکومەت، سەبارەت بە سووپایش پێشبینیی ئەوە ناکەم عەلەوییەکان بێفیزی بنوێنن لەبەرامبەر پێکهاتەکانی دیکەی غەیرە عەلەوییەکان لەبەرئەوەی پێموایە کە ئەوان پێیان باشترە بەخۆیان زۆرینە بن لە ڕیزی ئەفسەرە گەورەکانی سووپا لەپێناو پاراستنی خۆیان، ئەگەر من خاوەن ئیرادەیەکی باش بوایەم و مەبەستم هەبوایە بۆ چارەسەرکردنی کەیسەکەی سوریا ئەوە ئەو جۆرە ڕێککەوتنەم دەخستەڕوو و کارمدەکرد بۆ پیادەکردنی لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەیەکە کەمترین ئاستی توندوتیژی، بەڕای من شەڕی ناوخۆیی هەرەترسناکترین بارە و لە شەڕی ناوخۆییدا تەنیا ئافرەت و منداڵان زیاتر دەبنە قوربانی، شەڕی ناوخۆیی شتێکی زۆر ترسناکەو باوەڕناکەم کەس لەگەڵ شەڕی ناوخۆیی بێت، هەربۆیە پێویستە کاربکەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بەکەمترین ئاستی لابەلای شەڕی ناوخۆیی، خۆزگە دەخوازم لە تورکیا و عەرەبستانی سعودیە و ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا بەرەو ئەم ئاراستەیە هەوڵبدەن، هەروەها لە ڕوسیا و ئێرانیش، خۆزگە هەموویان ڕێککەون لەسەر چەسپاندنی ڕێککەوتنێکی سیاسی بنکەفراوان لە سوریا، بەڵام نازانم ئەو شتە چۆن ئەنجام دەدرێت، لەگەڵ مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵات، دەکرا ئەو ڕێککەوتنە ئەنجامبدرێت پێش سەرهەڵدانی توندوتیژی و بوار هەبوو بۆ دانانی فشار بۆمەبەستی قەناعەتپێهێنانی ئەسەد بۆ هاوبەشکردنی دەسەڵات لەسەر بنەمایەکی بنکەفراوان، بەڵام تازە ئەو شتە ناکرێت، هەربۆیە بۆ حاڵی حازر پێویستە قسە لەگەڵ سەرکردایەتی سووپا بکەین و ئەگەر پێمبکرێت پێیان دەڵێم: «تکایە ڕازیبن لەسەر لادانی ئەسەد و بەشداربن لە ڕژێمی سیاسی و لەبەرامبەردا بەردەوام بن لە کۆنترۆڵکردنی سووپا، ئەگەر لەدەستی من بوایە ئەو جۆرە ڕێککەوتنەم ئەنجامدەدا، بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە کە ئایا دەتوانین بگەینە ئەو جۆرە ڕێککەوتنە؟ من هەمیشە گەشبینم و پێموایە هەردەم دەتوانین چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزینەوە، بەڵام ئێستا باوەڕناکەم و پێموایە لەبەردەم کەیسێکی زۆر ئاڵۆز و سەختین لە سوریا.

*** دواپرسیار: چاودێران پێیانوایە کە هەرچەندە ڕۆژئاوا لەگەڵ ڕووخانی ئەسەدە، بەڵام هاوکات ڕۆژئاوا نیگەرانە لەسەر ئەڵتەرناتیفەکەی ئەسەد، دەبینین ئەمڕۆ ئەڵتەرناتیفەکانی ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لایەنی ئیسلامین، هەربۆیەیش ڕۆژئاوا دەیەوێت بزانێ کێ جێگەی ئەسەد دەگرێتەوە لە دەسەڵات، بەڕای تۆ ئایا تاچەند نیگەرانی لە ئەڵتەرناتیفەکەی ئەسەد بارەکەی ئاڵۆزتر کردووە؟**

- بەڕای من بارەکەی ئاڵۆز کردووەو

> **ئیدارەی بۆش پێی وابوو بە ئاسانی دەتوانێت ڕژێمەکەی سەددام بڕووخێنێت و حکومەتێکی نوێ و باشتر لە جێگەی دانێت، بەڵام ئەوەبوو دەستێوەردانەکەی ئەمریکا بووەهۆی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی و کوشتنی هەزاران هاووڵاتی، بەڕای من ئێمە دەمانتوانی کارێکی زۆر باشترمان بکردایە لە عێراق، بەڵام ئێمە مرۆڤین و لەوانەیە هەڵە بکەین و ئەوە ڕاستییەکەیە کە ئێمەی ئەمریکی شارەزاییمان لە ئەندازەی کۆمەڵایەتی نییە**

لێرەیشدا دوو شت باسدەکەم، ئەگەر سەرنج بدەن چی لە واشنتۆن دەوترێت، دەبینن خەڵکی بە بەردەوامی ترسیان هەیە، لەپاش ڕووخانی ڕژێمەکەو لە جێگەی ئەسەد «کاراکتەری خراپ» بێتە سەر دەسەڵات، ئەمە قسەی خەڵکە لە واشنتۆن و زاراوەی «کاراکتەری خراپ» بەکاردێنن، پێموایە هۆکاری بەکارهێنانی ئەو زاراوەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە واشنتۆن فۆبیای هەیەو لە ئیسلامی سیاسیی دەترسێت، کە گروپ و لایەنە ئیسلامیەکان کاروبارەکانی حکومەت ڕاپەڕێنێت، هەروەها لەڕووی نیگەرانیەکانی ئەمریکاو خەڵکی سوریایش پێموایە مەترسییە هەرە گەورەکە، بریتییە لە کاریگەری قاعیدە لە سوریا، لەبەرئەوەی ترسەکە لەوەدایە کە حکومەتێکی ئیسلامی لە سوریا پەناگە دابین بکات بۆ ئەندامانی قاعیدەو ئەو توخمانە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ قاعیدەی عێراق و لەگەڵ قاعیدەی مەغریبیش، هەربۆیە ترسە هەرە گەورەکەش لە قاعیدەیە، هاوکات ئاشکرایە قاعیدە لە سوریا هەیە، بەڵام نازانین قەبارەیان چەندە یان ئاستی تواناکەیان چۆنە، بەڵام بەگشتی ترس هەیە لە بەرفراوانبوونی کاریگەرییەکانی قاعیدە لە ناوچەکەدا لەژێر سێبەری حکومەتێکی ئیسلامیدا، بەکورتی: بەڵێ لە واشنتۆن ئەو نیگەرانییە هەر هەیە کە توندڕەوان و کاراکتەری خراپ بگەنە دەسەڵات لە سوریای پاش ڕووخانی ئەسەدو ئەمە هۆکاری سەرەکییە لەپشت ئەو دوودڵییەوە لەبەرامبەر کەیسەکەی سوریاو هەرلەبەرئەوە بە وریاییەوە جووڵانەوە هەیە لەوبارەیەوە، لەلایەکی دیکەوە میدیاکانی ڕۆژئاوا زۆر بەکەمی باسی سوریا دەکەن، بەتایبەتی میدیاکانی ئەمریکا، لەبەرئەوەی زانیاری تەواویان لەبەردەست نییەو نازانرێت ئۆپۆزسیۆن کێن و ئاراستە سیاسییەکانیان چین بۆ ئایندەی سوریا، هەربۆیە بەهۆی نەبوونی زانیاری و ڕاستییەکانەوە ئەو جۆرە ترسە لەناو خەڵک بڵاوبۆتەوە، هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد لێرەدا دوو ترس هەیە، یەکێکیان: ترسی ئەوە هەیە ڕژێمێکی نوێ بێت و پاڵپشتیکەر بێت بۆ قاعیدە، لە ئەنجامدانی هێرش لەدژی ڕۆژئاوادا، دووەمیان: ترسی ئەوە هەیە ڕژێمی نوێ توندڕەو بێت لەبەرامبەر کەمینەکانی ناو سوریا، لەبەرئەوە مەترسیی ئەوەی لێدەکرێت کەمینە غەیرە عەرەبە سوننەکان بچەوسێنێتەوە، یان کۆمەڵکوژیان بکات، ئەو دوو ترسە وای کردووە بە وریاییەوە جووڵانەوە هەبێت لەبارەی کەیسەکەی سوریا، ئەگەر سەرنج بدەنە میدیاکانی ئەمریکاو بڵاوکراوەکانیش بخوێننەوە، دەبینن زانیاری زۆر کەم هەیەو زۆر بەکەمی بابەت بڵاودەکرێتەوە، بۆیە حوکمکردن لەسەر ئەم مەسەلەیە زۆر زەحمەتە لەمبارەیەوە، بەڵام من لێرەدا ڕەخنە لە میدیاکانی ئەمریکا ناگرم، بەڵکو باسی ئەوە دەکەم کە هاووڵاتیانی ئەمریکا زۆر بەکەمی بەئاگان لەبارەی سوریاو بەتەواوەتی نازانن ئۆپۆزسیۆن کێیەو بەوردی نازانن مەبەستەکانی ئۆپۆزسیۆن چین، هەربۆیە شتەکان لەلامان ڕوون و ئاشکرا نییە.

# کۆمەڵگای کوردی
# کۆمەڵگایەکی کراوەی ـ داخراوە
# (Open- Closed Society)

## یەکەم: خێزان و بنەماڵە و عەشیرەت



ئازا حەسیب قەرەداخی

لە پێناسەکردنی هەردوو چەمکی کۆمەڵگای کراوە و کۆمەڵگای داخراو و ناسینی خەسڵەتەکانیان بە تایبەتیش ئەوانەیان کە پەیوەندییان بە جۆری سستمی چینایەتییەوە هەیە، بەو دەرەنجامە گەیشتین کە ئەم دوو جۆرە کۆمەڵگایە جیاوازیی بونیادیی لە نێوانیان هەیە و هەر یەکەیشیان بە گوێرەی خۆیان لێکەوتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کولتوورییان لە ژیانی کۆمەڵگاکاندا هەیە. وەلێ هاوکات دەبێ جەخت لەوەیش بکەینەوە کە سەرەڕای جیاوازییە زۆر و زەوەند و ئاشکراکانی نێوانیان، جیاکردنەوەی یەکجارەکی نێوان ئەم دوو سستمە چینایەتییە لە رووی زانستییەوە دروست و راست نییە، چونکە پێکهاتەی چینایەتی بەپێی رادەی توندوتۆڵی و نەرمێتییەوە، لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە، لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دیکە دەگۆڕێت و دەشێ کۆمەڵگا، کۆمەڵگای جووتەنی یان دوانەیی بێت، واتە ( هەردوو سستمەکە، کراوە و داخراو، لە یەك کاتدا، لە یەك کۆمەڵگادا هەبن، بەواتایەکی دیکە دەشێ سستمی چینایەتی کراوە لە کۆمەڵگای کاستی داخراودا هەبێ )[1]. پێچەوانەکەیشی راستە، واتە دەشێ سستمی کاستی داخراو لە کۆمەڵگای چینایەتی کراوەدا هەبێ وەکوو ئەوەی لە کۆمەڵگای کوردیدا هەیە. ئەم بابەتە تەرخانە بۆ سەلماندنی ئەم جووتەنییە.

(خێزان) یەکەیەکە لە کۆی ئەو یەکە کۆمەڵایەتییە سەرەکییانەی سستمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی پێکدەهێنن. خودان سستمێکی داخراوە کە بە گوێرەی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، بزاوتی شاقووڵی تێدا نییە. سەرۆکایەتی تێیدا باوکسالارییە. تەنیا باوك دەسەڵاتدارە بەسەر خێزانەوە. تا باوك نەمرێ یان بەتەواوی پەکی نەکەوێ، هیچ یەکێك لە ئەندامانی خێزان ناگەنە ئەو پلەو پێگەیەو ئەو دەسەڵاتانە وەرناگرن. هەروەها باوکسالاری و هەموو دەسەڵاتەکانی کە لێی دەکەونەوە، سستمی

> **خێزان) یەکەیەکە لە کۆی ئەو یەکە کۆمەڵایەتییە سەرەکییانەی سستمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی پێکدەهێنن**

(باوکنشینی )یان دروست کردووە و (نیشتەجێبوونی خێزان لە جۆری باوکنشینییە )[2] ، واتە ئەندامانی خێزان بە ژن و منداڵانەوە لەو جێیە نیشتەجێ دەبن کە باوك لێی نیشتەجێیە و هەر کاتێك، بەهەر هۆیەکەوە بوو، بۆ کاروکاسبی، یان گواستنەوەی راژەی لە فەرمانگەیەکەوە بۆ فەرمانگەیەکی دیکە لە شارێکی دیکە، باوك ناچاربوو شوێنی نیشتەجێبوونی بگۆڕێ یان بگوازێتەوە، ئەوا خێزانیش وەدووی دەکەون بۆ شوێنە نوێیەکە. واتە لەسەر ئاستی ئاسۆییش بزاوتی خێزان پەیوەستە بە بزاوتی باوکەوە.

خێزان گەشە دەکات و خێزانی دیکەی لێدەکەوێتەوە و ئەوانی نوێیش هی دیکەیان لێوە دروست دەبێ. ئەم تۆڕە لە خێزانی پێکەوە گرێدراو بە خوێن و ئەسڵ یەکەیەکی خێزانیی دروست دەکەن لە کوردەواریدا پێی دەگوترێ ( بنەماڵە ـ ماڵبات) کە لە دوای خێزان و فراوانتر لە خێزان دابەشبوونێکی دیکەی کۆمەڵایەتییە و هەر بنەماڵەیەکیش سەرۆکێکی هەیە. سەرۆکایەتی بنەماڵە بە میرات بۆ کەس نامێنێتەوە، بەڵکو کە سەرۆکی بنەماڵە دەمرێ یان بە تەواوی پەکی دەکەوێ، (کەسێکی هەرە بە توانا و لێهاتوو و دیاری ناو بنەماڵەکە لەلایەن سەرۆکانی ئەو خێزانانەوە هەڵدەبژێردرێ کە بنەماڵەکەیان پێکهێناوە، یان هەر بە شێوەیەکی ئاسایی ئەو کەسە دەبێتە سەرۆکی بنەماڵەکە چونکە لێهاتووترین و بەرچاوترین کەسایەتی ناو بنەماڵەکەیە و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی شایانی هەیە و رێزلێگراوە و مەرجەعی هاریکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی ماڵباتەکەیە )[3] . ئەمەیش مانای وایە بە پێچەوانەی خێزانەوە، لە ناو بنەماڵەدا بزاوتی کۆمەڵایەتی شاقووڵی هەیە و کەسەکان دەرفەتی ئەوەیان لەبەردەمدایە کە بەهۆی لێهاتوویی و پێگەی کۆمەڵایەتی و بەرچاوییانەوە هەڵکشێن بەرەو سەرەوە و سەرۆکایەتی ماڵبات وەرگرن. کەواتە هەر لەناو کۆمەڵگای کوردیدا و لەناو دوو یەکەی یەك لەدوای یەکدا هەردوو سستمی کراوە و داخراو

هەیە. دیسانەوە بۆ دڵنیا بوون لەم دەرەنجامە دەتوانین ئاماژە بۆ یەکەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی باڵاتر لە بنەماڵەش بکەین کە ئەویش (عەشیرەت)ـە.

کە بنەماڵە فراوان دەبێ و، لە سنووری پەیوەندی و رایەڵی خوێن دەردەچێ، دەبێتە عەشیرەت. هەموو عەشیرەتەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا هەمان سستمیان نییە، وەلێ (عەشیرەت پێکهاتەیەکی دروستکراو نییە.. بەڵکو قەوارەیەکی کۆمەڵایەتی زیندووە و دامەزراوێکە وەکوو پێویستی و وەڵامدەرەوە بۆ داخوازییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری دروست بووە. هەروەها ئامرازێکە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی و پاراستنی ئەندامەکانی)[٤] . بۆیە دەکرێ وەکوو « باسیلی نیکیتین» دیاری دەکات، بگووترێ کە عەشیرەت (یەکەیەکی سیاسییە، لە دەوڵەت یان نەتەوە بە مانا هاوچەرخەکەی دەچێ. بەشێکە یان لقێکە، ئەو نیوەیەی کە یەکەی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنێ، ژمارەیەك لق و پۆی دیکەی لێ دەبێتەوە وەکوو ئەوەی هەر یەکەیەکی سیاسی هەیەتی. لە عەشیرەتدا لق یان بەش شێوەیەکە لە خێزانی فراوان)[٥]. یان وەکوو « مارتن فان برونسن»یش دووپاتی دەکاتەوە و دەڵێ لە کۆمەڵگای کوردیدا ( عەشیرەت یەکەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسییە)[٦]. هەروەها «شاکر خصباك» لەوان زیاتر وردی دەکاتەوە و دەڵێ: (عەشیرەتی کوردی یەکەیەکی نشینی سیاسییە دوو چینی لێکجیای هەیە.. چینی حوکمڕانان و چینی عەوام...)[٧].

بڕوای باو ئەوەیە کە ئەندامانی عەشیرەت، تەنانەت هی یەکێتی عەشیرەتەکان، لە هەمان بەرەبابن (ئەوەیش راست نییە، لەوانەیە زۆرجاران عەشیرەت لە گردبوونەوەی ئەو کۆمەڵە کۆمەڵایەتییانە پێکهاتبێ کە خزمایەتی لەنێوانیاندا هەیە، وەلێ ئەمانە بەشێك لە کۆی عەشیرەت پێکدەهێنن)[٨]. مەرج نییە نەسەب لە عەشیرەتی کوردی بگەڕێتەوە بۆ یەك باپیرە گەورە، بەڵکو زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ دەڤەر یان گوند ( وەکوو بڵێی گوند، باپیرە گەورە و رەگوڕیشەی عەشیرەتە، ئەمەیش نیشانەی پەیوەستبوونی توندوتۆڵی کوردانە بە زێدیانەوە)[٩]. بڕبڕەی پشتی عەشیرەتی کوردی، وەکوو «شاکر خصباك» دەبێژێ، نەسەب و بەرەباب نییە بەڵکو «خاك»ـە. عەشیرەتی کوردی دانەیەکە لە نموونەی ئەو عەشیرەتانەی لەسەر بنەمای (هاو خاکیی )[١٠] دروست بووە. بۆیە کۆمەڵگایەکی داخراو نییە بۆ ئەو کەسانەی ئەندامین، بەواتایەکی دیکە عەشیرەتی کوردی کۆمەڵگایەکی داخراو نییە تەنیا بۆ ئەو کەسانەی نەسەبیان یەك بەرەبابە و خوێن رایەڵی پێکەوەییانە، بەڵکو بەپێچەوانەوە (زۆر ئاسانە کە خەڵکی غەیرە لە عەشیرەتدا وەرگیرێن و تەنانەت بگەنە پلە و پایەی بەرزیش)[١١].هەروەها مەرج نییە سەرۆکایەتی کردنی عەشیرەت بە میرات لە باوکەوە بۆ کوڕ بمێنێتەوە. دەشێ رووبدات بەڵام بەو مەرجە کە کوڕەکە خودان رێز و تەقدیر و لێهاتوویی بێ و پاشی راوێژ لەنێوانی ریشسپیانی عەشیرەتدا پەسەند بکرێ. هەر لەم چوارچێوەیەدا دەشێ ئافرەتیش بگات بەو پلە و پایەیە. ئەمەیش ئاماژەیەکی یەکجار گرنگە کە بزاوتی کۆمەڵایەتی شاقووڵی لە کۆمەڵگای کوردیدا تەنانەت لەناو ئەو پێکهاتە نەریتییە ترادیشناڵانەشدا هەیە کە بە تایبەتمەندی و داخران ناسراون. بەواتایەکی دیکە کۆمەڵگای کوردی لە ئاستی یەکەی عەشیرەتیشدا کۆمەڵگایەکی کراوەیە و رێگە دەدات بە دروستبوونی ئەم قەوارەیە لە دەرەوەی بازنەی بەرەباب و غەیرەی دەرەوەی رایەڵی خوێن وەردەگرێ و شوێن نەسەبی راستەقینەیە لە بونیادیدا و ئەرکەکانیشی ئەرکی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوورییە و دەرفەتی هەڵکشان بۆ پلەوپایەی سەرکردایەتی کردنی بۆ هەمووان رەخساوە بە مەرجی لێهاتوویی و توانا.

رێکار و رێوشوێنەکانی دانانی کەسێك وەکوو سەرۆکی عەشیرەت، لە هەموو عەشیرەتەکانی کورددا وەکوو یەك نییە. هەیانە بە میرات لە باوکەوە بۆ کوڕی گەورە یان یەکێك لە کوڕەکانی دیکەی دەمێنێتەوە، بەڵام بەو مەرجەی کوڕەکە لێهاتوو بە توانا بێت و لەلایەن ریشسپیانی عەشیرەتەوە پەسەند بکرێ. یان کەسێکی دیکە چ لە هەمان بەرەباب یان لە غەیرە بە پێی توانا و لێهاتوویی هەڵدەبژێردرێ. یان شێوازی دیکە پەیڕەو دەکرێ. وەکوو ئەوەی کە لە هەندێ عەشیرەتدا بازێك هەڵدەدەن لەسەر شانی هەر کەسێك نیشتەوە ئەو دەکەنە سەرۆکی عەشیرەتەکەیان. بەم مانایە کۆمەڵگای ترادیشیناڵی کوردی تا ئەو رادەیە کراوەیە کە تەنانەت رێککەوتیش رۆڵی لە بزاوتی کۆمەڵایەتیدا هەیە و دەرفەتی جووڵەی شاقووڵی بۆ کەسەکانی دابین دەکات.

**لەناو کۆمەڵگای کوردیدا و لەناو دوو یەکەی یەك لەدوای یەکدا هەردوو سستمی کراوە و داخراو هەیە**

**کۆمەڵگای ترادیشیناڵی کوردی تا ئەو رادەیە کراوەیە کە تەنانەت رێککەوتیش رۆڵی لە بزاوتی کۆمەڵایەتیدا هەیە و دەرفەتی جووڵەی شاقووڵی بۆ کەسەکانی دابین دەکات**

**سەرچاوەکان:**

١ - القصير مليحة عوني و معن خليل عمر، المدخل الى علم الإجتماع. مطبعة جامعة بغداد ١٩٨١،ص٢٥٢

٢ - خصباك، شاكر، الأكراد، بغداد، مطبعة شفيق، ١٩٧٢، ص٤٥٤

٣ - الجاوشلي، هادي رشيد، الحياة الإجتماعية في كردستان، مطبعة الجاحظ- بغداد، ١٩٧٠، ص٤٢

٤ - هەمان سەرچاوە، ل ٤٤

٥ - نيكيتين، باسيلي، الكرد، نقله من الفرنسية وعلق عليه: الدكتور نوري الطالباني، دار سبيريز للطباعة والنشر، دهوك٢٠٠٨، ط١ ص ١٨٨-١٨٩

٦ - برونسن، مارتن فان، الآغا و الشيخ والدولة، البنى الإجتماعية والسياسية لكردستان، ترجمة: أمجد حسين، معهد الدراسات الإستراتيجية، ج١، ط١، بغداد- اربيل- بيروت، ٢٠٠٧، ص١١٨

٧ - خصباك، شاكر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٤

٨ - مكدول، ديفيد، تأريخ الأكراد الحديث،دار الفارابي،بيروت، ط١، ٢٠٠٤، ص٥٠

٩ - العزاوي، عباس، عشائر العراق، ج٢، الكردية، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٤٧، ص١٣

١٠ - خصباك، شاكر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤٦

١١ - نيكيتين، باسيلي، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٠






تقديم ارقى الخدمات

# ئایا سۆدان دەگاتەوە بە کاروانی بەهارەکە یان بۆ ناو پاییزی بارەش و بۆران ڕادەکێشرێت..!





ڕاپۆرتی ئەسما حوسەینی ـ قاهیرە/گوڵان

بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی خۆراك و کەلوپەل و سووتەمەنییەوە لە ناوەندی مانگی پێشووەوە دەربڕینی ناڕەزایی و مانگرتن لە خەرتومەوە هەڵگیرساوە، ڕۆژی هەینی پێشووتر لە ژێر دروشمی لێستنەوەی کوع بازنەی مانگرتنەکان جگە لە قوتابیانی زانکۆ هاووڵاتیانی ترو شارو شارۆچکەکانی دیکەشی تەنییەوەو تەوقی ترس و بێدەنگی شکاندو بنەما جێگیرەکانی دیمەنی سیاسی سۆدانی هەژاند، لەو وڵاتەدا حزبی دەسەڵاتدار منەتی بە کەس نییەو پێی وایە ئۆپۆزسیۆنیش توانای ئەوەی نییە دەسەڵاتی لێ بسەنێت، حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنیش پەککەوتەن و کاریگەرێتییان سنووردارو دیاریکراوە، چەندین جووڵانەوەی چەکداریش لە هەموو لایەکی وڵاتەکەدا تەشەنەیان سەندووە، بەڵام ئەم بزاڤ و جوڵانەوەیەی ئەم دواییەی هاووڵاتیان خۆڕسکانە بوو لە پاش ئەوەی چیتر ئارامیان نەماوە لە بەرانبەر سیاسەتی هەڵەی ئابووریی کە موعاناتیان ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر دەکات، ئەوەش بە کاریگەری شۆڕشەکانی عەرەبی و ئیلهام وەرگرتن لەو شۆڕشانەی کە بوونەتە کەلتورێك لە مێژووی ئەو وڵاتەدا، چونکە سۆدان یەکەمین ڕاپەڕینی لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤٦ و دواتر لە ساڵی ١٩٨٥ تێدا دروست بووە کە هەردوو سەرۆکی پێشووتری ئەو وڵاتەی داگرتە خوارەوە کە ئەوانیش ئیبراهیم عەبود و جەعفەر نومەیری بوون..

دەزگا ئەمنیەکانی سۆدانی بە ئاگرو ئاسن ڕووبەڕووی مانگرتنەکان بوونەوە تێیدا گولەی پلاستیك و ڕاستەقینەیان بەکارهێنا، مانگرەکانیان ئەشکەنجە دان و ڕۆژنامەکانیان قەپات کردو بە جلوبەرگی مەدەنییەوە چەکدارەکانی ئەمن هەڵیاندەکوتایە سەر ماڵان و خەڵکیان ڕاودەنا..

گەلی سۆدانی بەهۆی دەشتەکایەتی و بەدوو بوونی و بە حوکمی ئەفەریقیی بوونیەوە تەبیعەتێکی شۆڕشگێڕانەی هەیە، هەموو کەرت و بەشەکانی ئەو وڵاتەش بە وردی لە هەواڵەکانی شۆڕشەکانی وڵاتانی تری عەرەبی دەڕوانن و کەشوهەوای وڵاتی خۆیان بە جیاواز نابینن لە کەشوهەوای ئەو وڵاتانەی شۆڕشیان تێدا بەرپا بوون، بارودۆخی ئێستای وڵاتیش لە هەموو ڕوویەکەوە ناهەموارە بۆیە زۆر لە خەڵکی بڕوایان بە حەتمیەتی گۆڕانکارییە لەسەرهەموو ئاستەکان کە لە دوای دابەشبوونی ئەو وڵاتەوە کە باشوورەکەی لێی جیابۆتەوە بارودۆخەکە خراپتر بووەو لە ٪٧٥ داهاتی بیترۆل لە کەمی داوەو نرخی جنەیهی سۆدانی دابەزیوەو ڕێژەی هەڵئاوسانیش خۆی لە ٪٤٨ داوە، زۆرینەی

## ڕۆژانە لە سۆدان مانگرتن هەیە. بارودۆخی وڵات چرکە دوای چرکە گەرمتر دەبێت

سۆدانیەکان گۆڕانکارییان پێ باشە بەڵام جیاوازن لە چۆنیەتـــی گۆڕینەکەدا، هەن گرەو دەکەن لەسەر گۆڕینێك لە ناو جەرگەی دەسەڵاتەوە و لە ناو خودی بزاڤی ئیسلامی کە حاکمدارانی ئەو وڵاتە ئینتیمایان بۆی هەیە، هەن گرەو دەکەن لەســـەر کودەتایەك لە ناو کۆشـــکی ســـەرۆکایەتییەوە، هەن ڕیفۆرمیـــان پێ باشـــترە لـــە کودەتا، تا ئێستاش لە مەیدانی ئیسلامیەکانەوە پێنج بیرخەرەوە بۆ چاکســـازی دەسەڵات دراوەتە فەرمانڕەواکانـــی وڵات، کـــە تێیدا هەیە ڕادیکاڵیانەیەو هەیە بە زمانێکی نەرمەوەیە، کە گوزارشـــتن لە ئەو فەوزا و مەترســـیە ڕاســـتەقینانەی کە ڕووبەڕووی جەستەی ئیســـلامیی و کەشـــتی فەرمانڕەوایـــی ئیســـلامی لە ســـۆدان بووەتەوە، زۆربەی سەرکردە ئیسلامیەکان ئاستی زۆری هەڵەو پەڵەت و ئـــەو خەتایانەیان دادانپێدا ناوە کە فەرمانڕەوا ئیســـلامیەکان ئەنجامیان داوە، لە دەرەوەی ئەمان و لـــە دەرەوەی بازنەی بزووتنەوەی ئیسلامی لە سۆدان بەو شێوەیە خەڵکانی تر هەن کـــە ئارەزووی گۆڕانن، بەڵام لەو بزاڤە یاخیبووە سڵدەکەنەوە کە بە ناوی بەرەی کاودا بـــەر لە چەند مانگێ پێش ئێســـتا بـــە ئامانجـــی ڕووخاندنی ڕژێمی بەشیربەرەی شۆڕشگێڕانەی خۆیان ڕاگەیاندووە، سڵکردنەوەکە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەو لایەنە شۆڕشـــگێڕانە تژی بن بە ڕاســـیزمی و ڕەگەزپەرستێتی دژ بە ناوەندو باکووری ســـۆدانەوە، یان توندوتیژ بن و لە دوای خســـتنی دەوڵەتەوە فەوزاو بێســـەروبەری باڵ بەسەر وڵاتدا بکێشێت و بارودۆخ بەرەو خراپتر بچێت، بە تایبەتی بە هۆی ئەو هەموو چەك و دوژمنایەتییانەی لە وڵاتەکـــەدا بەربڵاوە، هەروەها لە خەمی ئەوەی ڕژێمی ئێســـتاش بەرگری توند لە مانەوەی خۆی بکات ئەو کاتە ئاکام نابێتە بەهاری عارەبی لە ســـۆدان بەڵکو ڕەنگە ببێتە پایزێکی پڕ لە زریان و گەردەلوول و گڕەی بارەشی هاوینە..

وێـــڕای هەمـــوو مەترســـیەکانیش مانگرتنەکانی قوتابیان دیواری ترســـیان لە بەرانبەر دامودەزگا ســـەرکوتکارەکانی فەرمانڕەوایانـــی ئیســـلامی شـــکاند، وابەســـتەیی و پاشـــکۆیایەتی خۆیان بۆ ئۆپۆزسیۆن ڕەتکردەوەو هەوڵی ڕێکخستنی خۆیان لە دەرەوەی بەرەی ئۆپۆزسیۆن داوەو لە ژێـــر ناوونیشـــانی بێزاربووین.. بێزمان دێتەوە..دیقمانکرد..تاد

ئێستا ڕۆژانە لە ســـۆدان مانگرتن هەیە، بارودۆخی وڵات چرکە دوای چرکە گەرمتر دەبێت،بە تایبەتـــی لە دوای نۆی یۆلیۆوە کە بە فەرمی باشوور جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاندووەو دەوڵەتی ســـەربەخۆی خۆیان دامەزراندووە،لەو کاتەوە ســـووکە جەنگ و شەڕ لە باشـــووری کەردفان و نیلی شین و گـــرژی زیاتر لە دارفـــۆرد بەرپا بوون، بۆنی ســـەرلەنوێ هەڵگیرسانەوەی شەڕی دژ بـــە باشـــوور لە ئارادایەو لـــە باکوورو خۆرهەڵاتی ســـۆدانیش بارگـــرژی هەن،



بەشیر ئادەم ڕەحمە بۆ گوڵان:

**ئەگەر ئەم ڕژێمەی ئێستا نارەزایەتی جەماوەر بە هەند وەرنەگرێت و تەحەددای پێداویستیەکانی خەڵکی بکات ئەوە وەک چۆن ڕژێمەکانی تری لە بنجەوە ڕیشەکێش کران ئەمیش هەمان چارەنووسی دەبێت**

بەڵام ئەم مانگرتنانەی دوایی بە نەخشەو وەڵامدەرەوەی هیچ کام لەو هێزە سیاسی و حزب و سەرکدە یاخیبووانەو ئۆپۆزسیۆنانەو نییە بەڵکـــو دەربڕینـــی نارەزایەتییە لەو بارودۆخـــە زەحمـــەت و گرانییەی وڵاتی تێکەوتووە کە شـــێتانە بـــۆ چەندین قات نرخ هەڵکشـــاوەو کەمینەیەکی کەم هەموو وڵاتیان لە بن دەســـت نـــاوەو زۆرینەیەکی زۆریش ژەمی ڕۆژانەی دەست ناکەوێت و لە برســـاندا دەناڵێنن، هیچ ئومێدێکیشیان بـــەو بەڵێنانە نەماوە کە لە لایەن ســـەرۆك بەشیرو دەســـەڵاتی فەرمانڕەوا دەدرێن بۆ یەکسانکردنی هەمووان لە مامەڵەکردندا..

بۆیە ئەم مانگرتنانە لێدانی زەنگۆڵەکانی ئاگادارکردنەوەیەو پێویســـتە لە بەر گوێی ئەوانەی کاروباری وڵات بەڕێوە دەبن زەنگ بداتەوە تا بـــە دەردی وڵاتانی عەرەبی تر نەچن..

هاوزەمەنیشە لەگەڵ ڕێکەوتنی حزبەکانی ئۆپۆزســـیۆن بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی ئێستا چوونـــە ســـەر پەیکەربەنـــدی ماوەیەکی ڕاگوزاریـــی دواتـــر لەم بارەیـــەوە دکتۆر بەشیر ئادەم ڕەحمە بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی حزبی کۆنگرەی میللی ئۆپۆزسیۆن بە گۆڤاری گوڵانی ڕاگەیاند(( شـــۆڕش لە سۆدان ناوەستێت حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن لەسەر هێڵە پانەکانی ماوەی ڕاگوزەریی پێکهاتوون کە ماوەکەی دوو ســـاڵە لە پاش کەوتنی ڕژێمـــەوە دەســـبەکار دەبن تەنیا هەندێـــك وردەکاری ماوەتەوەو پێکهاتنیش هەیە لەســـەر پێکهێنانـــی ئەنجومەنێکی ســـەرۆکایەتی حەوت کەسییانە لە هەموو لایەنەکانی سۆدانەوە کە یەکێکیان ئافرەتە، هەروەها دامەزراندنی ئەنجومەنێکی وەزیران کە لە ٢٠ وەزیر پێکدێت و پەرلەمانێکیش لە ١٠٠ ئەندام پەرلەمان پێکدێت، بۆ قۆناغی ڕاگوزاریی کە یەکەمین ئەرکەکەنی بریتییە لە وەدیهێنانی ئاشتەوایی لە ناو هەموو ئەو ناوچانەی کە بەهۆی جەنگەکانی دارفۆرو باشووری کردفان و نیلی شینەوە جەنگیان تێدا هەڵگیرساوە، ئەمەش دەروازەیەك دەبێت بۆ چارەســـەری گرفتـــە ئابوورییەکان کە بەهـــۆی ئەو جەنگانـــەوە هەموو بودجەی وڵات بە هەدەردەچێـــت، بە ڕوخانی ڕژێم گەندەڵێتی دەوەستێت و سامان و پارەی وڵات لە چاکســـازی ئابووری و خزمەتگوزاری

و خوێندن و پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی بەهۆی جەنگەوە وێران کران خەرج دەکرێت، و هەروەها وەبەرهێنان و هاریکاری دەرەکی دەرگای بۆ ئاوەڵا دەبێتەوە..

سەبارەت بە ئامرازی ڕوخاندنی ڕژێمیش ڕەحمە درێژەی دایەو وتی:

ئەگەر ئەم ڕژێمەی ئێستا وەڵامی پێ نەبوو بۆ ئەو هەموو گرفتانەوە نارەزایەتی جەماوەر بە هەند وەرنەگرێت و تەحەددای پێداویستیەکانی خەڵکی بکات ئەوە وەک چۆن ڕژێمەکانی تری لە بنجەوە ڕیشەکێش کران ئەمیش هەمان چارەنووسی دەبێت، ئۆپۆزسیۆنی سودانی ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە گۆڕانکاری لە ڕێی هێزی سەربازییەوە ئەنجام بدرێت ئومێدەوارە کە لە ڕێگەی شۆڕشی ئاشتیخوازانەوە گۆڕانکاری بکرێت کە لە ناوەندی مانگی ڕابردوو دەستی پێکردووەو داوایان لە هێزە چەکدارەکان و هێزەکانی ئاسایش کردووە لایەنگیری گەل بکەن و دەستیان بە خوێنی خەڵکی سوور نەکەن چونکە توندبوونەوەی ستەم هۆیەکە بۆ بەهێزترکردنی بەرگری میللی..

هەروەها سەید موبارەک فازڵ لە لای خۆیەوە بۆ گوڵان قسەی کردوو وتی داوام لە گەنجانی سودان کردووە خۆڕاگر بن و لە هەڕەشەکان سڵ نەکەنەوە چونکە ئرژێم وەک پڵنگی کارتۆنی لێهاتووە، لە ناو خۆیدا سەرانی ڕژێم خەریکی پیلانگێڕانن لە یەکتر، وەزیری دارایی ئیفلاسی کردووەو ناتوانێت بەرگەی یەک حاڵەتی ئیمرجینسی بگرێت بۆ هێزەکانی ڕژێم، بە بەرگری کردنی ئاشتییانەوە سووربوون و ئارامگیری گەنجان ئامانجی بەرزی گۆڕانکاری دێتە دی، ئێمەیش وەک حزبی ئومە ئامادەین پشتگیرییان بکەین، چونکە سۆدان ئەمڕۆ لە دژوارترین باری گوزەران و هەژارێتیدایە بەهۆی سیاسەتەکانی ئینقازەوە، سیاسەتی چەوتی ڕژێم لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوو سۆدانی کردۆتە ئۆردوگایەک بۆ ٤٠ هەزار سەربازی سوپای نەتەوە یەکگرتووەکان و سەروەرێتی وڵات لە ژێر پرسیاردایەو وڵات لێکترازاوە بۆ دوو بەش و لەم بەشەی کە بەرەی ئینقاز تێیدا حوکمدارە بۆنسووتووی ئاگری دەیەها جەنگی تری لێوە دێت و ژمارەی کوژراوانی جەنگە ناوخۆییەکانی ئەم ساڵانەی دوایی سودان گەیشتۆتە ٥٠٠ هەزار کەس، ئینقازی ئیسلامی تاوانی جینۆسایدیان دژ بە مرۆڤایەتی لە ناوخۆی وڵات ئەنجام داوەو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییان پەلکێشی دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵات کردووە و سەرۆکی وڵات لە لایەن دادی جیهانیەوە داواکراوەو سەرکردەکانی تری ئینقازیش جگە لە تێوەگلانیان لەو تاوانانە بەشدارییان کردووە لە بە تاڵانبردنی ماڵ و سامانی گشتی و چەندین کۆشک و تەلاری بەرزیان بۆ خۆیان و خانەوادەکانیان دامەزراند لەسەر حیسابی خوێنی خەڵکی سودان، بەو سیاسەتە هەڵەیەی ئەوان ژیانی هاووڵاتیانی سۆدانی کەوتنە ناو دۆزەخە کەچی کاتێ خەڵکی بێ دیفاع دەنگیان هەڵدەبڕن ئەو خەڵکە بە بەکرێگیراوو خیانەتکار تۆمەتبار دەکەن، ئێمە داوامان لێ کردون دەربڕینی نارەزایی بە ئاشتیانە بکەن تا ئامانجەکانیان دێنە دی و ئەلتەرناتیڤێکی دیموکراتخوازی



**سەید موبارەک فازڵ بۆ گوڵان:**

**ئینقازی ئیسلامی تاوانی جینۆسایدیان دژ بە مرۆڤایەتی لە ناوخۆی وڵات ئەنجام داوەو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییان پەلکێشی دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵات کرد**

## زۆرینەی سۆدانیەکان گۆڕانکاریان پێ باشە بەڵام جیاوازن لە چۆنیەتی گۆڕینەکەدا

نیشتمانی دێتە شوێنی ڕژێمی ئێستا..

ئەم مانگرتنانە چارەنووسی دیار نییە، بەڵام ئەوەندە دەزانرێت کە ڕژێم زۆر پێی شڵەژاوە بە تایبەت لە ناو حزبی فەرمانڕەواوە و لە ناو ڕیزەکانی ئۆپۆزسیۆنیشەوە بە هەدوو باڵی سیاسی و چەکدارییەکەیەوە، تا ئێستا دیار نییە فەرمانڕەوایانی سۆدان لە بەرانبەر ئەم جووڵانەوە ئاشتیخوازانەیەدا چ پیلانێکی داناوە، وەک دەزانرێت کە ماوەی ٢٣ ساڵە هەر جووڵانەوەیەک ڕوویدا بێت توانیوەتی پیاوانی خۆی بخزێنێتە ناویان و شکستیان پێ بهێنێت، وێڕای وێکچوونی زۆر خاڵ لە بەراوردکاری ئەم ڕژێمەو ڕژێمەکانی تری کە لەناو چوون لەسەروو ئەوانەشەوە سەرۆک و سەرکردەکانی بەرەی ئینقاز لە لایەن دادگای باڵای تاوانەکانی نێو دەوڵەتی داواکراون ، یان ئەوەتا بەشێرو حزبەکەی وەڵامی مانگرتووان بە گۆڕینێکی بنەچەیی دەدەنەوەو وەک چۆن لە بەرایدا ئێستا سیاسەتی تەقەشوفی لە بەرانبەر حکومەتەکەی و دامودەزگاکانی گرتۆتە بەر، ئەم هەنگاوانەش دەرەنگ کەوتون و هەندێک گۆڕانکاری ڕیشەیی زیاتریان گەرەکەو هەندێکیش تەنیا چارەسەر لە ڕۆیشتنی ڕژێمدا دەبینن و حوکمیش تەسلیمی هێزە چەکدارەکان بکرێت بە کاتیی و حکومەتی ڕاگوزاریی ڕابگەیەنرێت، سیناریۆی سێیەمین بریتییە لەوەی بزاڤە چەکدارەکانی دەوروبەری سۆدان ڕابکێشرێنە ناو تەنگژەکەوە و پێوەندی بەم نارەزایەتییە ئاشتیخوازانە بکەن وهەنجەتیش بدەنە حکومەت بۆ سەرکوتکارییان و ئەوسا مانگرتنەکان بگۆڕدرێن بۆ جەنگێکی بەرفراوانی ئەهلی و ئەو هەموو چەکەی دەستی سۆدانییەکان گربدات و کۆنە قین و نەخوێندەواری و نەزانی باڵادەست بێت و بەهاری چاوەڕوانکراو بگۆڕێت بۆ پاییزی باوو بۆران و شەڕی ئەهلی و موعاناتی درێژخایەنی زیاتر لەوەی ئێستا ئەو وڵاتەی پێوە گرفتارە..

# ئیدیۆلۆژیاو زانستە مێژووییەکان

توێـــژەران تـــا ئاســـتی گومانکاریی، لـــە هەبوون و سەربەخۆیی بوونی زانســـتە مێژووییەکان نیگەرانن، بۆیە لەســـەر دۆخی ئیپستمۆلۆژیایی ئەم زانستەو لەسەر دۆخی بنەماکانیی، بـــە قووڵی کەوتونەتە ناو ئەو گومانەوە، واتە بابەتگەرایی لەزانستە مێژووییەکاندا هەڵگری گومانێکی قووڵە، ئەوەش بە هـــۆی پێوەندی چڕییەوە بە ئیدیۆلۆژیاو بەو هەلومەرجانەی کە کە لە لایەکەوە پرۆســـەی مێژوویی لەئامێز دەنێت،و لە لایەکی تریشـــەوە بەهۆی دروست بوونە فەلسەفیەکەی خودی ئەم زانستە خۆیەتی، چونکە زانستە مێژووییەکان هەر لە سەرەتای دروست بوونیانەوە مەحکومن بە فەلسەفاندنەوە..

ســـەرەڕای ئەمەش زەڕورەتی ئیبســـتیم(بابەتگەرایی) لە زانســـتە مێژووییەکانـــدا، پێداویســـتیەکی مرۆڤانەی زاتییە، بە هۆی ئەم دوو هۆکارەی باســـمان کردن، قەیرانە ئیبســـتمۆلۆژیاییەکە دروســـت دەبێت، کـــە پێوەندیدارە بە چۆنیەتی خوڵقاندنـــی زانســـتێکی پەتی(مجرد) ئەوەش بۆ مێژوو بە هەلومەرجەکانـــی وەدیهاتنیەوە دیاریدەکرێت، لەو قەیرانەشـــەوە پارادۆکســـێکی ڕوون و ئاشکرا لە نێوان زانســـتە مێژووییەکان و فەلســـەفەی مێژوویدا لە دایك دەبن، ئەوەش پارادۆکسە لە نێوان هەردوو میتۆدی تەفسیرو هیرمۆنیتیکاییـــدا، پارادۆکســـە لە نێـــوان چەندایەتی و گەڕان بە شـــوێن فاکتەرە لۆژیکـــی و مەتریالیەکاندا بۆ تەفســـیرکردنی جیهان لە لایەك و هەروەها بۆ گەڕاندن بە شوێن ڕووداوە سەراســـیمەکان و کەشفکردنی ماناو مەغزا مرۆڤایەتییەکەی پشـــتەوەیان و تەئویل بۆکردنیان لەســـەر ئەو ئاســـتەی خۆیانی لەسەر وەســـتاون لە لایەکی ترەوە، واتە تێگەیشتن لەو پارادۆکسانەیە کە فەلسەفەی مێژوو و دیاردەی مێژوویی بەدوایدا وێڵن..

زەڕورەتی ئەبیســـتیمی بە شـــێوەیەکی ڕوون لە ڕەهەندە تیۆریاکەی مێژوویدا ڕەنگدەداتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە زەڕورەتی مرۆڤایەتی زاتیی، لـــە ڕەهەندە کردارەکیەکەی ئەبیســـتیمی مێژوویدا ڕەنگی داوەتـــەوە، هەر لە دێرینەوە فەیلەســـووفێکی ڕۆمانـــی وەك شیشـــرۆن بەم شـــێوەیە گوزارشـــتی کردووە لەم زەڕورەتە(( ئەگەر بەر لە لەدایك بوونت ئـــاگاداری ئەوە نەبوبیت کە چـــی ڕوویداوە واتا تا ئەبەد هەر بە منداڵێتـــی دەمێنیتەوە)) دەنگدانەوەی ئەم ڕاوبۆچوونەی شیشرۆن لە سەدەی هاوچەرخدا لای جۆرج ســـەنتیانا وا کەوتەوە(( ئەوانەی ڕابردوویـــان بیر نایەتەوە مەحکومن بە دووپات کردنەوەی))

بە شێوەیەکی گشـــتی نووســـینەوەی مێژوو بە ڕێبازە زانســـتیەکەی هیچی کەمتر نییە لە دروست کردنی خودی مێژووەکە، هەندێـــك کات ئەرکی مێژوونووس زەحمەتترە لە ئەرکی خوڵقێنەری مێژووەکە، لێرەوە کارایی ئیدیۆلۆژیا بە چڕی دەردەکەوێت، کاتێك مێژوونووس بابەتێکی مێژوویی ڕاڤە دەکات و دەیخوێنێتەوە، ئەرکەکەی ئاڵۆزتر دەردەکەوێت لەو کاتەدا کە ئەوەی بۆ ساغ دەبێتەوە کە خودی ئیدیۆلۆژیا بووبێتە بونیاتێکـــی بنەڕەتی باو لە مێـــژووی کۆمەڵگە مرۆییەکاندا، هەر ئەمەش بوو کە لویس ئاڵتۆسێر سەرنجی دابوویـــە، بەڵام ئەمە نامانگەیەنێت بەوەی بڵێین زانســـتە مێژووییەکان سەرتاپایان بریتین لە ئیدیۆلۆژیا..

زۆربـــەی کات مێژوونـــووس ناتوانێـــت دەســـبەرداری ئیدیۆلۆژیا بێت، چ وەك ئامڕازێکی شـــرۆڤەیی، یان وەك بونیاتێکی خودئاگایی،واتە لە وێناندنی دیمەنی مێژوویی و کۆمەڵایەتیـــدا ناتوانێت دایانماڵێت، ئەمە پرۆســـەیەکی فیکرییە بە لای ئەو مێژوونووسانەی کە هانا بۆ بیرۆکەی پێشـــوەختەو وێناندنی پێشـــترو میکانیزمی پاساوهێنانەوەو تەســـویغدانەوەن بۆ بەرهەمهێنانی هۆشـــیارییەکی تایبەت بە ڕووداو یـــان بابەتە مێژووییەکەوە، بەڵکـــو ئیدیۆلۆژیا وەك ســـەمتێك لە بڕیارو قەناعەتە پێشوەختەکان و چەمکە واقیعبین و میعیارییەکان و سیستمێك لە فکرەکانی پێشین و پێوەندی ئاڵۆز لە حاڵەتی مێژوونووســـیدا ئاڕاستەکاری ئاسۆکانی ڕوانینی دەبن..

ڕەهەندی کردارەکیانە لە ئەبیســـتیمی مێژوویدا کاتێك تەجـــەلا دەبێت کە مێژوونـــووس وەك تەئویلکارێك ڕابردوو بێنێتە دواندن، لەو پرســـیارانەی باری وێستاو لەو چەمکە میعیاریانەوە هـــەوڵ دەدات بەڵگەو گەواهیدانی مێژوویی بدۆزێتەوە، میکانیزمەکانی بەهانە دۆزینەوەو لێوردبوونەوەو تەسویغ و ئینتیقائیەت بۆ خۆیان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە بەرهەمهێنانەوەو خوێندنەوەی مێژوویدا..

بەو شێوەیە ئەبیستیمی مێژوویی دەکەوێتە بەر تەنگەی چەشـــنە هۆشیارییەکی ساختەو شـــێوێنراوی ناو زەمەن و شـــوێنێك، بە هەمان واتاوە فەیلەسوفی ئیتاڵیایی کرۆتشە پێی وایە هەر زانســـتێکی مێژوویی لە دواجاردا بۆ خۆی مێژووییەکی هاوچەرخە، لەوێـــدا داخوازییەکان و دیمەن و وێنەی ئێستای مێژوونووس تێیدا ڕەنگ دەداتەوە، زیاتر لەو ڕابردووەی کە دەیەوێت تەفســـیری بکات یان لێی تێبگات یان بیناســـێنێت، بەو شـــێوەیە مێژوونووس لە خوێندنەوەی مێژوویيدا و لە ســـاتەوەختی گەڕانەکانیـــدا دەکەوێتە بەر مەرهەمەتی هەلومەرجە کۆمەڵایەتیەکەی و بونیادە زەینیە باوە زاڵـــە هەژموونگەراکەیەوە خۆیـــەوە، ئەمانە هاندەری دەبن بۆ شـــرۆڤەکاریی مێژوویی کە مەبەســـتەکانی زیاتر خزمەتگەیانـــدن دەبێت بە پرســـیارەکانی باری وێســـتاوە، تێپەڕاندنی هۆشـــیاری میعیاری لەم ســـیاقەدا مەرجێکە بۆ ڕزگاربوونی مێژوونووس لە هۆشـــیاری ئیدیۆلۆژی و تێگەیشـــتنی خودییانەو موعتەیاتـــی فکری زاتیی و ئەو تێگەیشتنانەی کە لە دەرەوەی واقیعەوە دەهێنرێنەوە تا لەسەر واقیع بـــار بکرێن، ئەمە ئەو ئافیونەیە کە ڕیمۆن ئارۆن لە بەرانبەر ڕۆشـــنگەران لێی دەدوێت پێـــی وایە ئەو ئافیونە تایبەتمەندە بەوەی لـــە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و بابەتییانە بەدووریان بخاتەوەو هۆشـــیاری مێژوونووسیش بە قووڵییەوە بەنج بکات، دواتر کارل مانهایم زیاتر جەختی لەســـەر ئەمە کردۆتەوەو پێـــی وایە کە مارکســـیەت ڕۆڵێکی ئەکتیڤ دەگێڕێت بۆ پێشخســـتنی ئیدیۆلۆژیایەکی سەرلێتێکدەرو ساختەکار، لەوەش زیاتر قووڵدەبێتەوە بۆ جیاکردنەوەی مانای



د. سەربەست نەبی

**تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی**

**دەنگدانەوەی ڕاوبۆچوونەکەی شیشرۆن، لای جۆرج سەنتیانا لە سەدەی هاوچەرخدا وا کەوتەوە ((ئەوانەی ڕابردوویان بیر نایەتەوە، مەحکومن بە دووپات کردنەوەی))**



ژمارە (٨٨٨) ■ ٢٠١٢/٧/١٦

لاوەکی و مانای هەمەکی، یەکەمین مانایان لەسەر ئاستی دەروونی کار دەکات، پشتبەستووە بە هەڵوێستی پێشوەخت لە بەرانبەر قەناعەتەکانی ئەویتری جیاواز لە خۆی، هەروەها هەمیشە بە گومانە لە ئاڕاستە فیکرییەکانی ئەویدی..

بەڵام تێڕوانینی هەمەکی بۆ ئیدیۆلۆژیا بە پێی تێگەیشتنی مانهایم لەسەر ئاستی زەینیەتە، لە بونیاتێکی زەینییەوە بۆ ئیدیۆلۆژیا دەدوێت، کە ئەوەش گشتییەو هاوبەش و باویشە، پەیوەستدارە بە گرووپێکی دیاریکراو یان چینێك یان گەلێکی تایبەتەوە، لە میانەی ئەوانەوە تەماشای جیهان دەکات و هەڵوێستی فیکری لەسەر هەڵدەهێنجێت..

هەر کاتێك مێژوونووس کەوتە بن جڵەوی ئەم دوو ئاستەی ئیدیۆلۆژیاوە ئیتر ناپەرژێتە سەر وەدیهاتنی کرانەوەی پێویست بۆ بابەتگەرایی لە ئیبستیمی مێژووییدا، هەروەها بە ڕووی ئەویدی ناکرێتەوە، ئیتر بە تەرازووی خۆیەوە پێشوەختە باری ئەوانی تر دەپێوێت، بەو شێوەیە ئەو ماوەیەی کە پێویستە لە نێوان خۆیی و بابەتگەراییدا بۆ کرانەوە، ئەو ماوەیەی لێ بزر دەبێت، ئەمە ئەو دۆخەیە کە جان بیاجێ بە خوولانەوە بە دەوری زات یان بە خەوتن لە زاتدا ناوی دێنێت، ئیدیۆلۆژیا بەو دوو ئاستەی باسمانکردن (دەروونی و زەینی )یەو دەبێتە چەرك و فەلەك بۆ و زات تێیدا سەنتراڵیزە دەبێت، ئەم دۆخە باڵدەکێشێت بەسەر ئیبستیمی مێژوویدا، زانستگەرایی بۆ ناگەڕێتەوە تا ئەم هەڕەشە گوشارهێنە لە خۆ نەتەکێنێت، بە تایبەت لە لایەنی تەئویلکاری زاتییەوە یان لە لایەنی معیارییانەی ئیدیۆلۆژیی پێشوەختەوە، بە واتایەکی تر( تا زات سنووردار نەکاتەوە) لەو چەمك و بەدواداچوونە هیرمینۆتیکیانەو بیرتیژییانەی خۆی کە ڤیتۆ بەکاردێنن لە ئیبستیمی مێژووییدا..

بەربەستێکی تر لەبەردەم پرۆسەی ئیبیستیمی مێژوویی قووت دەبێتەوە کە ئەویش پێوەندیدارە بە ڕەوایەتی زانستی مێژووییەوە، بەو سیفەتەی زانستێکی سەربەخۆیەوەو ئۆرگانێکی زانستیخوازە، ئەویش گواستنەوەیە لە حاڵەتی پێش زانست بۆ حاڵەتی زانستییانە و پێوەندە بە گرێبەستی فەلسەفی و ڕوانینە فەلسەفیەکانەوە، ئەگەر ئیتر ئەم زانستە ویستی لە بازنەی زانیارییە فەلسەفیەکانی بەر لە زانست واتە لە مەداری (فەلسەفەی مێژوویی ) نەمێنێتەوە، ئەو کات پێویستە لەسەری ئامادەیی خۆی دەرببڕێت و بە هەموو شێوازەکانی تێگەیشتنی فەلسەفەی مێژووییەوە واز لە مێژووی فەلسەفیانە بهێنێت، بەو مەرجەی خۆی دابڕێت لە هەموو جۆرەکانی کۆجیتۆ، واتە دووبارە خۆی بونیاد بنێتەوە..

بە شێوازێکی گشتی کارل پۆپەر ئاماژە دەدات بەوەی کە پاشخان و بنەماکانی بیرکردنەوەی فەلسەفی و ئیدیۆلۆژی لە مێژوودا دەگەڕێنەوە بۆ ئەفلاتۆن و دیاردەگەرایی مێژوویی، لەم سیاقەشدا ئەمە دەرکەوتووترین سیمایە بۆ فەلسەفەی مێژوویی و ئیدیۆلۆژیا بە تێڕوانینی خۆی، لەمەوە دیاردەی مێژوویی بە هاوێنەیەك دەچوێنێت کە بە چڕی فەلسەفەی لێوە ڕەتدەکرێتەوە تا زانستەکانی مێژووی بەسەریدا زاڵ بکات و خۆی بێ بەری بکات لە حدسیات و تێڕامانکاری فەلسەفی..

میراتگرانی ئەفلاتۆن لە فەلسەفەی مێژووییدا بریتین لە(ئیبن خەلدون و هیگڵ و جان باتیستا فیکۆ و ئەرنۆڵد توینبی و ئۆگست کۆنت و ...تاد) پۆپەریش گرنگترین خەسڵەتەکانی مێژووگەرایی دیاری کردووە بەو سیفەتەی دیوی دووەمە بۆ فەلسەفەی مێژوویی بە تایبەت لە مەسەلەی هەوڵدانی بۆ دۆزینەوەی یاساو نەریتە نەگۆڕەکانی کە لە پشتەوەی پەرەسەندنی مێژوویی و گۆڕانکارییە مەزنەکانەوەن، لەم سیاقەدا میتۆدی پەرەسەندنی مێژووگەرایی هاوچەرخ لە خانەبەندی ئیبیستیمیدا هانای بۆ بیۆلۆژیای داروینی بردووە، هەروەها سودمەند بووە لە جیۆلۆجیای هاوچەرخ کە بە شێوەیەك تەماشای سەیرورەی مێژوویی دەکات وەك ئەوەی گەشەسەندنێکی حەتمی بێت لە قۆناغێکی نزمەوە بەرەو قۆناغێکی پێشکەوتوو یان ئاڵۆزو کامڵتری بەر لە خۆی..

لەم ڕوانگەیەوە دەبینین مێژووگەرایی هانای بردووە بۆ مۆدێلێکی کلاسیکی فیزیایی نیوتنی کە پشت بەستووە بە حەتمیەت و جووڵە لە تەفسیری سرووشتی سەیرورەی مێژووییدا، لە کاتێکدا فیزیای هاوچەرخ(کوانتا) چیتر گوێ بە حەتمەیەت بوونی فیزیایی کلاسیکی بەڵکو زیاتر گرنگی بە ڕێبازگەکانی گریمانەکردن و ئەگەرەکان دەدات..

هاوکات دیاردەی مێژووگەرایی جەخت دەکاتەوە لەسەرعیلەی کۆتایی(غایەت) کە حەتمیەتی مێژوویی هەڵگریەتی و دوودیون بۆ یەك لۆژیك ئەوەش بە ئامانجی گەیشتنە بە خەسڵەتی جێگیربوونی مێژوویی، یان ڕێبازێکی تاقانەییە کە بە هۆیەوە تەفسیری پێ دەکرێت، ئەمانە لەگەڵ ئامانجی زانست لە بواری توێژینەوەی مێژووییدا ناگونجێت، ئامانجێك کە بایەخ نادات بە غایەت لە ڕەوتی مێژووییدا هێندەی ئەوەی زیاتر بایەخ دەدات بە وەسفی سروشتی گۆڕین و گۆڕانکاری لە سیاقێکی زەمەنی و شوێنگەیەکی دیاریکراودا.

لەم ڕووەوە مێژووگەرایی سەرلەنوێ سەلماندی کە لە لایەنی ئیدیۆلۆژیاوە ئیستیلاب کراوە، بۆیە هانای بردووە بۆ بیردۆزی غائیەی ئایینی کە ئەویش لە تەفسیرکردن و تێگەیشتنی مێژووی مرۆڤایەتی و جێکەوتەکانی واقیعی بوونی مێژوویی تێدەپەڕێنێت، هەروەها گریمانە کردنی ئایندەییش دەبەزێنێت، ئەمەش بەربەستە لەبەردەم لۆژیکی زانستیدا، کە جەخت لەوە دەکاتەوە هەرگیز ناکرێت زۆر بەوردی ڕووداوە مێژووییەکان و ڕێچکەکانی گریمانە بکرێن..

بە شێوازێکی گشتی گرفتی سەنترالیزمی تایبەت لە پرۆسەی زانستی مێژووییدا هەروەها لە زانستە مرۆییەکانیشدا بە گشتی پێوەندییان هەیەبە ئیدیۆلۆژیاوە، لەوەشدا چڕ دەبنەوە کە مرۆڤ لە یەك کاتدا زات و بابەتی ئیبیستیمیش بێت، واتە پێوەندی بە ڕۆڵی زات و کاریگەرییە مەعریفیەکەی هەیەو دەشکرێت تەرجومە بکرێتەوە، بە پلەی یەکەم بەو سیفەتەی کە ئەوە گرفتێکی میتۆدییە، میتۆدە بابەتییەکان لە لایەکەوەو لە لایەکی تریشەوە گرفتی تێڕامانکاری و بیرتیژییە تیۆرییەکانیشە، ئەمەش لە ئیبیستیمی مێژووییدا بۆ خۆی دەبێتە سنوورێکی جیاکەرەوەی نێوان حاڵەتی پێش زانستی و پاش زانستی..

> **نووسینەوەی مێژوو بە ڕێبازە زانستییەکەی هیچی کەمتر نییە لە دروست کردنی خودی مێژووەکە. هەندێك کات ئەرکی مێژوونووس زەحمەتترە لە ئەرکی خوڵقێنەری مێژووەکە**

> **هەر کاتێك مێژوونووس کەوتە بن جڵەوی ئیدیۆلۆژیاوە ئیتر ناپەرژێتە سەر وەدیهاتنی کرانەوەی پێویست بۆ بابەتگەرایی لە ئیبستیمی مێژوویدا. هەروەها بە ڕووی ئەویدی ناکرێتەوە. ئیتر بە تەرازووی خۆیەوە پێشوەختە باری ئەوانی تر دەپێوێت**



# پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەو رەخنەکانی پەرلەمان و وەڵامدانـــــــــــەوە

خەلیل عوسمان لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن بۆ(گوڵان):



## خەڵکی کەم دەرامەت زۆر بەکەمی سوودمەندبوون لەپرۆژەکانی نیشتەجێبوون

- بۆ پێشخستنی ڕێگاوبانەکان پلانێکی ئەوتۆ نابینم
- نیشانەو تابلۆکانی هاتوچۆ بەکەمی لەڕێگاوبانەکان دانراون
- پێدانی پارە لە لایەن بەڵێندەر بە ئەندازیاری سەرپەرشتیاری پڕۆژە هەیە
- کۆمپانیا بیانیەکان زۆر جار سەختەکاری لەڕێگاوبانەکان دەکەن
- پرۆژە نیشتەجێکانی وەبەرهێنەران لەلایەن حکومەتەوە چاودێری ورد ناکرێت.



# نیشتەجێكردن لــەنێـوان ـــــەوەی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەدا

كامەران ئەحمەد وەزیری ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێكردن بۆ(گوڵان):



## بڕی ٢٥٠ملیار دینار بۆ دروستكردنی یەكەی نیشتەجێبوون تەرخانكراوە

- ٥٠٠٠ یەكەی نیشتەجێبوون بەمەرج و ڕێنمایی نوێ بۆ خەڵكی دەرامەت سنوردار دروست دەكرێت
- كۆمپانیای جێبەجێكار توانای چارەسەركردنی گرفتەكانی پرۆژەی ڕێگەی هەولێر– كۆیەی نییە
- بەبێ دامەزراندنی كۆمپانیای كەرتی گشتی ناتوانین پڕۆژەكان بە ڕاستەوخۆ جێبەجێ بكەین.
- ماستەرپلان تا ساڵی ٢٠٣٠ بەرچاو ڕوونی تەواومان دەداتێ لەسەر ڕێگاوبانەكان.
- هەموو ڕێگاكانی نێوان شارو شارۆچكەكان دەكەین بە جووت ساید

# رەخنەو پێشنیارەکانی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن لە پەرلەمانی کوردستان



هەوڵدرا کێشەی نیشـــتەجێبوون بەهاوکاری کەرتی تایبەت چارەسەر بکرێت و لەم پێناوەش دا بەهەزارەها پارچە زەوی و بڕە پارەیەکی زۆر خەرج کرا، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە بوار بدرێت بە کەرتی تایبەت و کۆمپانیا ناوخۆیی و بیانیـــەکان، بۆ ئەوەی بتوانن ئەم کێشـــەیە چارەســـەر بکەن، بەڵام هاوکات لەگەڵ دەســـپێکی ئەم پرۆســـەیە کۆمەڵێك کەموکورتی دەرکەوتن کە پێشتر مەزندەیان بۆ نەکرابوو، بۆیە هەر لەســـەرەتاوە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان هەوڵیداوە ئەم پرۆســـەیە بە جۆرێك بێت کە لەخزمەتی هاوڵاتیاندا تەواو بێت، بۆ ئەمەش حکومەت سندوقی نیشتەجێی دانا بۆ ئەوەی هاوڵاتیانی دەرامەت ســـنوردار بتوانن ئەو یەکەی نیشتەجێیانە بکڕن، بەڵام وێڕای ئەم هەوڵانەش دیســـان ئەم بوارە لە رەخنە و گلەیی هاوڵاتیان بەدەر نییە ئەوەی مەزندە دەکرا کـــە ئەم پرۆســـەیە ببێتە هۆکار دابەزاندنی نرخ و کرێی یەکەی نیشـــتەجێ، بـــەڵام لەبواری پرۆژەکانی نیشـــتەجێبوونەوە بەپێچەوانـــە دەرچوو (نرخەکان بەرزکرانەوەو کوالێتی پرۆژەکانیش نزم بوونەوە )، بەپێی ئامارێکی ســـەنتەری نێودەوڵەتـــی بۆ پرۆژە تایبەتیەکان ئاماژە بۆ ئەوە کراوە هەرێمی کوردســـتان پێویســـتی بە ٣٠٠ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون هەیە، هاوکات بەپێی هەندێك لەزانیـــاری و داتاکانـــی حکومەتی هەرێم باس لەوە دەکرێت کە ســـاڵانە ١٥ هەزار یەکەی نیشـــتەجێبوونمان پێویستە، هەربۆیە حکومەت ئەمجارە دەیەوێت لەرێگای دەســـتێوەردانی ئیجابی و دروستکردنی ٥٠٠٠ یەکەی نیشتەجێبوون هەنگاو بەرەو چارەســـەرکردنی کێشەکە بنێت، چونکە دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون مادام بۆ خەڵکی کەم دەرامەت و هەژارە هەربۆیە پێویستە رێگا لەکەســـانێك بگیرێت کە ئەمبوارەیان قۆرخ کردووەو ئامانجیان لەدروستکردنی یەکەکانی نیشـــتەجێکردن تەنیا کەڵەکەکردنی پارەیـــە، لەراپۆرتی ئەمجارەی گوڵان دا هەردوو بواری رێگاوبانە گشتیەکان و نیشتەجێکردنمان هەڵبژارد، بۆ ئەمەش پێش ئەوەی ســـەردانی بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بکەین، بەپێویســـتمان زانی سەردانی لیژنەی ئاوەدانکردنـــەوەو نیشـــتەجێکردن و هاوچەرخکردنی لادێکـــان لە پەرلەمانی کوردســـتان بکەین، بۆ ئـــەوەی راو بۆچوونەکانی ئەو لیژنەیـــە وەربگرین و ئاراستەی وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشەجێکردنی بکەینەوە.

**رێگاوبانەکان ..**
**شادەماری گەشەکردنی ئابووری**

ســـەبارەت بەم کێشـــەیە کـــە رووبەرووی کەرتی رێگاوبانەکان لەهەرێمی کوردستان بۆتـــەوە خەلیـــل عوســـمان بڕیـــاردەری لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشـــتەجێکردن و هاوچەرخکردنـــی لادێـــکان لەپەرلەمانی هەرێمی کوردســـتان لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن: پلانێکی ئەوتۆ نابینم بۆ پێشخستن و هاوچەرخکردنی رێگاوبانەکان کە لەگەڵ ئەو گەشەکردنەی هەرێمـــی کوردســـتان بگونجێـــت، کاتێك رێگاوبانەکانمان بە کوالێتیەکی ستاندارد و بەرز دروســـت نەکرێن بەتایبەتی قیرەکەی و هەنـــدێ لە چینەکانی ژێـــرەوەی کە بە کەرەســـتەی باش و ســـەرکەوتوو ناکرێت و ئۆتۆمبێلە بارهەڵگـــرەکان و تانکەرەکانی ســـوتەمەنیش کۆنترۆڵی ئەو بارە قورسەیان نەکراوە ئەوا راســـتەوخۆ کاریگەری خراپی لەســـەر رێگاکان هەیە، رەنگـــە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن پلانی خۆی هەبێت بـــەڵام ئەو بودجەیەی ســـاڵانە بۆ ئـــەو وەزارەتە تەرخانکراوە بەپێی پێویســـت نییـــە، بەتایبەتـــی لەهەرێمێکـــدا هەموو رێگاوبانەکانی بەپێی پێویست و باش نییە و زۆر خراپن و زۆر بەکەمیش نیشانەو تابلۆکانی هاتوچۆ دانراون، کەوتنەوەی دەیان رووداوی هاتوچۆش هۆکاری ســـەرەکی بۆ خراپی و نەشیاوی رێگاوبانەکان دەگەڕێتەوە کەدەیان قوربانی و کەمئەندامی لێکەوتۆتەوە.

سەبارەت بە هەنگاونان بەرەو چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە جێبەجێکردنی بڕگەو ماددەکانی ( یاســـای رێگا گشـــتیەکان) بڕیاردەری لیژنـــەی ئاوەدانکردنەوەو نیشـــتەجێکردن لەپەرلەمانـــی هەرێمـــی کوردســـتان پێی وابـــوو: بـــۆ چارەســـەرکردنی بنەڕەتـــی کێشـــەی رێگاوبانەکانمان دەبێت پلانێکی ســـتراتیژی و بودجەیەکی تایبەت تەرخان

بکەن، تەنانەت پێویستە ڕێگا لەهاتنی ئەو هەموو ژمارە زۆرەی ئۆتۆمبێل بگیرێت، لەلایەکی ترەوە لەسەر بەڵێندەر بکرێتە مەرجێکی سەرەکی لەگەڵ دروستکردن و چاککردنی هەر ڕێگایەکیش نیشانەو تابلۆی هاتوچۆ دابنرێت، هەروەها دەکرێت ئەو داهاتەی کە لەسزاکانی ئۆتۆمبێل و شۆفێرانەوە دەست دەکەوێت بخرێتە سندوقی چاککردنی ڕێگاوبانەکان و لەخزمەتی باشکردنی ڕێگاوبانەکاندا دابنرێت. بۆ باشترکردن و ڕێنمایی بۆ پاراستنی و دروستکردنی ڕیگاوبانەکان لەماوەی ڕابردوو لە پەرلەمانی کوردستان یاسایەکمان بە ناوی (یاسای ڕێگا گشتیەکان) دەرکردووە، ئەگەر ئەم یاسایە وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت ئەوا بەشێکی زۆری کێشەو کەموکورییەکانی ڕێگاوبان چارەسەر دەکات بەتایبەتی سنوورێك بۆ ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان دادەنێت و ئەو زێدەڕۆییانەشی دەکرێتە سەر ڕێگاوبانەکان کۆنترۆڵ دەکات و ڕێگری لێدەکرێت لەوانە دروستکردنی دیوارو باخ و تەلبەند لەنزیك ڕێگاکان و ڕێگانەدان بەهاووڵاتی بەهەڵکەندنی شەقام و دروستکردنی تاسەو بەربەست لەسەر ڕێگاکان. هەروەها پێویستە حکومەت و وەزارەت بودجە و دەرماڵەیەکی باش بۆ ئەندازیاری سەرپەرشتیاری پرۆژەکان تەرخان بکات تاوەکو ئەو ئەندازیارە چاوی لە دەستی بەڵێندەر نەبێت.

سەبارەت بەهۆکاری نزمی ئاستی کوالێتی و دیزاین و جێبەجێکردنی پرۆژەکان کە لەلایەن بەڵێندەرەوە ئەنجام دەدرێت خەلیل عوسمان وتی: ناکرێت پرۆژەی ڕێگاوبانەکان وەکو ئێستا تەنیا بەیەك بەڵێندەر بدرێت، بەڵکو پێویستە دوو یا چەند بەڵێندەرو کۆمپانیایەکی شارەزاو خاوەن ئەزموون لە دروستکردنی ئەو ڕێگاوبانانە بەشدار بن، ئەمەش لە خێرایی و کوالێتی زۆر باشترو سەرکەوتوو تر دەبێت. لەم ڕووەوە پێویستە پۆلێنکردنی بەڵێندەرو کۆمپانیاکان هەبێت و پێوەرو ڕێنماییەك دانرێت، چەندین پرۆژە هەیە لەبەر خراپی بەڵێندەرو نەبوونی ئەزموون و ئامێری پێویست سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، هەروەها لە کۆمپانیا بیانیەکان زۆر جار سەختەکاری بەدی دەکرێت . هەروەها لە هەرێمی کوردستان پێویستە چاوخشاندنەوە بە مەرج و ڕێنمایی گشتی بەڵێندەرایەتی بکرێت و هەر بەڵێندەرێك بەپێی شارەزایی و پسپۆڕی و ئەزموون و بڕی پارەو ئامێرەکانی ڕیزبەندی و پۆلێنی بۆ دابنرێت و کاریان پێ بدرێت، سەبارەت بە گوندەکانیش بوونی ڕێگاوبانی شیاو و باش بۆ هاتوچۆکردنی دانیشتوانی گوندەکان گرنگە، چونکە بەهۆی ئەو ڕێگایەوە دەتوانێت بەرەوبوومی کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەکەی بگوازێتەوە بۆ شار بەمەش زیاتر گوندەکان ئاوەدان دەبێتەوە، بەڵام ئێستاکە گوندەکانی ئێمە بەو شێوەیە نییە و زۆربەیان ڕێگاوبانەکانیان تەنیا بۆ چاککراوە یا چەورپژکراوە و زۆر ناوچەو سنووریش هەیە ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکانیان ڕێگایان بۆ خۆشیش نەکراوە واتە تەنیا ڕێگای پیادەن.

**کێشەی نیشتەجێکردن**

بەپێی ڕێنمایی و پێوەری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاوڵاتییان لەریزبەندی پێشەوەی کارو ئەرکەکانی حکومەتەکان دادەنرێت و پێویستە بودجەیەکی تایبەتی بۆ تەرخانبکرێت بەتایبەتی لەهەرێمێکی وەکو کوردستان کە ساڵانە پێویستە ١٥ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بەلانی کەمەوە هەیە، لەمبارەیەوە بڕیاردەری لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن و هاوچەرخکردنی لادێکان لەپەرلەمانی کوردستان وتی: هەریەك لەوەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن و دەستەی وەبەرهێنان ئەرکی دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێکردنیان لەئەستۆیە، دیارە یاسایەك بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن دەرچووە کە یاسای ژمارە ٧ی ساڵی ٢٠٠٨و لەساڵی ٢٠١١هەمووارکراوەتەوە کە تایبەتە بە دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون و ئەم یاسایە نەچوو بووە بواری جێبەجێکردنەوە، بۆیە لەساڵی ڕابردوو وەکو لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان هەستاین پرۆژە بڕیارێکمان ئامادەکرد بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی کەمدەرامەت لە یەکەی نیشتەجێبوونی کە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دروستی دەکات سوودمەندبن و وەزارەتیش خۆی بە دروستکردنی یەکەکان هەستێت، بەڵام یاسایەك لەمبارەوە هەبوو ئێمەش ئەو پرۆژە یاسایەمان دارشتبوو بۆیە پەرلەمانی وای پێ باشبوو کە یاسای ژمارە٧ی ٢٠٠٨هەموار بکرێتەوە و ئێمە هەستاین بە هەموارکردنەوەی یاساکە بەشێوازێك کە لە خزمەتی هاووڵاتیانی هەژارو کەمدەرامەت و کرێچیان بێت و ئەو بڕە پارەی لەسەرەتا دەبایە بۆ یەکەی نیشتەجێبوون بیدات لەناو یاساکە لاماندا بۆ بەرژەوەندی ئەو کەسانەی کە لەمەودوا لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن یەکەی نیشتەجێبوون وەردەگرن و ماوەی دانەوەی پارەکە کرا بە قستی ٢٥ساڵ و چەندین مەرج و ڕێنمایشی تێدایە بەشێوەیەك کەس ناتوانێت کڕین و فرۆشتن بە یەکەکان بکات و نابێت هیچ کەسێك لەیەك یەکە زیاتر وەربگرێت، یەکێك لە خاڵە هەرە گرنگەکان کە جەختی لەسەر دەکرێتەوە کە دەبێت بۆ ئەو کەسانە بێت کە لەشارەکە یا شارۆچکەکە دەژین واتە چیتر قبوڵ نییە خەڵکی شارێك لەناو شاری خۆی کرێچی بێت و شوێنی نیشتەجێبوونی نەبێت و لەناو یاساکە ئەگەر وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت وردەکاری و مەرجی زۆر باشی بۆ بەرژەوەندی کرێچیان و کەمدەرامەتان هەیە، هەربۆیە ناوی یاساکەمان گۆڕی بە ناوی یاسای دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیانی هەژارو کەمدەرامەت، لەپاشان حکومەت بڕیاریدا ساڵانە لە بودجەی گشتی هەرێم بڕێکی باش بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون و چارەسەرکردنی کێشەکە تەرخان بکات و لەساڵی ٢٠١١بڕی ٤٩ملیار دینار و ئەمساڵ ٢٠١٢ بڕی ٢٥٠ملیار دینار تەرخانکراوە بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا. هەروەها لەپێشتر یەکەی نیشتەجێبوون لەڕێگای دەستەی وەبەرهێنانەوە دروستکراوە، بەڵام زۆر بەکەمی کرێچی و خەڵکی هەژار لێی سوودمەندبوون، هاوکات کەسانێك هەیە ژمارەیەکی زۆر لەو یەکانەیان کڕیوەو کاری بازرگانیان پێکردووە کە ئەمەش لە دەرەوەی ڕێنماییەکان و یاسایە، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لەو هاووڵاتیانەی عەرەب کە لە خوارووی ناوەڕاستی عێراق هاتوونەتە هەرێم ژمارەیەکی زۆر یەکەی نیشتەجێیان کڕیووە واتە ئەوانەش لەمبارەشەوە بوونەتە بارێکی قورس، بۆیە ئەو یاسای ژمارە٧ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو دەرچووە تاوەکو ئەو سیستەمەی چەند ساڵە لە دروستکردن و پێدانی یەکە نیشتەجێبوونەکان هەبووە بگۆڕێت.

لە وەڵامی رەخنە و پێشنیارەکانی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن پەرلەمانی کوردستان دا

# کامەران ئەحمەد وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن بۆ گوڵان

**بۆ بەدواداچوونی کێشەو گرفتەکانی ڕێگاوبان و نیشتەجێکردن و وەڵامدانەوەی ئەو پرسانەی کە لەلایەن لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن و هاوچەرخکردنی لادێکان لەپەرلەمانی هەرێمی کوردستان وروژێنرا، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کامەران ئەحمەد وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن کرد بەرێزی وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

### ئەرکە سەرەکیەکانی وەزارەت

سەبارەت بەکارو چالاکییەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن و بارودۆخی ڕێگاوبان و پردەکان و ڕێگای گوندەکان و پرۆژەکانی نیشتەجێبوون کامەران ئەحمەد وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن بەگوڵانی ڕاگەیاند:( ڕێگاوبان و بیناسازی و نیشتەجێبوون دوو تەوەرەی سەرەکی کارەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنە، لەبواری ڕێگاوباندا هەریەك لەپرۆژە ستراتیژییەکانی جووت سایدکردنی نێوان شاروشارۆچکەکان و دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبان و پردەکان و بەو ڕێگایانەشەوە کە دەچێتە شارۆچکە بچوك و گوندەکانیەوە دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنە. ئەو ڕێگا یەك سایدانەی ئێستا هەیە لەتوانایاندا نییە وەکو پێویست خزمەت بەبواری گواستنەوەی هاووڵاتیان و گواستنەوەی کەرەستەی بیناسازی یا بازرگانی بەگشتی بکەن، دیارە دروستکردنی ڕێگاش کارێکە ماوەو کاتی پێویستی دەوێت، لەبەر ئەوەی تەنیا نەخشەسازی و کاری هونەرییەکەی ساڵێك تا دوو ساڵی دەوێت و جێبەجێکردنیشی ئەگەر ڕێگاکە کورت نەبێت بەپێی درێژی و قەبارەی پڕۆژەکە چەند ساڵێکی دەوێت و ناتوانرێت بە ماوەی ساڵێك تەواو بکرێت و دەکەونە ناو چوارچێوەی پڕۆژە بەردەوامەکانەوە. بەشی دووەمی پڕۆژەکانمان وەکو وەزارەت بریتییە لە دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون و بیناسازی، پڕۆژەکانی بیناسازیی ئەو پڕۆژانەن کە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی پێ تەکلیف دەکرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو بینایانەی کە وەزارەت و لایەنی پەیوەنداری تری حکومەت پێویستیانە هەر بۆ نموونە وەکو کەمپی زانکۆ و بینایەی قوتابخانە و نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی و. . تا، ئەمەش لەکاتێکدا کە وەزارەتەکە یا لایەنە پێوەندارە خزمەتگوزارییەکە لەتوانایاندا نەبێت ئەو بینایانە دروست بکات، بەڵام ئەوەی تایبەتە بە بواری نیشتەجێبوون ئەوە یاسایی ژمارە(٧)ی ساڵی ٢٠٠٨ هەیە کە لەساڵی ٢٠١١ هەمواركراوەتەوە ئەو یاسایەش بەشێکی گرنگی کارو پڕۆژەکانمان لەبواری نیشتەجێبوون دەگرێتەوە کە پەیوەندارە بە چین و توێژێکی زۆر گرنگی کۆمەڵگاکەمان کە ئەوانیش خەڵکی کەمدەرامەت و سنووردارن و ئەرکی سەرشانی حکومەتە کە خزمەتی ئەوانیش بکات، ئەوانەی ئاماژەمان پێدا هەموو ئەو پڕۆژانەن کە بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن جێبەجێ دەکرێن و ساڵانەش ئەو پڕۆژانە تەواو دەبن بەپێی پشکی ئەو بودجەی کە بەر وەزاەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن دەکەوێت لەچوارچێوەی بودجەی گشتی هەرێمدا، ئێمەش بودجەکەمان بەسەر سێکتەرە و کارو پڕۆژەکان دابەشی دەکەین کە بەشێکی بۆ کارو پڕۆژەکانی بیناسازی و نیشتەجێبوونەو بەشێکیشی بۆ ڕێگاوبانە.

### دامەزرانی دوو کۆمپانیای تایبەت بەوەزارەت

نەبوونی چەند کۆمپانیایەکی سەر بەوەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن لەکاتێکدا ئەو وەزارەتە خاوەنی ئەندازیارو ئامێرو کارگەی پێشکەوتوون پرسێکی دیکەی گوڵان بوو ڕووبەرووی وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردەوە، لەوەڵامی ئەم پرسەشدا وتی: لەکابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کارنامەی وەزارەتمان کە پێشکەش سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کراوە چەند تەوەرەیەکی سەرەکی لەبوارەکانی ڕێگاوبان و نیشتەجێبوون و پلانی وەزارەت و تاقیگەکانی بیناسازی لەخۆگرتووە، لە تەوەرێکی کارنامەکەشدا باس لەوە دەکات ئەم یاسایەی ئێستاکە کە وەزارەت کاری پێ دەکات لەگەڵ ئەم قۆناخەی ئێستاکە لەگەڵ قەبارەی کارو پڕۆژەو چالاکییەکان ناگونجێت بۆیە پێویستی بە هەموارکردنەوەو یاسایەکی تازە هەیە، تەوەری پێنجەم داواکردن و باسکردنی دامەزراندنی دوو کۆمپانیای سەر بەوەزارەت بوو، ئەمەش بەمەبەستی ئەوە بوو کە کارو چالاکییەکانمان لەڕێگای ئەو دوو کۆمپانیایەوە زیاتر بکەین لەچوارچێوەیەکی دیاریکراو تایبەتدا کە بیگونجێنین لەگەڵ ئەو ئەرك و چالاکیانەی کە هەمانە و لەپاشان لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە چوار تەوەرەی یەکەمی کارنامەکە ڕەزامەندی و پەسەند کرا، بەڵام لەسەر تەوەرەی پێنجەم کە پرسیارەکەی ئێوە زیاتر تایبەت بەو لایەنەیە ڕەزامەندی لەسەر نەدرا و بۆ کۆبوونەوەکانی تری ئەنجومەنی وەزیران دواخرا بۆ ئەوەی ئێمە ئەو تەوەرەیە بە وردتر و ڕوونکردنەوەی زیاتر پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیرانی بکەین. ئێمە وەکو وەزارەت و حکومەتی هەرێم خاوەنی کۆمەڵێکی زۆر لەکارگەو ئامێرو توانای هونەری و ئەندازیاری و تەکنیکی و کارگێڕین و ئەگەر ئەو دوو کۆمپانیایە لەچوارچێوەی یاسایی کۆمپانیاکاندا کە دەتوانێت چەند ئامانجێك بێنێتەدی وەکو بەرزکردنەوەی ئاستی هەموو ئەو کارمەندانەیە کە لە هەر دوو کۆمپانیاکە کار دەکەن نەك تەنیا ئەندازیاران، لەهەمان کاتدا ئەو کارگەو ئامێرانەی هەمانە بەشێوەیەکی گونجاو بەرنامەڕێژی بەباشترو چالاکانەتر دەخەینە گەڕوو و ئەو کۆمپانیانە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بودجەی بەگەڕخستن، چونکە لەکاتێکدا ئەو دوو کۆمپانیایە خۆیان کاریان کرد لەڕووی نەخشەسازیی سەرپەرشتیکردن و جێبەجێکردنی پڕۆژەی جۆراوجۆرەوە خۆی دەبێتە خاوەن داهاتێك کە لەداهاتوودا بەچەند ساڵێك دەتوانێت داپۆشینی هەموو خەرجیەکان بۆ ئەو کارمەندانە بکات کە کار لە کۆمپانیاکان دەکەن. یەکێکیش لە ئامانجی دامەزراندنی دوو کۆمپانیاکە بەشێك لە بەشەکانی بریتی دەبێت لەتۆمارکردنی یا وەرگرتنی مۆڵەت بۆ نووسینگەیەکی ئەندازیاریی ڕاوێژکاری، چونکە ئێستاکە دەزانین ئەو ئەندازیارانەی کە کار لە کەرتی حکومی دەکەن ئەو مافانەی کە هەیانە زۆر جیاوازە لەو ئەندازیارانەی کە لەکەرتی تایبەت کار دەکەن، بەڵام بەپێی سیستەم و ئەو ڕێنمایە دارایانەی پیادە دەکرێن ناتوانین

مافی تەواوی ئەو ئەندازیارانە کە هەڵدەستن بەکاری نەخشەسازی و ڕاوێژکاری ئەندازیاری بدەین، بۆیە ئامانجێکی ئەو کۆمپانیایانەی کە داوامانکردووە دابمەزرێت کۆکردنەوەی ئەو ئەندازیارانەیە کەتوانای ڕاوێژکاری و هونەری و تەکنیکیان زۆر بەرزە تاوەکو بتوانرێ سوودیان لێوەربگیرێت لەژێر سێبەری ئەو پەیڕەو و ڕێنماییانەدا کە بۆ دامەزراندنی نووسینگە ئەندازیارییەکان دەرچووە. لەلایەکی ترەوە کاتێك کۆمپانیای سەر بەوەزارەت دابمەزرێت ئەویش وەکو هەموو کۆمپانیاکانی تر دەتوانێت بچێتە ناو تەندەرین و کێبرکێ، بەڵام ئێستا بەبێ دامەزراندنی کۆمپانیا ناتوانین پرۆژەکان بە ڕاستەوخۆ جێبەجێ بکەین.

## یاسای ڕێگاوبانە گشتییەکان

سەبارەت بەو گلەییانەی کە لەپەرلەمانی کوردستان لەسەر یاسای ڕێگاوبانە گشتییەکان دەگیرێت و چۆنیەتی بەڕێوەبردن و پاراستنی ڕێگاکان کەئەویش بوارێکی دیکەی گرنگەو پەیوەندی بەژیانی هاووڵاتییانەوە هەیەو پرسیارمان لە وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن کرد لەوەڵامدا وتی: ئەو یاسایە پەیوەندار نییە بەدروستکردنی ڕێگاوبان، بەڵکو یەکێك لە کارو ئەرك و چالاکییەکانی وەزارەت دروستکردنی ڕێگاوبانە لەچوارچێوەی ماستەرپلان کە نەخشەگیرییە بۆ تۆڕی ڕێگاوبانی هەموو هەرێمی کوردستان، ئەو ماستەرپلانەش تاوەکو ساڵی ٢٠٣٠ە کە بەرچاو ڕوونی تەواومان دەداتێ لەسەر ئاستی ئێستای ڕێگاوبانەکان و ئەوانەی لەداهاتووشدا پێویستە بکرێن، بەڵام کە سەیر دەکەین تەنیا دروستکردنی ڕێگاوبانەکان مەرج نییە، بەڵکو پاراستن و بەردەومی پێدان و بەڕێوەبردنی ڕێگاوبانەکانیش پێویستە و گرنگن لەچوارچێوەی یاسایەك بێت، ئەو یاسایەش ئەوەیە کە پێی دەوترێت یاسای ڕێگاوبانە گشتییەکان و ئامانجەکانی ئەو یاسایەش ئەوەیە کە لەکاتی دیاریکردنی ڕێچکەی ڕێگاکاندا بەپێی ئەو یاسایەوە بتوانین چۆن مامەڵە لەگەڵ دیاریکردنی ڕێچکەی ڕێگاوبانەکان بکەین و دوای ئەوەی کە ڕێگاکان دروست دەکرێت و دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە و چۆن بیانپارێزین و چۆن

**زنجیرەیەك ڕێنمایی دەردەچێت بۆ ئەوەی پرۆسەی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون ڕێکبخرێتەوە**

قەدەغەکراوەکانی لاتەنیشت ڕێگاوبانەکان لە زێدەڕۆیی بپارێزین و لەهەمانکاتە ڕێگاکان چۆن لە کێش و قورسایی زیادە بپارێزین و پاراستنی هەموو پێکهاتەکان ڕێگاوبانەکان هەر لەتابلۆی هاتوچۆو بەربەستی ئاسنین و . . . تا، بێگومان ئەو یاسایە بریتییە لەوەی کە چۆن ڕێگاوبانەکان بە هەموو شێوەیەك بپارێزین.

## ڕێگای خێراو جووت سایدکردنی هەموو ڕێگاوبانەکان

وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن سەبارەت بەپرسیارێکی تری گوڵان کە تایبەت بوو بە ڕێگای هاى وای کە بۆچی تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان نەمانتوانیوە ئەو ڕێگا ستراتیژییە دروست بکەین؟ وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن وتی:(جووت سایدکردنی ڕێگاوبانەکانی نێوان شارو شارۆچکەکان ئەوە یەکێکە لەئامانجەکان و پرۆژە و ستراتیژی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن کە ئێستا بەپێی قۆناغ لە زۆربەی شارو شوێنەکاندا دەستی پێکردووە و زۆربەی زۆری ئەو جۆرە ڕێگایانە لەژێر ئەنجامدانە و بەرنامە و پلانمان هەیە کە هەموو ڕێگاکانی نێوان شارو شارۆچکەکان بەجووت ساید بکەین دروستکردنی ڕێگای خێرا(ها وای) ئەوەی وەکو لە وڵاتانی تر پیادە دەکرێت کە بەکارهێنانی بەپارەیە، بودجەو خەرجیەکی زۆری دەوێت کە ئێستا ئەولەویەتی کارو پرۆژەی حکومەت نییە کە لەچوارچێوەی ئەو بودجەیەیە کە بەرکەوتی ساڵانەیتی، چونکە پێداویستیەکانمان لەسێکتەرە جیا جیاکان زۆرە، بەڵام بەپێی ئەو ماستەرپلان و پلانەی وەزارەت هەیەتی ئەوە دروستکردنی ئەو جۆرە پرۆژەیە دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو پرۆژانەی کە کەرتی تایبەت بەشێوەی وەبەرهێنان ئەنجامی دەدەن و ئێمە ڕێسا و ڕێکارەکانی بۆ دادەنێین، هەروەها لەکاتێکدا دەتوانرێت ڕێگای خێرا دروست بکرێت، ئەگەر ڕێگای نێوان هەموو شارو شارۆچکەکان بە جووت ساید کرابێت.

## پرۆژەی ڕێگای هەولێر – کۆیە

سەبارەت بەپرۆژەی ڕێگای هەولێر- کۆیە کێشەو گرفتی هاتۆتە پێش و بەڵێندەرەکە لە قۆناغی یەکەم داوای دەرخستەی زیاتری کردووە، وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن وتی:

قۆناغی یەکەمی لەژێر جێبەجێکردندایە و هەر لەم قۆناغەدا کە چەند کۆسپێك هاتۆتە پێش کۆمپانیاکە کە ئەو کۆسپانەش بەپێی مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی گشتییە لە دەرەوەی تێڕوانین و پێشبینی ئێمەو کۆمپانیاکەیە کە ئەمەش گۆڕانکاری هێناوەتە پێش پرۆژەکە و بۆیە کۆسپ و خاوبوونەوەی بۆ پرۆژەکە دروست کردووە و کۆمپانیاکە هەموو توانی خۆی خستۆتەگەڕ، بەڵام توانای زاڵبوون بەسەر کۆسپەکانی نییە و لەسەرداێکی جەنابی جێگری سەرۆکی حکومەت بۆ سەر ئەم پرۆژەیە و باس لەو کێشەو گرفتانەکرا هەر بۆیە بڕیاری دروستکردنی لیژنەیەکی باڵادرا و ئێمە لەلای خۆمانەوە لیژنەیەکی وەزاریمان بۆ ئەو مەبەستە پێکهێناوە و ڕاپۆرتەکەی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەرز دەکەینەوە تاوەکو لەڕێگای لیژنەیەکی باڵاوە بڕیارلە چارەسەری کێشەو کۆسپەکانی ئەو پرۆژەیە بدرێت، بەڵام ئەو کۆسپانە نەبۆتە هۆی ڕاوەستانی کارو پرۆژەکە و ئیشکردن تێیدا بەردەوامە و بەشی دووەم پرۆژەی ڕێگای هەولێر – کۆیە تازە گرێبەستەکەی واژوو کراوە و کۆمپانیاکە لەخۆئامادەکردنە بۆ ئەنجامدانی قۆناغی دووەمی پرۆژەکە و ئێستاکە پرۆژەکە پێش دەستکردنی هیچ کێشە و گرفتێکی نییە و کۆمپانیاکەش داوای گۆڕانکاری نەکردووە.

**خراپی ڕێگاوبانی گوندەکان پێویستی بەچارەسەرکردن و پلانێکی درێژخایەن هەیە**

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی پێویستە ئەوە بزانین ڕێگا دروستکردن زۆر ئاسان نییە بەتایبەتی لە وڵاتێکی وەکو هەرێمی کوردستان کە شاخ و گرد و تەپۆڵکە و بەرزی ونزمی زۆر تێدایە و لە کاتی ئەنجامدانی پرۆژەی ڕێگاوبانە هەندێ کۆسپ و کێشە دێنە پێش کە پێویست بە چارەسەرکردنە، هاوکات هاتنە پێشی تاوەری کارەبا و بەرکەوتنی زەوی هاووڵاتیانیش هەندێ جار دەبنە کۆسپ و هۆکارێك بۆ دواکەوتنی پرۆژەکانی ڕێگاوبان.

## ڕێگای تایبەت بە تانکەرەکانی سوتەمەنی و ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان

لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر و تانکەرەکانی سووتەمەنی ڕووداوەکانی هاتوچۆش زیادیکردووەو کاریگەری خراپی لەسەر ڕێگاوبانەکان هەبووەلەمبارەیەوە گلەیی و بێزارییەکی زۆری خەڵك هەیە، وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن سەبارەت بەم پرسە پێی وابوو ئەو ڕێگایانەی کە دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانییەکانەوە دەکەونە چوارچێوەی کارو چالاکییەکانی وەزارەتەوە، ئەوەی پەیوەندی بەشارەوانییەکانیشەوە هەیە کە ئەو جۆرە ڕێگایانە ڕێگای دەرەوەی پێ دەڵێن و پێویست دەکات

دروست بکرێت و ئیدارەی ناوچەکە هەوڵی بۆ بدات لەگەڵ شارەوانییە و دەتوانرێت لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکانیش بۆ مەبەستی ئەو جۆرە ڕێگایانە قسە بکرێت بەتایبەتی بۆ بودجە تەرخانکردن.

## یەکەکانی نیشتەجێبوون و بڕیاری نوێ

نیشتەجێکردن کە بەیەکێك لەو کەرتە پێوەندارانە دادەنرێت کە پێوەندی بەژیانی هاووڵاتییانەوە هەیەو لەکارو چالاکییەکانی حکومەتی هەرێمیش دەنگۆی ئەوە هەیە ئەم کەرتە لەریزبەندی پێشەوەی کارەکانیان دادەنرێت، چونکە کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەر نەکراوە کە لەگەڵ هاتنی بەلێشاوی هاووڵاتییانی ناوچەکانی ناوەراست و خوارووی عێراق و تەنانەت دووبارە دەرکەوتنی کۆچی پێچەوانە لەقەزاو ناحیەو گوندەکانەوە بۆ ناو سەنتەری شارە گەورەکان کێشەکە ئاڵۆزتر کردووە، هەربۆیە باس لەوە دەکرێت ساڵانە پێویستیمان بە ١٥ هەزار یەکەی نیشتەجێبوونی نوێ هەیە تاوەکو بتوانرێت کاریگەرییەکانی ئەم کێشەیە کەم بکرێتەوە، ئەوەی جێگای نیگەرانی هاووڵاتیانیشە کەرتی تایبەت کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بەهەزارەها دۆنم زەوی دراوەتێ لەبری ئەوەی هۆکارێك بێت بۆ باشترکردنی کوالێتی و دابەزینی نرخ کەچی لەئاستێکی نزم دا کارەکانی ئەنجام داوە بگرە یەکەکانی نیشتەجێبوون بوونەتە هۆکارێك بۆ بازرگانیکردن، سەبارەت بەم پرسە گرنگە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن کرد کە لەم رووەوە وتی: ( چەمکی کێشەی نیشتەجێبوون تەنیا لەوڵاتی ئێمەدا نییە، لەهەموو وڵاتان چەمك و دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بابەتێکی گرنگە، چونکە کۆمەڵگا بەبەردەوامی لە گەشەکردندایە و بەبەردەوامی پێویستی بە یەکەی زیاتری نیشتەجێبوونە و لەساڵانی ڕابردوو حکومەت کەسەیری کێشەی نیشتەجێبوونیان کرد بۆیان دەرکەوت کە چارەسەری ئەم کێشەیە بەتەنیا بەحکومەت ناکرێت و دابەشکردنی زەویش بەتەنیا چارەسەر نییە، بۆیە لەسایەی یاسای وەبەرهێنان پەنا برایە بەر کەرتی تایبەت کە کار لە پڕۆژەی نیشتەجێبوون بکات، ئەو پڕۆژەی نیشتەجێبوونانەی کە بەپێی یاسای وەبەرهێنان و لەرێگای کەرتی تایبەت کراوە ناتوانین بەگشتگیری بڵێین هیچ چارەسەری کێشەو نیشتەجێبوونی نەکردووە، چونکە ژمارەیەکی زۆر یەکەی نیشتەجێبوون دروستکراوەو ئێستا خەڵکی تێدایە، بەڵام پڕۆسەکەش ١٠٠٪بەبێ کەموکوڕی نییە و هەموو پڕۆژەیەکیش بەبێ کێشەو کەموکوری نییە و لەو پڕۆژانەی کراوە هەموو چین و توێژێك سوودی لێوەرگرتووە و لەکاتێکدا کە وەبەرهێن ئەو پڕۆژانەی دروستکردووە ناتوانیت پێی بڵێیت یەکەکان بە هەموو کەسێك مەفرۆشە و تەنیا بە خەڵکی کەمدەرامەت و سنووردار بدە، هاوکات ئەوەی باس دەکرێت کە یەکەکان چەند دەستی کردووەو نرخی زۆر زیادەو بازرگانی پێکراوە، ڕاستە بەڵام وەبەرهێن دەیەوێت بەزووترین کات پارەی خۆی دەستکەوێتەوەو قازانجیش بکات، هەروەها ئەوەی باسی دەکەن کە خەڵکانێ هەیە لەم پڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر یەکەی کڕیووە و بازرگانی پێوە دەکرێت ئەوە ئێمە ناڵێین لە١٠٠٪ وایە و ناڵێین واش نییە، سەرەڕای ئەوانەش سوود لەم پڕۆژانە وەرگیراوە، ئەگەر ئەو پڕۆژانە نەبوونایە ئەوە کێشەی نیشتەجێبوون زۆر زۆر لەمە زیاتر دەبوو، لەم یەکەی نیشتەجێبوونانەش سندوقی نیشتەجێبوون دانراوە و بڕێك لەپارەی یەکەکان لەڕێگای ئەو سندوقەوە بە قستێکی درێژخایەن دەدرێتەوە و لەمەشدا خەڵك بەتایبەتی

> **لەمەودوا ئەو یەکەی نیشتەجێبووانەی بۆ هاووڵاتییانی دەرامەت سنووردار دروست دەکرێت کەس ناتوانێت کڕین و فرۆشتنەوەیان لەسەر بکات**

ئەوانەی داهات سنووردارن سوودمەندبوون، بۆ بەدواداچوون بە کەموکوڕی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون دەستەی وەبەرهێنان ساڵانە بەدواداچوون و ورد بینی لە پڕۆژەکان دەکەنەوە و بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە کە زنجیرەیەك ڕێنمایی دەردەچێت بۆ ئەوەی پڕۆسەی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون ڕێکبخرێتەوە هەر بۆ باشترکردنی کارو پڕۆژەکانی وەبەرهێنان یاسایی وەبەرهێنان پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران کردۆتەوە بەمەبەستی هەموارکردنەوەی یاساکە و لەهەمان کاتدا ڕێنمایەکانی نیشتەجێبوون لەلایەن لیژنەی باڵای وەبەرهێنانەوە هەموار دەکرێتەوەو بڕیاری نوێی پێ دەردەچێتەوە تاوەکو بتوانێت هەموو ئەو کێشەو گرفتەکانی کە لەپێشوودا ڕوویداوە چارەسەر بکات. بێگومان ئەوانەی پێشەکیان نەبووە بیدەن و لە ئەنجامی کڕین و فرۆشتن و دەستبەدەستکردنی یەکەکان ئەوانەی کەمدەرامەت و سنووردارن سوویان لەو پڕۆژانەی نیشتەجێبوون وەرنەگرتووە، گەرچی کەموکوڕی لەو پڕۆژانە هەبووەو حکومەت و دەستەی وەبەرهێنان پێداچوونەوەی بۆ دەکەن و کێشە و کەموکوڕییەکان چارەسەر دەکەن، بەڵام لەبواری نیشتەجێبوونە ئەوەی تایبەت و پەیوەندی بە ئێمەیە ئەوە بەپێی یاسایی ژمارە٧ی ساڵی ٢٠٠٨ە کە لە ٢٠١١هەموارکراوەتەوە کار دەکەین و بۆ ئەو مەبەستەش بەشی یەکەمی پڕۆژەیەکی نیشتەجێبوون لە ساڵی ڕابردوو چۆتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە و ئەمساڵیش بەشی دووەمی ئەو پڕۆژەیە کە ٥٠٠٠یەکەی نیشتەجێبوونە بۆ هەموو هەرێمی کوردستان دەچێتە تەندەرین و جێبەجێ دەکرێت، پڕۆژانەی بەپێی ئەو یاسایە دەکرێن بۆ خەڵکی دەرامەت سنوورداره و چوار مەرجی سەرەکی تێدایە بۆ ئەو کەسانەی لەم پرۆژەی یەکەی نیشتەجێبوونەی حکومەت و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن سوودمەند دەبن. یەکەم: دانیشتووی هەرێمی کوردستان و ئەو ناوچەو شارو شارۆچکەیە بن کە یەکەکەی لێوەردەگرن، دووەم مەرجی: دەبێت ئەو کەسەی یەکەکە وەردەگرێت هیچ سوودمەند نەبێت لە پڕۆژەیەکی نیشتەجێبوون کە لەلایەن حکومەتی هەرێم ئەنجامدرا بێت. سێیەم: ئەو کەسە دەبێت خاوەنی هیچ یەکەیەکی نیشتەجێبوون نەبێت. مەرجی چوارەمیش ئەوەیە کە پێشینەی خانووبەرەی لەحکومەت وەرنەگرتبێت و بەپێی ئەو یاسایە ئەو کەموکوڕی و کێشانەی کە پێشتر لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون هەبووە نامێنێت، هەروەها هەندێ ڕێنمایی و مەرجی تر لە یاساکە هەیە بۆ ئەو کەسەش کە لەم یەکانەی حکومەت و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە سوودمەند دەبێت ئەو مەرجانەش ئەوەیە کە نابێت ئەو یەکانە تا ١٠ساڵ کڕین و فرۆشتنی پێوەبکرێت و بەبێ پێشەکی و قستەکانیش لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە کلیلی یەکەکە وەردەگرێت نەك پێشەکی و قستەکەش درێژخایەنە بۆ ماوەی ٢٥ساڵە، ئەو پڕۆژەیەش ئەوانەی لەساڵی ڕابردوو دەستی پێکردووە ئەوە چاوەڕوان دەکەین لەساڵی ٢٠١٣ەدا تەواو ببن و بەخەڵك بدرێت.

## تەندەری پڕۆژەکان

لەکۆتایدا سەبارەت بەکەموکورتیەکانی بواری بەڵێندەرایەتی و کۆمپانیاکان کامەران ئەحمەد وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن وتی:( هەر کۆمپانیایەکی ناوخۆ یا بیانی چەند توانای بەرزبێت پێش ئەوەی بەشداری تەندرینی پڕۆژەکان بکات هەڵسەنگاندنی کارو ئیشی پێشەکی بۆ دەکەین، دواتر لەتەندەرەکان و کێبڕکێدا بەشدار دەبێت، چونکە مەرج نییە ئەو کۆمپانیا زەبەلاحانەی ئەوروپی یا ئەمریکی لەوڵاتانی خۆیان سەرکەوتوون بەهەمان شێوە کار بکەن و لە لای ئێمەش سەرکەوتوو بن، بۆیە مەرج و ڕێنماییەکان بۆ وەرگرتنی تەندەرە نەك پڕۆژە وردو هەستیارو گرنگەکان.